# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩١٣ | پێنجشەممە، ٣٠ ڕێبەندانی ١٤٠٤ _ ١٩ی فێورییەی ٢٠٢٦

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




پرسیار ئەمەیە بۆچی مافی زمانی بە ئاشکرا دەرنابڕدرێت و نایەتە مەیدانی کردەوە، نە لە جاڕنامەکاندا و نە وڵاتێکی وەکوو ئێران؟ چونکی مافی زمانی تەنیا زمان ناگرێتەوە؛ بەڵکوو هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانیش دەگرێتەوە. واتە، بەشکردنی دەسەڵاتی زمانی و دانی مافی زمانی، هەروەها بە واتای دابەشکردنی دەسەڵاتە. مافی زمان لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە دینامیکی دەسەڵاتەوە هەیە. کەواتە پرسی ڕاستەقینە خودی پەیماننامەکان نین؛ پرسە ڕاستەقینەکە ئەمەیە کە ئایا دەوڵەتەکان ئامادەن دەسەڵات هاوبەش بکەن و قبووڵ بکەن کە مەرج نیە یەک نەتەوە تەنیا یەک زمانی هەبێت؟

لاپەڕە ٦



بەرپرسایەتیی بەشدارییپێکردن و دەرفەتدان بە ژنان لەسەر شانی هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد و بە تایبەتیش لەسەر شانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ژنانی کورد لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا دەیان ساڵە شانبەشانی پیاوان خەبات دەکەن، ئەوان بەشدارییان لە خەباتی بەرگریی چەکداری، خۆپێشاندان و ڕێکخستنە سیاسییەکان کردووە و لە ئەکتەرە دیارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون و لە پاراستنی زمان و ناسنامە، ژینگە و ژیواری کورددا بەشداریی چالاکانەیان کردووە. ئەوانیش بۆ ئازادی نرخیان داوە و لە زۆر بواریشدا نرخی ئەو ئازادییە لەسەر ژنان گرانتر کەوتووە.

لاپەڕە ٥

## لە گرنگترین ئەرکەکانی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان:

# پێویستیی پەلەکردنە لە یەکگری و پێکهێنانی ڕێبەرییەکی کارا و بەکۆمەڵ

## خالید عەزیزی: دەبێ ئاستێکی دیکە لە یەکگریمان دەربخەین

کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەوی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٤ لە کۆبوونەوەیەکی سیاسیدا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی "ئێکس" ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێران و کوردستانی خستەڕوو و لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وەڵامی پرسیار و سەرنجی بەشدارانی دایەوە.

کاک خالید عەزیزی لە سەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی بە چوار فاکتەر کرد کە لە دیاریکردنی ئێرانی داهاتوودا دەوری سەرەکی دەبینن، ئەو چوار فاکتەرەش تواناکانی کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرکوت؛ خەڵک و بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات؛ هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانی و دەوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل؛ و دوا فاکتەریش ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و بابەتی ئاڵترناتڤی ئەم ڕێژیمەیە. وتەبێژی حیزبی دێموکرات دوای شیکردنەوەی ئەو چوار فاکتەرە باسی لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات کرد و ڕایگەیاند حیزبی دێموکرات هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە ئەوە خەڵکی ئێرانن کە دەبێ چارەنووسی ئەم ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە و ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بن کێ لێی دەدا و کەی لێی دەدات؟ مەسەلە ئەوەیە هەم لە کوردستان و هەم لە بەشەکانی دیکەی ئێران دەبێ لەو قۆناغە تێپەڕین و سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر کۆماری ئیسلامی کاتێک دێتە دی کە ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی خەباتە مەیدانییەکەدا بێت.

بەڕێزیان لەبارەی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەپێی سیاسەتێک کە هەمانە دوژمنایەتی هیچ لایەنێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەری ئەم ڕێژیمە ناکەین. ئێمە ڕوانگە و جیاوازیی بۆچوون و سیاسەتی خۆمان هەیە و داکۆکی لە ماف و سیاسەتەکانی خۆمان دەکەین. بابەتی سەرەکی و ستراتیژی ئەوەیە کە لە هەر بارودۆخێکدا ئێمە وەک کورد، و ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دەبێ مافتەوەر بین و لە ئێرانی داهاتوودا بە دوای ماف و داواکانی خۆماندا بڕۆین.

کاک خالید عەزیزی پێوەندیدار بە هاوخەباتیی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: ستراتیژیی ئێمە فدرالیزمە و بەدیهاتنی گرێدراوی ئیرادە و هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی ئێرانە. بۆیە ئێمە پێویستیمان بە تەعامول لەگەڵ کۆمەڵگەی تورک و فارسەکانیش هەیە و دەبێ ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە کورد و تورکەوە هاندەری ئەوە بن و ئەو لێکتێگەیشتن و ئامانجە هاوبەشە دروست بکەن. بۆیە پێداگری لەسەر پێویستیی هاوخەباتی و یەکڕیزی هەم لەنێو هێزە سیاسییەکانی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، هەم لە ئاستی سەرانسەریدا دەکەمەوە.

[پوختەی قسەکانی وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە لاپەڕەی ٣دا داندراوە.]



## بۆچی یەکڕیزی و یەکیەتیی بەکردوەی ئۆپۆزیسیۆنی دژی کۆماری ئیسلامی گرینگە؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران چ لەڕووی پێگەی نێودەڵەتی و چ لەڕووی دۆخی نێوخۆیی لە پڕقەیرانترین و لاوازترین ڕۆژەکانی مێژووی خۆیدایە. بەڵام مەرجی سەرەکیی ڕووخانی ئەم ڕێژیمە ئالترناتیڤ و جێگرەوەیەتی. ئەمەش بەرپرسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چەند قات دەکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەتا ئێستاش ناکۆکی و کەلێنی نێو ئۆپۆزیسیۆنی لە بەرژەوەندیی خۆی قۆستۆتەوە. لەڕاستیدا هۆکاری مانەوەی هەتا ئێستاشی هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. هەتا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئۆپۆزیسیۆن پەرشوبڵاو بن، تێچووی سەرکوتی ئەوان بۆ ڕێژیم کەمتر و تێچووی خەبات و خۆڕاگرییش بۆ خەڵک زیاتر و قورستر دەبێت.

لە ئێران مانگرتن، نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان دژی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە دە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان بووە، بەڵام ئەم نارەزایەتییانە کاتێک دەتوانن شوێندانەری و کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان هەبێ کە ئامانجدار و یەکگرتوو و گشتگیر بن؛ ئەمەش ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو دەتوانێ ڕێکی بخات و بەڕێوەی ببات. لەوەدا کە ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بڵاون شک نییە، بەڵام بێگومان لانیکەمی هاوبەشییەکان کەم نین کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەتوانن لەسەریان پێکنەیەن. لەگەڵ ئەوەشدا متمانەی خەڵک بە ئۆپۆزیسیۆن وەک سەرمایەی سەرەکیی گۆڕانکارییەکان چەند قات زیاد دەکات. بێگومان یەکیەتیی بەکردەوە بە مانای سڕینەوەی جیاوازییەکان نییە، بەڵکوو پێکهاتن لەسەر هاوبەشییەکان و گوڕوتین بەخشین بە نارەزایەتی و خۆپێشاندان بۆ ئامانجە هەرە گرینگەکەیە.

تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، کۆتاییهێنان بە سیکلی دیکتاتۆڕی لە ئێران، دێموکراسی، دابینبوونی مافی نەتەوەکان، بەرابەری، سێکۆلاریزم دەتوانن ئەو لانیکەمە هاوبەشە بن کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەریان کۆک بن. ئەو پرەنسیپانە هاوکات دەتوانن شەرعییەتی نێودەوڵەتی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دەستەبەر بکەن و پرۆسەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خێراتر بکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەش بە حاڵی خۆی ئەم بەرپرسایەتییە لەسەر شانی خۆی هەست پێ دەکا، بۆیە ڕایگەیاندوە کە یەک لە گرنگترین ئەرکەکانی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران پەلەکردن لە پێکهاتنی ڕێبەرییەکی بەکۆمەڵە کە لە قۆناغی وەلانانی ئەو ڕێژیمەدا نوێنەرایەتیی هێز و لایەنە سیاسییەکان و جۆراوجۆریی پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران بکا. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە بەرەوژوور بردنی دیالۆگ و هاوکاری هەتا گەیشتن بە هاوپەیمانییەکی کوردستانی، بە ئەرکی خێرای خۆمان و حیزب و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانین و بە جیددیش کاری بۆ دەکەین. هاوکات بانگەواز بۆ ئەوە دەکەین ڕێکخراو، لایەن و کەسایەتییە خەباتگێڕ و ئازادیخوازەکانی ئێران، بە تایبەتی ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی سەر بە نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە تێگەیشتن لە هەستیاربوونی هەلومەرجی ئێستا، لە دەوری بەرنامە و ئامانجی هاوبەش یەک بگرن بۆ ئەوەی بە یەکەوە بتوانین پێویستییەکانی پەڕینەوە لەم قۆناغە، خێراتر ئامادە بکەین.


**کوردستان، قەڵغان و قەڵای ئازادی**
عەلی بداغی
٤

**زمانی دایک وەک شوناس و چەکی بەرگری**
سەربەست ئورمیە
٤

**ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار لە ناسنامەوە بۆ ئازادی!**
هەیاس کاردۆ
٧

**پێویستیی فیدراڵیزمی دێموکراتیک و دادپەروەری**
ڕەحیم نزهەتزادە
١٠

**ئاهەنگی سەرکەوتن بە کاتی داڕمان!**
ڕەزا دانشجوو
١٠

## حیزبی دێموکرات:

# نابێ ڕێگا بدەین دیکتاتۆرییەک جێگای دیکتاتۆرییەکی دیکە بگرێتەوە



خەڵکی خەباتکاری کوردستان!
گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران!
هاونیشتمانیانی ئازادیخواز !

٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ، ٤٧ ساڵ بە سەر ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا ڕادەبرێ.

مخابن هەر لە سەرەتاوە دەسکەوتەکانی شۆڕش بەلاڕێدا بڕا و بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران قۆناغێکی دیکە لە دیکتاتۆری لەو وڵاتە دەستی پێ کردەوە و ئەو ڕێژیمە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە، دەری خست کە لەگەڵ زۆربەی ئەو ئامانجانەی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازانی ئێران دەیان ساڵ بوو خەباتیان بۆ دەکرد، نامۆ و ناتەبایە.

نەتەوە بندەستەکانی ئێران، لە پێشەوەی هەمووان نەتەوەی کورد چاوەڕوان بوون بە نەمانی ڕێژیمی پاشایەتی، یەکسانسازیی نەتەوەیی و ستەم و هەڵاواردنی زمانی، ئایینی و کولتووری کۆتایی پێ بێت؛ بەڵام وەڵامی کۆماری ئیسلامی فیتوای جیهاد و سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان و پەراوێزخستنی لە هەر چەشنە پەرەسەندێکی سیاسی و ئابووری بوو. حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە ئازادیخوازەکان بە هیوا بوون بە ڕووخانی ڕێژیمی پەهلەوی، دێموکراسی، ئازادیی چاپەمەنی و بیروڕا، ئازادیی پێکهاتنی حیزب و ڕێکخراوەکان و تێکۆشانی سیاسی بێتە کایەوە و هەروەها هەلومەرجێکی باشتری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەیاندا بێتە ئاراوە. بەڵام نەک هەر ئەو هیوا و چاوەڕوانییانەش وەدی نەهاتن، بەڵکوو سەردەمێکی نوێ لە دیکتاتۆری و ستەم و هەڵاواردن و سەرکوت لە ئێراندا دەستی پێ کرد.

دیکتاتۆریی ویلایەت فەقیهی لە ماوەی ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیدا، ئەوەی بەسەر ئێران و خەڵکی ئەو وڵاتەی هێناوە، شتێک نەبووە جگە لە زاڵکردنی کۆنەپەرستی و بێ مافی، بێبەشکردنی نەتەوەکانی ئێران لە سەرەتاییترین مافەکانیان، بەندکردن، ئەشکەنجە، ئێعدام و کوشتنی هاونیشتمانان؛ پەرەپێدانی تیرۆریزم و ئاژاوەگێڕی لە ناوچە و جیهان؛ بەدیاریهێنانی شەڕ وماڵوێرانی، سەپاندنی گەمارۆی ئابووری، گرانی، نەبوونی و قاتی و قڕی بەسەر خەڵکی ئێراندا؛ گەندەڵیی سەرسوڕهێنەر و بەفیڕۆدانی سامانی وڵات لە پێناوی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی و تەیار کردنی گرووپە تێرۆریستییەکان، تێکدانی ژینگە و لەنێوبردنی سەرچاوە ژێرزەوییەکان؛ داماڵینی پەروەردە و ناوەندە زانستییەکان لە زانست و بایەخە مودێرنەکان، دەرپەڕاندنی مێشکەکان و ناچارکردنی چەند میلیۆن خەڵکی ئێران بە کۆچ و ئاوارەیی و کوشتنی هیوا بە ژیان بە تایبەتی لەو نەسلانەدا کە لە سێبەری ئەو ڕێژیمەدا پەروەردە بوون و هتد.

خەڵکی ئێران هەر لەم دەساڵەی دواییدا بە بەردەوامی لە ڕێگەی مانگرتنی بەرین و بە خۆپێشاندانی جەماوەریی جارلەجار گەورەتر، ویست و بڕیاری خۆیان بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە ڕاگەیاندووە و هەر لە بەفرانباری ئەمساڵدا لە سەدان شاری ئێران گەورەترین خۆپێشاندان بەڕێوە چوون. بەڵام دەسەلاتدارانی وڵات کە لە درێژەکێشان و هەرچی بەرینتربوونەوەی ئەم خۆپێشاندانە جەماوەرییانەدا مەترسیی ڕووخانی ڕێژیمەکەیان ڕێ نیشتبوو، بە فەرمانی خامنەیی دیکتاتۆر، بێ وێنەترین کوشتاری خەڵکیان لە مێژووی ئێران و ناوچەدا تۆمار کرد. بەمجۆرە لە سەرکوتی خوێناویی خۆپێشاندانەکاندا بە دەیان هەزار خەڵک گیانیان لێ ئەستێندرا، بریندار و دەسبەسەر کران.

ئێستا لە هەلومەرجێکدا یادی ٤٧ ساڵەی شۆڕش دەکەینەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە شەرعیەتی سیاسی و قانوونی و خەڵکیی خۆی لە دەست داوە. ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی وڵاتدا تەنیا بە کۆمەڵکوژی و بەڕێخستنی جۆگەلەی خوێن، بە کوشتنی خۆپێشاندەران و ناڕازییانی بریندار و دەستبەسەرکراو لە ژێر ئەشکەنجەدا، بە پێکهێنانی حکوومەتی نیزامی لە شارەکان، توانیویەتی تەمەنی خۆی بۆ ماوەیەکی کورت درێژ بکاتەوە. لەم هەلومەرجە مێژووییەدا کە خەڵکی ئێران لێبڕاون کۆتایی بە تەمەنی دیکتاتۆریی ویلایەت فەقیهی بێنن، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یادی ٤٧ ساڵەی شۆڕشی ڕێبەندان بە دەرفەت دەزانێت بۆ ئەوەی ڕابگەیەنێت:

**یەکەم**، نابێ ڕێگا بدەین جارێکی تر، ئەزموونی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران دووپات بێتەوە و دیکتاتۆرییەک جێگای دیکتاتۆرییەکی تر بگرێتەوە. هەڵەیەک کە زۆرایەتیی خەڵکی ئێران و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئەو کات لە ئەنجامی متمانەکردن بە خومەینی و بوار ڕەخساندن بۆ سەرکەوتنی ئەو و هاوبیرەکانی کردیان، ٤٧ ساڵە بە دانی گیان و خوێنی ڕۆڵەکانیان و وێرانبوونی وڵاتەکەیان باجەکەی دەدەن. تاوانێکی نەبەخشراو دەبێت ئەگەر جارێکی دیکە ڕێگا بدرێت هەر کەسایەتییەک و ئایدۆلۆژیایەکی پاوانخواز، دەست بەسەر بەرهەمی دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانی ڕۆڵە خەباتکار و ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی ئێراندا بگرێت. ئێرانی داهاتوو، دەبێ ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک بێت؛ ئێرانێک کە لەودا فرەیی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی؛ ئێرانی یەکسانیی ژن و پیاو بەڕەسمی بناسرێت و بە دوور لە ستەم و سەرکوت و هەڵاواردن بێت.

**دووهەم**، یەک لە گرنگترین ئەرکەکانی خەڵک و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران پەلەکردن لە پێکهاتنی ڕێبەرییەکی بەکۆمەڵە کە لە قۆناغی وەلانانی ئەو ڕێژیمەدا نوێنەرایەتیی هێز و لایەنە سیاسییەکان و جۆراوجۆریی پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران بکا. لەم ڕوانگەیەوە ئێمە بەرەوژوور بردنی دیالۆگ و هاوکاری هەتا گەیشتن بە هاوپەیمانییەکی کوردستانی، بە ئەرکی خێرای خۆمان و حیزب و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانین و بە جیددیش کاری بۆ دەکەین. هاوکات بانگەواز بۆ ئەوە دەکەین ڕێکخراو، لایەن و کەسایەتییە خەباتگێڕ و ئازادیخوازەکانی ئێران، بە تایبەتی ڕێکخراو و کەسایەتییەکانی سەر بە نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە تێگەیشتن لە هەستیاربوونی هەلومەرجی ئێستا، لە دەوری بەرنامە و ئامانجی هاوبەش یەک بگرن بۆ ئەوەی بە یەکەوە بتوانین پێویستییەکانی پەڕینەوە لەم قۆناغە، خێراتر ئامادە بکەین.

**سێهەم**، دوای چەندین جار سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی خەڵکی ناڕازایی ئێران بە تایبەتی کوشتاری چەندین هەزار کەسیی خۆپێشاندەران لە بەفرانباری ڕابردوودا، ئەم ڕاستییە بەباشی دەرکەوتووە کە، ڕاستە گۆڕانکاریی بنەڕەتی و ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە هەر لە ڕێگای خودی خەڵکی ئێرانەوە مسۆگەر دەبێ، بەڵام لەو پێناوەدا پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە شۆڕشی خەڵکی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە ڕێژیمی دیکتاتۆر و مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی وەکوو پێویستییەک خۆی دەنوێنێ.

لەم بۆنەیەدا بە ڕێزەوە یادی هاوخەباتی و یەکگرتوویی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی دژ بە دیکتاتۆریی پەهلەویدا دەکەینەوە؛ هەروەها بۆ شەهیدانی ٤٧ ساڵ خەبات و خۆڕاگری دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و سەرانسەری ئێران، بە تایبەتی دەیان هەزار شەهیدی ئەم دواییە، سەری ڕێز دادەنوێنین. بەو هیوایەی بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران، کۆتایی بە تەمەنی دیکتاتۆری بێنین و گیانی شەهیدەکانمان بە وەدیهێنانی ئامانجەکانیان شاد بکەین.

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٤٠٤**

# تەنیا بە گۆڕینی ئەم ڕێژیمە بۆ حکوومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلارە ئەمنییەت و سەقامگیری لەم وڵاتەدا دێتە دی



**(ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی چلەی شەهیدانی ڕاپەڕینی بەفرانباری ئەمساڵ)**

**خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان!**
**گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران!**
**کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!**

چل ڕۆژ بەسەر سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی مانگی بەفرانبار بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێدەپەڕێ. ئێمە لە کاتێکدا یادی شەهیدانی ئەو ڕاپەڕینە دەکەینەوە کە ژمارەی شەهیدان و برینداران و دەسبەسەرکراوانی خەڵکی ڕاپەڕیو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕوی لە زیاد بوونە و لەبەر پچڕانی ئینترنێت و دۆخی تەواو ئەمنیەتیی ئێران، هەتا ئێستاش ئامارێکی دەقیق کە بێگومان خۆی لە دەیان هەزار کەس دەدا، لە بەردەستدا نییە.

لەم نێوەدا، ڕاپەڕینی شارەکانی ئیلام، کرماشان و مەڵەکشای و شەهیدبوونی دەیان هاونیشتمانیمان لەو ناوچانە و شارەکانی دیکەی ئێران و، دواتر مانگرتنە سەرکەوتووانەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا دژکردەوەیەکی کاتی نەبوو، بەڵکوو نیشانەی بلوغێکی سیاسی، گەشەی بیری نەتەوەیی و خاوەندارەتیی کوردستانیان لەو بەشەی نیشتمان بوو. ئەو ڕووداوانە سەلماندیان کە خەڵکی کوردستان بەرهەمهێنەری فۆرمێکی تایبەت لە بەرخۆدان و خۆڕاگرین و پانتایی گشتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەیدانی هاوخەباتی و یەکڕیزیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانە. لایەنی سیمبۆلیک و سیاسیی ئەم یەکگرتووییە، ئاماژەیەک بوو بۆ "مانیفێستی هێز" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەمان کاتدا پێشاندانەوەی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی خەڵکی کوردستان.

لە کاتێکدا چل ڕۆژ بە سەر ڕەشەکوژی و کوشتاری ڕۆڵە چاونەترسەکانی نەتەوەی کورد لە ئیلام و مەڵەکشای و کرماشان تێپەڕ دەبێت، ڕێز لە ناو و یادی ئەم شەهیدانە دەگرین و، پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە تا وەدیهاتنی خۆری ڕزگاری لە وڵاتەکەمان و گەیشتنی خەڵکی کوردستان بە مافە نەتەوەییەکانیان درێژە بەو ڕێبازە پیرۆزە دەدەین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو بە میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گرتنەبەری سیاسەتی "لەگەشەخستن"، "بەکەمینەکردن" و "بەئەمنییەتیکردن"، هەوڵی داوە کوردستان بکاتە جوغرافیایەکی پەراوێزخراو، لێکدابڕاو و پەرتەوازە و دوور لە ناسنامە و شوناسە نەتەوەییەکانی. هەر بۆیە، جەخت و پێداگریی بەردەوامی ئێمە لەسەر ڕووخانی ڕێژیم و گۆڕینی بنەڕەتیی پێکهاتەی دەسەڵاتەکەیە. لەم ڕوانگەوە، پشتیگیریکردنی پرسی دێموکراسی و نەتەوەیی لە ئێرانی فرەنەتەوەدا، هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆ و تەوژمە ئەمنییەتی و سەرکوتکارانەیەی کە لە ناوەندەوە بە بیانووی "ئاسایشی نیشتمانی" بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا سەپێندراوە.

ڕاستە کە خەبات و خۆڕاگریی پڕتێچووی نەتەوەکانی ئێران بۆ ڕزگاری دژی کۆماری ئیسلامی هەر بەردەوامە، بەڵام لە تەنیشت ئەو بەردەوامییە پشتیگریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران زەروورەتێکی مێژووییە. زەوتکردنی مافی نەتەوەیی و پێشێلکردنی کەرامەتی تاک و کۆی نەتەوەکان لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە، هاوکات بەردەوامبوونی لە سەرکوتی خوێناوی و بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانای خۆی لەم بارەوە، هەلومەرج و هاوکێشەیەکی ئاڵۆزە کە تێیدا چارەنووسی دەیان میلیۆن کەسی بە بارمتە گرتووە. بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر ئاوڕ لەم دۆخە بداتەوە و لە ئاست چەوسانەوەی نەتەوەیی و زەبروزەنگی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەکارهێنانی هێزی سەرکوت بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەکانی دیکە پتر لەسەر هەست بن و هەڵوێستیان هەبێ هەتا لەو سۆنگەیەوە تێچووی سەر گیان و ماڵی خەڵکی ڕاپەڕیو کەم بکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێ لەسەر ئەوە دادەگرێتەوە کە تەنیا بە گۆڕینی ئەم ڕێژیمە بۆ حکوومەتێکی دێموکراتیک و سێکۆلار و دانانی بە ئیرادە و مافی نەتەوەیی و سیاسیی پێکهاتە نەتەوەییەکانی سەر جوغرافیای ئێرانە کە ئەمنییەت و سەقامگیری لەم وڵاتەدا دێتە دی.

جارێکی دیکە لە چلەی شەهیدانی مانگی بەفرانباردا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە، بەتایبەت هاونیشتمانیانی ئازیزمان لە کرماشان، ئیلام، مەڵەکشای و ناوچەکانی خوارەوەی کوردستان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٤**

## خالید عەزیزی:

# دەبێ ڕیزەکانمان پتەوتر و ئاستێکی دیکە لە یەکگریمان دەربخەین



**ئاماژە: ڕاگەیاندنی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکرات شەوی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٤ کۆبوونەوەیەکی سیاسیی بۆ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی "ئێکس" پێکهێنا. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەدا ڕوانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێران و کوردستانی خستەڕوو و لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا وەڵامی پرسیار و سەرنجی بەشدارانی دایەوە. "کوردستان" کاکڵی بەشی سەرەکیی باسە سیاسییەکەی کاک خالید عەزیزی لەو کۆبوونەوەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.**

### کرۆکیی باس:

بۆ باس لەسەر دۆخی ئێستای ئێران پێویستە خوێندنەوە بۆ چوار فاکتەر بکەین، فاکتەری یەکەم کۆماری ئیسلامی و نیزامی سەرکوت، و لە سەروو هەمووانەوە خامنەیییە. فاکتەری دووهەم خەڵک و بزووتنەوە ناڕەزایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی نێوخۆی وڵاتە. فاکتەری سێهەم لە سۆنگەی دۆخی ململانێی خەڵک و دەسەڵات و سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی، هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانییە و لە سەروو هەمووانەوە سیاسەت و بڕیارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسڕائیل. چوارەم فاکتەریش ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و بابەتی ئاڵترناتیڤی ئەم ڕێژیمەیە کە بەردەوام چاوی لەسەرە و قسەی لێ دەکرێت. ئەو چوار فاکتەرە ڕەهەندە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی هاوکێشەکانی ئێستای ئێران دەردەخەن و ئێمەش وەک کورد فاکتەرێکی دیکەش دەخەینە سەر هاوکێشەکان، چ لە ئێستا و چ لە داهاتووی دوای نەمانی کۆماری ئیسلامیدا.

### فاکتەری یەکەم، کۆماری ئیسلامی

ئەگەر هەر لە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ئەمساڵەوە دەست پێ بکەین، ئەم ڕاپەڕینە درێژەی ڕەوتی نارڕزایەتییەکی دەیان ساڵە دژی کۆماری ئیسلامییە کە دەتوانم بڵێم لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق لە ئاستی سەراسەریدا چەخماغەکەی لێ دراوە و ساڵ بە ساڵ زیاتر و جار بە جاریش بەرینتر دەبێتەوە. ئەم ناڕەزایەتییانە کاردانەوە بە ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی، گەندەڵیی سیستماتیکی ڕێژیم، سیاسەتی دەستێوەردانی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە لەو سۆنگەیەوە خەڵکی نێوخۆی وڵاتی تووشی نەهامەتی و نەگبەتی کردووە و هەروەها بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە هەڵاواردن و سەرکوتی ماف و ئازادییەکانیان بووە. بەڵام ئەوەی ڕاپەڕینی ئەمجارەی تایبەت کردووە ئەوەیە کە لە دۆخی دوای بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)دا کڵپەی ئەستاندووە و ئەزموون و ئیلهامدەرییەکانی بزووتنەوەی ژینای لە پشتە. بۆیە دەتوانین بڵێین خاڵی بەهێزی ڕاپەڕینی بەفرانبار ئیلهامدەریی کوردستان و پاشخانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە کوردستانە کە لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوتووە، کۆمەڵگەی سیاسیی خۆی ڕێکخستووە، کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی تێدا نەهادینە بووە، خەباتێکی سەخت و خوێناویی دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بردووە و هەر بەو هۆیەش تێچوو و قوربانییەکی گەلێک زۆریشی بەختی ئازادی و ڕزگاری کردووە.

نەتەوەکان و خەڵکی ئێران بە گشتی خەباتێکی خوێناوی و دوور و درێژیان دژی کۆماری ئیسلامی کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆیەتی. ڕاستە ئەم دەسەڵاتە لە زۆر بواردا پرسیاری گەورەی لەسەرە، داهاتووی ناڕوونە، مەشرووعیەتی جارانی نەماوە و دەکرێ بڵێم کۆماری ئیسلامی ناگەڕێتەوە دوو مانگ پێش ڕاپەڕینی ئەم دواییانە. ئەمڕۆکە پێوەندیدار بە داهاتووی ئێران کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت سیاسەت و بەرنامەکانی دوو وڵاتی ئەمریکا و ئیسرائیل دەوری سەرەکی دەبینن.

### ئێران لە هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا

تەوەری سەرەکیی سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی دروستکردنی هەیمەنەیەک لە خۆی لە ناوچە لە ڕێگەی دەستێوەردانی دەرەکی، پێکهێنانی هێزی نیابەتی بۆ قەیرانخوڵقێنی، تێرۆریزمی دەوڵەتی، پەرەدان بە دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژی وەک مووشەک و بۆمبی ئەتومی بووە. بەڵام دوای شەڕی ١٢ ڕۆژە هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی لە بواری ئەمنییەتی و نیزامی تێکڕووخا. ئەم ڕێژیمە کە بە تەڕاتێنەکانی ئەسپی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تاو دەدا و تا ڕادەیەکی زۆر ببووە ملۆزم بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، ئێستا ئەو پێگەیەی نەماوە و ئەو مەشرووعییەتەی لە نێوخۆی وڵاتدا بە زەبروزەنگ و سەرکوت و کوشتوبڕ و لە دەرەوەی بە دەستێوەردان و مووشەکهاوێژی لە خۆی دروستی کردبوو، نەک نەما بگرە تووشی زەلالەت و زەبوونی بوو. بەڵام ئەوە هێشتا بە مانای کۆتایی کار نییە. کۆماری ئیسلامی بەهۆی سیاسەتە مووشەکی و ئەتومییەکانی و بەتایبەت ئەو مەترسییەی لەسەر ئەمنییەتی ئیسڕائیلی دروست کردووە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕیوە، چونکی کاتێک بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ستەمی وڵاتەکەی دەکوژێ، ئەگەر بۆمبی ئەتومی هەبێ دوور نییە دژی ئیسڕائیل و نەیارەکانی دیکەی دەکاری بکا. بۆیە سیاسەتی هەتا ئێستای ئەمریکا و ئیسڕائیل سنووردارکردنی توانا نیزامی و تێکدەرییەکانی کۆماری ئیسلامییە.

سیاسەتی پێشووی ئەمریکا بەتایبەت سەردەمی ئۆباما بایەخدان بە تاران وەک ناوەندی ئیسلامی شیعە، کۆنتڕۆڵکردنی ئێران و گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی لە نەیارێکی سیاسی بە هاوبەشی سیاسی و ئابووری بوو. ئێرانیش لە چەند دەیەی ڕابردوودا زۆر زیرەکانە توانی لەو بوارەدا جار بە دانوستان و جار بە هەڕەشە و جار بە هاوکاریی سنووردار لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم سیاسەتی مووشەکی و ئەتومیی خۆی بباتە پێشێ. بەڵام دکتۆرینی ترەمپ پێچەوانەی ئۆباما و تەنانەت بایدەن دژایەتی لەگەڵ تاران و بایەخدان بە جیهانی سوونەیە. ئەوە بوو ستراتیژیی "پەیمانی ئیبراهیم"ی هێنایە گۆڕێ و وەبەرهێنانەکانی خۆی لە ناوچە لە بەرەی جیهانی سوونەدا لە تورکیە هەتا عەرەبستان، قەتەر و وڵاتانی دیکەی کەنداو پەرە پێدا و تەنانەت تەنانەت ئامادە بووە لەگەڵ سەرۆککۆماری ئێستای سووریە کە سەردەمانێک بۆ خۆیان بە تیرۆریستیان دانابوو پێک بێ و ئێستا لە دەمیشق هەوڵی بەهێزکردنی ئەحمەد ئەلشەرع و دەسەڵاتە ناوەندگەراکەی دەدەن. ئەوەش بە مەبەستی کەمکردنەوەی کێشە بۆ ئەمریکا و دروستکردنی کێشە بۆ ئێران دەکرێ. بەڵام ئایا ئەو دکتۆرینە دەڕواتە پێشێ؟ بە باوەڕی من ئەو ئارایشە نیزامییەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا کردوویەتی پاڵنەری بردنەپێشی ئەو سیاسەتە بۆ دەستەبەری بەرژەوەندییە درێژخانەیەکانی خۆیەتی.

### نەبوونی ئاڵترناتیڤ، پاشنەئاشیلی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی

لە ئێستادا لە زۆر لاوە گریمانە و هیواکان لەسەر ئەوە هەڵچندراوە ئێران نەرمی نەنوێنێ، لەگەڵ ئەمریکا نەسازێ و ئەمریکا ناچار بێ بە هێرش و زەبری نیزامی بەرنامەکانی بباتە پێشێ. ئەمەش پاشخانێکی دوورودرێژی هەیە و سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاستەکانی جۆرج بووشەکان و ئەو کاتەی کە جۆرج بووشی کوڕ کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە سێکوچکەکانی "میحوەری شەڕارەت" دانا. لە لاوازی و ئامادە نەبوونی لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی ئەلتەرناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامییش ئەو باس و بابەتە بە هەوراز و نشێوی زۆرەوە هەتا ئێستا هاتووە و ئێستا لە هەموو کاتێک بەهێزتر دەنوێنێ. بەڵام ئەمن لاموایە پرسە سیاسییە نێوخۆییەکانی ئەمریکا و ئیسڕائیل وەک هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا لە نۆڤامبر و دەوڵەت لە ئیسڕائیل لە ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتەدا کاریگەریی زۆریان هەیە و هەم ترامپ و هەم نەتانیاهوو پێویستییان بە سەرکەوتنە و بابەتی شەڕ و ململانێ لەگەڵ ئێران دەتوانێ وەک کارتێک بە دەستی ترامپ و نەتانیاهووەوە بێت. هەروەها دوای ڕاپەڕینەکانی ئەمدواییانە و ئەو کارەساتەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات خوڵقاندوویەتی، پرسی گۆڕینی ئەم ڕێژیمە زیاتر بایەخی دەدرێتی، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمریکا و ئیسڕائیل بە پارێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە دەکەن.

ئەمریکا و ئیسڕائیل بۆیان پرسیارە بێتوو کۆماری ئیسلامی بڕووخێ ئەدی کێ ئیدارەی دەکا و کێ لە تاران بەردەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و لێرەدا نەبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی زۆر بە قازانجی کۆماری ئیسلامی شکاوەتەوە. بۆیە لێدانی ئامانجدار و سنووورداری کۆماری ئیسلامی بێتوو هەستانەوە و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بۆ ڕووخانی ڕێژیمی لێ نەکەوێتەوە، دەبێتەوە هۆکار بۆ هێنانەوەی زەبوونانەتری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر مێزی وتووێژ. بەڵام ئەگەر لێدانەکە خرۆشانی خەڵک و ڕاپەڕینی سەرانسەریی لێ بکەوێتەوە، هاوکێشەکە دەگۆڕدرێ. سەیریش نییە ئەمریکا هەمان سیناریۆی ڤێنیزۆلا لە ئێرانیش دووپات بکاتەوە و بە گەمارۆی نیزامی و گوشینی شادەماری ئابووریی ئێران کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بێنێ و لە نێوخۆی وڵاتیش بوار بۆ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان دژی ڕێژیم خۆش بکات.

### کورد و ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی کۆماری ئیسلامی

حیزبی دێموکرات هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووە ئەوە خەڵکی ئێرانن کە دەبێ چارەنووسی ئەم ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە و ناکرێ خەڵک چاوەڕوانی ئەوە بن کێ لێی دەدا و کەی لێی دەدات؟ مەسەلە ئەوەیە هەم لە کوردستان و هەم لە بەشەکانی دیکەی ئێران دەبێ لەو قۆناغە تێپەڕین کە هەر ئۆپۆزیسیۆن بین و هەموو شتێک ببێتە مانگرتن و خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی جارجارە. ڕاستە کۆماری ئیسلامی لەلای زۆرینەی زۆری خەڵکی ئێران مەشرووعییەتی نییە، بەڵام ئەم ڕێژیمە ئێستاش خەڵکی خۆی و هێزی سەرکوتی وەفادار و پارەی زۆر بۆ ڕاگرتنی هێزەکانی و ئیرادەی سەرکوتیشی بە بەهێزیی جاران هەیە. هێزەکانی لایەنگری ڕێژیمیش تەنیا کاتێک هەڵدەوەرن کە هیوایان نەمێنێ و ئەوەش کاتێک ڕوو دەدا کە ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی خەباتە مەیدانییەکەدا بێت.

لەبارەی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات بەپێی سیاسەتێک کە هەمانە دوژمنایەتی هیچ لایەنێکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەری ئەم ڕێژیمە ناکەین. ڕاستە ڕوانگە و جیاوازیی بۆچوون و سیاسەتی خۆمان هەیە و داکۆکی لە ماف و سیاسەتەکانی خۆمان دەکەین، بەڵام نامانەوێ بچینە نێو ئەو شەڕ و ئاڵۆزی و ناکۆکییەی لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی ڕێژیمدا هەیە کە سەری لە خەڵک و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش شێواندووە؛ چونکی قازانجی سەرەکی لەو دۆخە هەر دەچێتە گیرفانی کۆماری ئیسلامییەوە.

ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لەو پەیوەندییەدا هەوڵمان داوە و لەگەڵ زۆر لایەن دانیشتووین، بەڵام هەتا ئێستا دەسکەوتێکی ئەوتۆمان نەبووە. بەڵام ئێستا کە خەڵک بە تایبەت لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی سەرانسەریی ئێرانیشدا مەرگ بۆ دیکتاتۆر و دروشمی پێکهاتەشکێنی دژی خامنەیی و کۆماری ئیسلامیی بەرز کردووەتەوە، دەرفەتێکی سیاسیی گەورە پێکهاتووە کە بێتوو ئاڵترناتیڤێکی گەورە خۆی پیشان نەدا، ئەم دەرفەتەش لەبار دەچێ و لەو سۆنگەیەوە تەمەنی ڕێژیمی پێ درێژتر دەبێتەوە. بۆیە ئێمەش دەبێ لە هەوڵەکانمان بەردەوام بین.

### ئەرکەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد

لەو ڕاپەڕینەدا خەڵکی کوردستان لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان شەهید و بریندارێ زۆری دا، لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان مانگرتنی سەرانسەری ڕاگەیەندرا، سەرکوتی خەڵک و سیاسەتی کوشتوبڕ و گرتن و زیندانیکردن توندتر لە جاران لە ئارادایە. ئێمە دەبێ هەوڵی زیاتر بدەین کە لە بەشەکانی دیکەی ئێران بەردەنگی زیاتر بۆ خۆمان و خەباتەکەمان و مافەکانمان پەیدا بکەین. ئێمە دەبێ ڕیزەکانی خۆمان لە نێوخۆماندا ڕێک بخەین و ئاستێکی دیکە لە یەکگرتوویی و یەکگوتاریمان پێشانی هەمووان بدەین. هەروەها نابێ بە نیسبەت ناوچەکانی دیکەی ئێران و بابەتە سیاسییەکان لە ئاستی سەرانسەریدا بێتەفاوت بین و دەبێ لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بڕۆین. ئەمە دوو قازانجی هەیە. قازانجێکیان ئەوەیە لە ڕەوتی دروستبوونەوەی ئێراندا بەو لەگەڵدابوونە غایب نابین و بەشمان پێ دەبرێ. چونکی نازانین کۆماری ئیسلامی کە ڕووخا چی لە ئێران ڕوو دەدا و نابێ پێمان وابێ بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هەموو شتێکمان بەدەستەوە دێت. بێگومان دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئاڵۆزی و بشێوی دروست دەبێ و ئێمە پێویستە ئامادەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دۆخە بین. بابەتی سەرەکی و ستراتیژی ئەوەیە کە لە هەر بارودۆخێکدا ئێمە وەک کورد، و ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دەبێ مافتەوەر بین و لە ئێرانی داهاتوودا بە دوای ماف و داواکانی خۆماندا بڕۆین. هەروەها لە نێوخۆی کوردستانیشدا هەموو تاکەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکانی سیاسی و حیزبەکان هەوڵ بۆ ڕێکخراوتربوونی پتری کۆمەڵگە بدەن.

ئێمە لە ئێستادا پێشبینیی ڕوونی ئێرانی داهاتوو ناکەین، بەڵام لە کاتێکدا ئێمە وەک کورد بەتەنیا ناتوانی شکڵی حکوومەتی داهاتووی تاران یەکلا بکەینەوە، دەبێ مافەکانی خۆمانمان بۆ گرینگ بێ و هەر کەسیش دەسەڵاتی بە دەستەوە بێت، مادام ئاوڕ لە ویست و داخوازییەکانی ئێمە نەداتەوە، سرووشتییە کە ئێمە لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان کۆڵ نادەین و بە هەموو تواناوە بۆ مافەکانمان تێدەکۆشین. بەڵام بۆ ئەوەی زەرەر و زیانی کەمترمان هەبێ، لە ڕاستیدا پێویستمان بە بەردەنگ و دۆست و هاوپەیمانە. بۆیە دەبێ بنەماکانی سیاسەت و هەڵسوکەوت و گوتار و دەربڕینی ئێستاشمان لەسەر ئەو بنەمایە هەڵشێلابێت.

ئاستەنگێکی دیکە لە بەردەم پرسی کورد ئاستەنگێکی ناوچەییە و، ئەویش کێشەی کورد و تورکە. ئێمە پێویستیمان بەوەیە عەقڵییەتێک برەو پێ بدەین و بڵێین کە کێشە ئێمە و تورکەکان کێشەی ئەو دوو نەتەوە لەگەڵ یەکتر نییە و نابێ وا بێ و دەبێ نەهێڵین لێکتێنەگەیشتن و دڕدۆنگییەکان کەلێنی نێوانمان بەرفراوانتر بکەن و دەبێ پێش توندڕەوییەکان بگرین. ئێمە دەبێ ئەو گریمانەیەشمان لەبەرچاو بێت کە لە ئەگەری ڕووخانی ئێران و هەڵوەشانی دەسەڵات هاوکێشەکانی بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچە وا بخوازێ پەرە بەو کێشەیە بدرێ و ئێمە نابێ بهێڵین زەرەرمەندی ئەو دۆخە بین. ئێمە لە کوردستان سنوورێکی دوور و درێژمان لەگەڵ تورکەکان هەیە و وڵات و حکوومەتە تورکەکانی دراوسێی ئێرانیش بە بەرژەوەندی و ئاجێندای جیاوازیان دەبینین. بۆیە دەبێ ئەو نیگەرانییەمان هەبێ و پێویستیشە ئەو لێکتێگەیشتنە لەنێوان کورد و تورکەکاندا دروست بێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ئێمە ستراتیژیمان فدرالیزمە و باوەڕمان وایە سیستمی فیدڕاڵیی دڵخوازی ئێمە بە بەشداریی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە دادەمەزرێ. بۆیە ئێمە پێویستیمان بە تەعامول لەگەڵ کۆمەڵگەی تورک و فارسەکانیش هەیە و دەبێ ڕێکخراوەکان و چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە کورد و تورکەوە هاندەری ئەوە بن و ئەو لێکتێگەیشتن و ئامانجە هاوبەشە دروست بکەن و نابێ بهێڵین ئەزموونی سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ و مێژووی خوێناویی کوشتار و کۆمەڵکوژییەکانی ئەوکاتمان بیر بچێتەوە. لە کۆتاییشدا جارێکی دیکە پێداگری لەسەر پێویستیی هاوخەباتی و یەکڕیزی هەم لەنێو هێزە سیاسییەکانی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان، هەم لە ئاستی سەرانسەریدا دەکەمەوە.

# زمانی دایک وەک شوناس و چەکی بەرگری



سەربەست ئورمیە

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک کە بە دەستپێشخەریی یونسکۆ دیاری کراوە، ساڵانە دەرفەتێک بۆ بەرزڕاگرتن و پیرۆزکردنی فرەچەشنیی جیهانی لە بواری چاند و زماندا دەڕەخسێنێت. لە ڕوانینێکی سەرەتاییدا، ئەم ڕۆژە هێمایەکی مەعنەوییە بۆ دانی بەها و نیشاندانی هێزی زمانەکان؛ بەڵام کاتێک سەرنج دەرێتەوە سەر زمانی کوردی و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زاڵ و داگیرکاریدا شرۆڤە دەکرێت، نێوەڕۆکی ئەم ڕۆژە لە مژارێکی سیمبۆلیکەوە تێدەپەڕێت و دەبێت بە ئامرازێک بۆ بەرخۆدانی چاندی و ناسنامەخوازیی نەتەوەیی و سیاسی.

**زمان وەک دەسەڵاتێکی سیمبۆلیک**

لە تیۆریی سەرمایە و دەسەڵاتی سیمبۆلیکدا، پییر بۆردیۆ ئاماژە بەوە دەدات کە زمان یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و مەشەرووعیەتدان بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی. کاتێک زمانێک بە فەرمی دەناسرێت، تەنیا نیشانەی ڕێزگرتن لە چاند و ناسنامەی ئاخێوەرانی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە گەرەنتی بۆ مانەوە و دان پێدانان. بەو ڕوانینە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک هێمایەکە بۆ پێشاندانی هێزی زمانە جیاوازەکان؛ بەتایبەت بۆ زمانی کوردی کە بە درێژایی مێژووی دا لەژێر گوشاری قەدەغەکردن و سیاسەتە هەمەڕەنگەکانی بشاقتن (تواندنەوە)دا بووە. مەشرووعییەتی نێودەوڵەتیی زمانی کوردی، تەنانەت لە ئاستی سیمبۆلیکیشدا، ئەوەمان بو دەسەلمێنێت کە ئەم زمانە خاوەنی هێز و پێگەیەکی بەهێزی تایبەت و کاریگەرە بۆ دەرکەوتن لە کایە گشتییەکاندا و گواستنەوەی ئەزموونی ژیار و نیشتمانیی خۆی.

**زمان، ئامرازی بەرخۆدان**

زمان مەیدانی ململانێی دەسەڵات و بەرخۆدانە. میشێل فوکۆ پێی وابوو کە دەسەڵات تەنیا لە دامەزراوەکاندا نییە، بەڵکوو لە تان و پۆیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی دەنوێنێت و ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەش لە هەر ئاست و قۆناغێکدا توانایی ئەوەیان هەیە کە بەستێن بۆ بەرخۆدان و بەرگریی بڕەخسێنن و بەهێزکەن. پاراستن و بەکارهێنانی زمانی دایکیی کوردی لە بواری پێگەیاندن، ئەدەبیات، مۆسیقا و ژیانی ڕۆژانەدا، نموونەیەکە لە بەرخۆدانی ژیرانە و ڕۆژانەی گەلی کورد لە بەرانبەر سیاسەتگەلی سڕینەوە و سەرکوتی چاندی و نەتەوەیی دا. ئەم بەرگرییە، بە پێی ئەوەی کە لە تیۆری داگیرکاریی زمان دا هاتووە، پەرچەکردارێکە دژی پڕۆژەکانی هاوشێوەکردن و یەکسانسازیی زمانی و چاندی کە هەوڵ دەدەن زمانی زۆردەست بەسەر زمانە داگیرکراوەکان دا بسەپێنن و بناخەی مێژوویی و چوارچێوە مەعریفییەکانی کۆمەڵگای داگیرکراو لەناو ببەن.

زمانی کوردی لەم راستایەدا، ئیتر تەنیا ئامرازی ئاخاڤتن و پەیوەندی نیە، لە ئاستێکی بەرزتردا دەکرێت بە هێما و هێزێکی بە برەو بۆ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی گشتی، گواستنەوەی ئەزموون و بەرخۆدان لە دژی دەسەڵاتی داسەپێنەر. هەرکات ئاخاڤتن، نووسین و فێربوون بە زمانی دایک بوو بە ڕێرەوی ژیانی نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەوا بە کردەوە جڤاک لە بەرگریکردن دایە کە دەرهاویشتە سیاسی و جڤاکییەکانی سەرترن لەوەی کە هێزی داگیرکەر پیلانی لە ناوبردنی بۆ دارشتووە.

**پەیوەندیی هێما و کردار**

دەکرێت ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک وەکوو لێکگرێدەرێکی بەردەوامی دوو جەمسەری شی بکرێت. هێمای دەسەڵات و ئامرازی بەرخۆدان. ئەم ڕۆژە لە ئاستی فەرمیدا، گوزارشت لە ناسینەوە و ناساندنی نێودەوڵەتی و مەشرووعییەتی کولتووریی زمانەکان دەکات؛ بەڵام لە ئاستی جەماوەریدا، دەرفەتێکە بۆ چالاککردنەوەی هزری مێژوویی، پەروەردە بە زمانی دایکی و نۆژەنکردنەوەی داواکارییەکان لە مەڕ مافە زمانی و کولتوورییەکان. بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانە دا کە زمانەکەیان لەژێر گوشار دایە یان قەدەغەدا کراوە، ئەم ڕۆژە زیاتر لەوەی کە بۆنەیەک بێت لە ڕۆژژمێری ساڵدا، ساتەوەختێکە بۆ ڕاگەیاندنی پراکتیکیی هەبوون و داخوییانییەکە لە بەرخودان.

**پوختەی مەبەست**

زمانی کوردی، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی زاڵ و داگیرکاردا، نموونەیەکی بەرچاوە لەوەی کە چۆن زمانێک دەتوانێت لە هەمان کاتدا هەم هێمای دەسەڵات بێت و هەم ئامرازی بەرخۆدان. هێزی زمان لە ڕوانگەی سیمبۆلییەوە لە شەرعیەت و نوێنەرایەتیکردنیدایە و بەرخۆدانی زمانیش لە بەردەوام بوون لە بەکارهێنان، گواستنەوەی ئەزموون و زانیاری و وەستانەوە لە بەرانبەر سیاسەتە سەرکوتکەرەکاندا بەدیار دەکەوێت. ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناکرێت تەنیا بە رۆژی ڕێزگرتن لە فرەچەشنیی زمانی و کولتووری پێناسە بکرێت؛ بەڵکوو دەبێ بکرێت بە سەکۆیەک بۆ ناسینەوەی شۆناسە جیاوازەکان و بەهێزکردنی توانای کۆمەڵگا جیاوازەکان بۆ بەرگریکردن لە مافی ئاخاڤتن و پەروەدەکردن بە زمانی دایکیی خۆیان.

زمانی کوردی تەنیا میراتێکی کولتووریی گەلی کورد نییە،مەیدانێکە بۆ ڕاهێنان و بەهێز کردنی هزری ئازادی و بەگژداچوونەوەی سیاسەتگەلی بشاڤتن و سڕینەوەی کولتووری. خۆڕاگری و گەشەکردنی زمانی کوردی و وەستانەوەی لە ڕووی داگیرکەرانیدا،ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە زمان هەرچەند لەژێر گوشاردا بێت، هێزی خۆڕاگری و کاریگەریی لە بن نایەت.

# کوردستان، قەڵغان و قەڵای ئازادی






عەلی بداغی

٤٧ ساڵ بە سەر شۆڕشی ١٣٥٧ و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی تێپەڕی. هەڵبەت بزووتنەوەی مافخوازی لە کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسی دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی پتر لە ٣٥ ساڵ پێش ئەو ڕێکەوتەش دەستی پێکردبوو؛ بۆیە کوردەکان بەو پاشخانە لە ئەزموون و خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لەو ڕاپەڕینەدا بەشدار بوون و خەڵک و حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان بەشداریی چالاکانەیان لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کرد. بەڵام لە ڕاستیدا کوردەکان بە مافەکانیان نەگەیشتن و تێچوویەکی زۆر قورسیشیان بۆ خەبات و خۆڕاگریی دواتریان دا.

کوردستان کە پێشتر ڕووبارێک خوێنی لە خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویدا لەبەر ڕۆیشتبوو، بە هیوای ڕزگاری، گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی، بەشداری و هاوبەشیی سیاسی و چێکردنی قەوارەیەکی خۆبەڕێوەبەری تەقڵی شۆڕشی ١٣٥٧ ببوون؛ بەڵام بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی پرسی کورد لە بابەتێکی سیاسی ڕا کرایە پرسێکی ئەمنییەتی و لەبری وتوویژ فیتوای جیهادی لەدژ درا و شەڕ و لەشکەرکێشی بە سەر کوردستاندا سەپێندرا. ڕاستە کوردستان بوو بە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری دژی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بۆ ئەوەش تێچووی قورسی دا. لەپێناو ئەو خۆڕاگری و مافویستییەدا شار و گوندەکانی کوردستان قەڵاچۆ کران، حیزبە سیاسییەکانیان هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا و ڕێ لە کار و چالاکیی ئاشکرایان گیرا، هەزاران ڕۆڵەی کورد گیانیان لێ ئەستێندرا، ڕێبەرانی کورد لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتنە بەر شاڵاوی تیرۆر، ژینگەی کوردستان تێکوپێک درا و سووتێندرا، کوردستان سیستماتیک خرایە پەراوێزەوە و لە هەموو بەرەوپێشچوونێک بێبەش کرا، بە حاشاکران لە زمان و شوناس و کولتوورەکەی هەوڵ بۆ تواندنەوەی و نەهێشتنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی درا، کوردستان میلیتاریزە کرا و بوو بە تاقیگەی هەڵکشانی پلەوپایەی فەرماندەرانی جینایەتکاری سپای پاسداران.

ئەوەش بگوترێ کە ئەو هێرش و پەلامارە تەنیا سەرکوتی نەتەوە و بزووتنەوەیەکی مافخواز و دێموکراتیک نەبوو؛ بەڵکوو لەنێوبردنی گەراکانی بیری دێموکراسی، یەکسانیخوازی، ئازادیخوازی و مافویستی لە سەرانسەری ئێران بوو.

کوردستان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی بۆ سەر تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ٤٧ ساڵە خوێنی لێ دەچۆڕێ، بەڵام بۆ تاقە یەک ڕۆژیش کۆڵی نەداوە. بزووتنەوەی چەکداری و پێشمەرگانەی کوردستان ڕەنگە بەهۆی نەبوونی باڵانسی هێز لە نێوان توانای مرۆیی و چەکوچۆڵی حیزبەکان لە چاو دەسەڵاتی ناوەندی لەکزیی دابێ، بەڵام بزووتنەوە سیاسی و مافخوازییەکەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر گەشەی کردووە. کوردستان قەت شەرعییەتی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەدا، قەت دەستی لە ماف و داخوازییەکانی هەڵنەگرت، حیزبەکانی زەبری گەورەیان وێ کەوت بەڵام قەت مەیدانی خەباتیان چۆڵ نەکرد و قەت دەرفەتی ئەوە بە کۆماری ئیسلامی نەدرا مۆدێلی تیرۆانین و بیرکردنەوەی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ. کوردستان وەک زیندووترین کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران بەهێز و بەگوڕ مایەوە. خەباتی کوردەکان لە شەڕ و خۆڕاگریی پێشمەرگانەوە بۆ بەرگریی مەدەنی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خەباتێکی فرەڕەهەندی شوناسخوازیدا پەرەی پێ درا و پاشخانێکی زێڕینی لێ بەرهەم هات کە نموونەکەیمان لە بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)، ڕاپەڕین و مانگرتنە سەرکەوتووەکەی بەفرانباری ئەمساڵدا بینی.

لە ڕوویەکی دیکەشەوە ٤٧ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و وەڵاموەرگرتنەوە لە کوردستان هەرسهێنانی پڕۆژەی برەودانی ئایدۆلۆژییەکەی لەنێو کورداندا بوو. کۆماری ئیسلامی هەوڵی

**کوردستان بەهۆی خەبات و خۆڕاگرییە لەمێژینەکەی و هەروەها ئەزموونی ڕێکخستنی سیاسی و ڕەواندنەوەی ترس و ورەبەخشینەوە دەتوانێ ئیلهامدەری نارەزایەتییەکان لە ناوچەکانی دیکەش بێت. بزووتنەوەی کوردستان بە گواستنەوەی ئەزموونەکانی لە بواری سیاسی و ڕێکخستنەوە بۆ بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دەتوانێ ڕۆڵی ئاراستەکەر و بەردەوامیەتی بە ناڕەزایەتییە پرشوبڵاوەکان لە ئاستی ئێراندا بدات**

کوردەکان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەدا بەتوندی سەرکوت کران، چونکی حکوومەتی ناوەندگەرا و ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی کراوەیی، فرەیی و پلۆرالیزمی سیاسیی کوردستانی بە گەورەترین هەڕەشە لەسەر بوونی خۆی زانیوە. دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری، ڕێکخستنی حیزبی، کێبرکێی سیاسی، سێکۆلاریزم و جێکەوتنی کولتووری فرەیی ئەگەر بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی و زیندووی کوردستان بوو، بەڵام ڕێژیم ئەمانەی بە مەترسییەکی زۆر گەورە لەسەر دەسەڵاتەکەی و مۆدێلی "ویلایەت و ئوممەت" سەیری دەکرد و کردووە. کۆماری ئیسلامی لەوە تۆقیبوو گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد پەل باوێتە ناوچەکانی دیکەی ئێران و داخوازە دێموکراتیکەکانی کوردەکان لەنێو نەتەوەکانی بەلووچ، عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتیشدا پەرەی پێ بدرێ و ئالەنگاریی گەورە لە بەردەم نیزامی ناوەندگەرا و ئایدۆلۆژیکی ڕێژیمدا دروست بکات. بۆیە کوردستان بە توندی سەرکوت کرا و لە خۆڵ و خوێن وەردرا. دەبێ زۆری دا شوناسی دینیی شیعیزمی حکوومەتی لەبری شوناسی نەتەوەیی-کولتووریی کورددا جێ بخا و بەتایبەت جۆراوجۆریی ئاییزانیی لە کوردستان لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامی بۆ ئەو دابڕان و جێخستنە بەکار هێنا؛ بەڵام لە کوردستان خەڵک خاوەندارەتی لە زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆی کرد و مانگرتنە سەرانسەرییەکەی کوردستان لە بەفرانبار بە مەبەستی پتەوکردنی پتری هاوپێوەندیی ناوچەکانی سەروو و ناوەند لەگەڵ خوارووی کوردستان لە ئیلام و کرماشان نموونەیەکی زیندوو و سەرکەوتوویە لەو شوناسخوازییە نەتەوەییە.

کۆماری ئیسلامی کە ٤٧ ساڵی لەوە پێش یەکەم شەپۆلەکانی سەرکوت و تیرۆرەکانی لە کوردستان دەست پێکردبوو، هەموو هەوڵی ئەوە بوو دابڕان بخاتە نێوان حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان. لە لایەک بە سەپاندنی شەڕێکی نابەرامبەر، تیرۆر، بۆمبدانانەوە و مووشەکهاوێژی هەوڵی دا حیزبەکان [زیاتر لە هەمووان حیزبی دێموکرات] سەرکوت بکا و لە بەینیان بەرێ؛ لە لایەکی دیکە بە ڕیوایەتسازیی درۆ لە ڕێگەی دەزگای پڕوپاگەندەی بەربڵاوی خۆیەوە ڕوومایەکی دی لەو حیزبانە پێشانی نەوەی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان بدا. بەڵام لەوەشدا هەر سەری لە بەرد کەوت. وێژمانی نەتەوەیی کورد هەر هات و بەهێزتر بوو، لاوانی کورد بە بەردەوامی خۆیان لە ڕیزی حیزبە سیاسییەکانیاندا دیتەوە، لە نێوخۆی وڵات ئەکتە سیاسییەکان لەسەر داوا و بە دەستپێشخەریی حیزبە سیاسییەکان هەر هاتن و زیادیان کرد، مانگرتن و خۆپێشاندان و بانگەوازێک نەبووە حیزبەکان داوایان کردبێ و سەرەڕای تێچووی قورس و زۆری بەڵام لە کوردستان بە سەرکەوتوویی وەڵامی وەرنەگرتبێتەوە. نەورۆزی خاکیپۆشانی بەهاری ئەمساڵ و مانگرتنەکەی ئەمدواییانەی مانگی بەفرانبار نیزیکترین فاکتی ئەو پێوەندییە زیندوو و ئۆرگانیکە لەنێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگەی کوردستانن.

کوردستان ئێستاش لە دۆخی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی دژی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی ئێراندا قوورسایی تایبەت بە خۆی هەیە و دەتوانێ یارمەتیدەری سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکان بێت. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە پێداگریی لەسەر خەباتی خۆی بۆ ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ لە تەنیشت سووربوونی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی دەتوانێ دڕ بە ڕیوایەتسازییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە جووڵانەوەی کورد بدات. لە لایەکی دیکەش کوردستان بەهۆی خەبات و خۆڕاگرییە لەمێژینەکەی و هەروەها ئەزموونی ڕێکخستنی سیاسی و ڕەواندنەوەی ترس و ورەبەخشینەوە دەتوانێ ئیلهامدەری ناڕەزایەتییەکان لە ناوچەکانی دیکەش بێت. بزووتنەوەی کوردستان بە گواستنەوەی ئەزموونەکانی لە بواری سیاسی و ڕێکخستنەوە بۆ بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکانی بەشەکانی دیکەی ئێران دەتوانێ ڕۆڵی ئاراستەکەر و بەردەوامیەتی بە ناڕەزایەتییە پرشوبڵاوەکان لە ئاستی ئێراندا بدات. بزووتنەوەی کورد هەروەها بەهۆی کارامەیی حیزبە سیاسییەکانی خاوەن پێگەیەکی بەهێزی دیپلۆماسی لە دەرەوەی وڵاتە و بەمەش دەنگی ناڕەزایەتییەکان باشتر دەگاتە کۆڕ و کۆمەڵە و ناوەندە سیاسییەکانی جیهان و سەرنجی میدیا نێودەوڵەتییەکان پتر بۆ سەر پرسی ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان ڕادەکێشێ.

هەوڵی ئەو ماوەیەی ناوەندی دیالۆگ بۆ هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانش چ لەڕووی نیزیککردنەوەی گوتاری سیاسی، چ لە ڕووی کاری مەیدانی و پێکەوەیی لایەنەکانی نێو ناوەندەکە ئەو هیوایەی دروست کردووە کە بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کوردستانی ڕۆڵی بنەڕەتییش لە یەکگریی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکی ئێراندا بگێڕێ و بە کۆڵەکەیەکی گرینگی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو ڕێژیمە دیکتاتۆڕییە دابندرێ. ڕووداوەکانی ٤٧ ساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێن کوردستان هەموو کاتێک دژ بە کۆماری ئیسلامی قەڵا و قەڵغانی ئازادی بووە.

کوردستان
• ژمارە ٩١٣
٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٤ _ ١٩ی فێوریەی ٢٠٢٦

# چۆن ڕێ لە دووپاتبوونەوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتی بگرین؟



عومەر باڵەکی




جینایەت دژی مرۆڤایەتی بەو تاوانانە دەگوترێ کە بایەخ و کەرامەتی ئینسانی و مرۆڤایەتی لە بواری جەستەیی و دەروونیدا پێشێل دەکەن و زیانی پێ دەگەیەنن. ئەم کردارانە بەپێچەوانەی ئەو ڕێوشوێنانەن کە لە یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەییدا دەستنیشان کراون. ئاسەوار و کاریگەریی ئەم تاوانانە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتێک دەچێتە دەرێ و دەبێتە هۆکاری نیگەرانیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی. بە واتەیەکی دیکە، تاوان دژ بە ئینسانییەت و مرۆڤایەتی بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی پێشکەوتووی ئێستا، قابیلی قبووڵ نییە.

بەپێی یاسا و بەڵگە نێونەتەوەییەکان، تاوان دژ بە مرۆڤایەتی بریتییە لەو کردار و ڕەفتارە دڕندانەیەی کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە، وەک بەشێک لە سیاسەتێکی سازماندراو و بەربڵاو، دژ بە کەسانی غەیرەنیزامی لە سەردەمی شەڕدا پەیڕەو دەکرێ. ئەو کردارانە وەک: کوشتنی بەئەنقەست، لەنێوبردن، دەرکردنی خەڵکی ناوچەیەک بە زەبری هێز، ئەزیەت و ئازاری کۆمەڵێکی دیاریکراو بە هۆکاری سیاسی، ڕەگەزی، نەتەوەیی، فەرهەنگی، مەزهەبی و ئایینی و... هتد، لەخۆ دەگرێ.

نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانەی سەر گۆی زەوییە کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، لە بەرچاوی دنیای پێشکەوتوو و مۆدێرندا و بێ پرس و ڕای کورد، هەم خاکەکەی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە و هەم لە تەواوی مافە ئینسانی و نەتەوایەتییەکانی خۆی بێبەش کراوە. هەر کاتێکیش لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا، لە هەر پارچەیەک لە کوردستاندا کورد باسی لە مافەکانی خۆی کردبێ، بە توندترین شێوە سەرکوت کراوە. زۆرجارانیش ئەو سەرکوتکردنە سنووری تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتیی بڕیوە، بەڵام بەداخەوە کۆمەڵگەی جیهانی سەرەڕای بوونی ئەو هەموو قانوون و یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییانە، لە ئاست ئەو تاوانانەدا بێدەنگیی هەڵبژاردووە.

ئەگەر بێدەنگیی کۆمەڵگەی جیهانی بەشێکی بگێڕینەوە بۆ سات و سەودای نێونەتەوەیی و بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی دەوڵەتە زلهێزەکان، ئەوا بەشێکی گرنگی ئەو بایەخپێنەدانەی جیهان بە پاکتاوکردنی ڕەگەزی و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دەرحەق بە گەلی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و حیزب و لایەنە سیاسی و خەباتکارانی گەلی کورد بەتایبەتی. هەتا ئێستا، دوای ئەو هەموو خوێن و قوربانیدانەی بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان دراوە، نەتوانراوە هاوپێوەندییەکی نەتەوەیی کورد لە ئاستی هەر چوار پارچەی کوردستاندا پێک بهێنرێ کە لانیکەم بەرهەمەکەی ببێتە ناوەندێک لە دنیای دەرەوە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، تا بتوانێ لە بواری قانوونییەوە پرسی کوشتاری بەکۆمەڵ و بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بووروژێنێ و بیگەیەنێ بە گوێی کۆمەڵگەی جیهانیدا.

بە چاوخشاندن بە مێژووی ئەو سەد ساڵەی کوردستاندا دەبینین گەلی کورد لەو ماوە زەمەنییەدا تووشی دەیان و سەدان کارەسات و نەهامەتی و کاولکاری و کوشتار و بڕین هاتووە؛ لەنێو ئەوانەدا هەندێک کارەسات هەن کە بەتەواوی دەچنە خانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، چونکە توخمی ماددی و مەعنەویی تاوانی دژە مرۆڤایەتییان تێدایە. بە بوونی ناوەندێکی قانوونی و یاسایی کوردی لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، ڕەنگە بتوانرێ سکاڵا دژی ئەو دەوڵەتانەی کە تاوانەکانیان ئەنجام داوە لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا تۆمار بکرێ. ڕەنگە بگوترێ بەهۆی هەندێک ڕێوشوێنی نێونەتەوەیی، سکاڵای ئاوا لە لایەن ناوەندە دادوەرییە نێونەتەوەییەکانەوە وەرناگیرێ، بەڵام نەفسی جووڵاندنی سکاڵاکە و بەدۆکیۆمێنتکردنی قانوونی، خۆی دەتوانێ ببێتە لەمپەرێک بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە لە دواڕۆژدا بە پارێزەوە دەست بۆ تاوانی ئاوا گەورە بەرن و هەست بکەن درەنگ یا زوو دەبێ لە بەرانبەر تاوانەکانیاندا وەڵامدەر بن.

لێرەدا چەند نموونەیەک لەو تاوانانە باس دەکەین کە لە بواری ئامانج و نێوەڕۆکەوە وەک یەکن؛ سەرەڕای ئەوەی کە لە سەردەمی جیاوازدا، لە لایەن سێ دەوڵەتەوە لە سێ وڵاتی جیاوازدا دژ بە نەتەوەی کورد بەڕێوە چوون، مەبەستیان لەو تاوانانە قڕکردن، لاوازکردن و تواندنەوەی گەلی کورد بووە؛ واتە هەر سێ دەوڵەتەکە سەرەڕای جیاوازیی ڕیشەیی و دنیابینییان بۆ ئیدارەدانی وڵات، لەسەر قڕکردن و لەنێوبردنی گەلی کورد بێدوودڵی کۆک بوون و یارمەتیی یەکتریان داوە.

ـ لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا کاتێک ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا و بە جێگای ئەو خومەینی و دارودەستەکەی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان دامەزراند، تەنیا دوای چەند مانگ لە هاتنەسەر دەسەڵاتی نیزامی کۆماری ئیسلامی، بە حوکمی خومەینی شەڕ لەژێر ناوی جیهاد بەسەر کوردستان و گەلی کورددا سەپا. جیهاد حوکمێکی مەزهەبی و دینییە، واتە شەڕ لەپێناوی خودادا؛ بەو مانایەی کە ڕشتنی خوێنی بەرانبەرەکە بە هەر ڕێگایەک بێ، حەڵاڵە. ئەو فەرمانەی خومەینی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوانی گەورەی لێ کەوتەوە و بەدەیان گوند لە لایەن سپای کۆماری ئیسلامییەوە خاپوور و سووتێندران، خەڵکەکەیان ئاوارە و دەربەدەر بوون و لە چەند گوندا کوشتاری بەکۆمەڵ ئەنجام درا. ئەو کوشتار و شەڕە دژ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەی ٤٧ ساڵە بەردەوامە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا ڕوو لە زیادبوونە. هەروەک دەبینین بەدوای ناڕەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان لەسەر کورسیی دەسەڵات، بە جێگای وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی خەڵک، دەستیان داوەتە کوشتارێکی بەربەرین لە خەڵکی ناڕازیی سەر شەقامەکانی ئێران و کوردستان؛ بەپێی ڕێژەی حەشیمەت، دیسان بەشی شێر لەو کوشتارە مەغۆلئاساییەدا بەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە.

ـ لە نێوان ساڵەکانی ١٣٦٧ و ١٣٦٨ی هەتاویدا، ڕێژیمی بەعسی عێراق شاڵاوێکی بەربەرینی نیزامی دژ بە کورد لەژێر ناوی "ئەنفال" (کە لە سوورەتێکی قورئان وەرگیراوە) ئەنجام دا. لەو سوورەتەدا باس لە ئەرکی موسوڵمانان دژ بە کافران دەکرێ کە کوشتاری گەلی کوردی لە باشووری کوردستاندا پێ حەڵاڵ کرا. ئەو فەرمانەی دەوڵەتی بەعسی عێراق، لە ڕاستیدا دەستی سپای عێراقی ئاوەڵا کرد بۆ کوشتاری بەکۆمەڵی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا؛ بێجگە لە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، بەپێی ئامارەکان زیاتر لە سەد و هەشتا هەزار کورد لە منداڵ و پیر و لاو و ژن و پیاو، دوور لە زێدی خۆیان زیندەبەچاڵ کران. حکوومەتی بەعس هەر بەوەندەش ڕانەوەستا، بەڵکوو کەوتنە گیانی سروشتی کوردستان و بە هەزاران گوند و شار و شارۆچکەیان لەگەڵ زەوی تەخت کرد؛ واتە چەندیان لەدەست هات کاولکارییان کرد و باشووری کوردستانیان شێواند.

ـ لە ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاویدا سپای عەرەبی سووریە، کە دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد بە پاڵپشتیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوونە حاکمی کاتیی سووریە، هێشتا جێگای خۆیان گەرم نەکردووە بەگژ گەلی کورد لە ڕۆژاوای کوردستاندا هاتوونەتەوە. ئەو دەسەڵاتە نوێیەش هەر قەوانە کۆنەکەی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی بەعسی عێراق لێ دەداتەوە و لە هەستی مەزهەبی و دینیی لایەنگرانی خۆیان کەڵک وەردەگرن؛ دووبارە لەژێر سوورەتی ئەنفالدا هێرش بۆ سەر کوردستان و ڕشتنی خوێن و بە دیل گرتن و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی کورد بە حەڵاڵ دادەنێن.

ئەو سێ کارەساتەی کە لە سەرەوە باس کران، تەنیا نموونەیەکی بچووکن لەو هەموو غەدر و تاوانانەی دەسەڵاتدارانی ئەو چوار دەوڵەتەی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە بەدرێژایی ئەو سەد ساڵە بەسەر نەتەوەی کوردیان هێناوە. بەڵام دەبینین لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا، هەرچەندە زوڵم و غەدری ئەو دەوڵەتانە دەرحەق بە نەتەوەی کورد ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەو ڕادەیەش هەستی نەتەوایەتی و بەرپرسیارەتی لەنێو تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا گەشەی کردووە. بەچەشنێک دەبینین لە کاتی کارەساتە گەورەکاندا یا سەرکەوتنی مەزنی نەتەوەییدا، سنوورەکان مانای خۆیان لەدەست دەدەن و کۆمەڵگەی کورد وەک یەک نەتەوە دەبنە پاڵپشتی یەکتر؛ هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە هەرە پلەی بەرزی خۆیدا دەردەکەوێ و لە خۆشی و ناخۆشیدا دەبن بەیەک. لێرەدا پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ڕێکخراو و ئەحزابی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕاگەیاندن لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، دەبێ بە هوشیارانە و لە ڕاستای پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا هەڵسوکەوت بکەن و هەر هەنگاوێک کە هەڵی دەگرن، دەبێ بۆ بەهێزکردنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی بێ. چونکە ڕووداوەکانی سەد ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێمان دەڵێن دۆستەکانمان کاتین و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەگەڵمان دەبن و هەر کاتێک بەرژەوەندییان بخوازێ پشتمان چۆڵ دەکەن. بۆیە پێویستە کورد لە پێشدا نێوخۆی خۆی ڕێک بخا و کار لەسەر بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان بکا و هاوپێوەندیی نەتەوەیی لەنێو هەر چوار پارچەی کوردستاندا بەهێز بکا.

دەبێ هەموو تاکێکی کورد ئەوەی لە بیر بێ کە هەر سێک ئەو نموونانەی غەدر و زوڵم دەرحەق بە کوردستان و کورد کە لە سەرەوە باس کران، سەرەڕای ئەوەی لە سەردەم و جوگرافیای جیاوازدا ڕوویان داوە، بەڵام یەک ئامانجیان هەبووە و هەیە، ئەویش قڕکردن و لەنێوبردنی گەلی کوردە. بەپێی هەموو قانوونە نێونەتەوەییەکان، ئەو ڕەفتار و کردارانەی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا دەچنە خانەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی. حەق وایە و کاتی هاتووە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ جارێکیش بێ، هەڵەی سەدساڵەی خۆی ڕاست بکاتەوە و ئاوڕ لە نەتەوەیەکی زیاتر لە چل ملیۆنی بداتەوە و مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکان بە نەتەوەی کورد ڕەوا ببینێ. بەڵام بەپێی ئەزموون و خوێندنەوە بۆ جیهانی ئێستا، دەبێ هێزی نێوخۆیی خۆت هەبێ هەتا خەڵکی دیکە حیسابت بۆ بکەن؛ ئەو هەبوونەش تەنیا بە یەکگرتوویی و لێکتێگەیشتنی هەموو لایەنە سیاسییەکانی مەیدانی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد دەستەبەر دەبێ.

**دەبێ هەموو تاکێکی کورد ئەوەی لە بیر بێ کە هەموو ئەو غەدر و زوڵمانەی دەرحەق بە کوردستان و کورد کراوە و سەرەڕای ئەوەی لە سەردەم و جوگرافیای جیاوازدا ڕوویان داوە؛ یەک ئامانجیان هەبووە و هەیە، ئەویش قڕکردن و لەنێوبردنی گەلی کوردە. بەپێی هەموو قانوونە نێونەتەوەییەکان، ئەو ڕەفتار و کردارانەی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا دەچنە خانەی تاوانی دژە مرۆڤایەتی و حەق وایە و کاتی هاتووە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ جارێکیش بێ، هەڵەی سەدساڵەی خۆی ڕاست بکاتەوە و ئاوڕ لە نەتەوەیەکی زیاتر لە چل ملیۆنی بداتەوە و مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکان بە نەتەوەی کورد ڕەوا ببینێ.**

# بۆچی وەرچەرخان لە ئێرانی داهاتوودا بەبێ بەشداریی ژنان ئەستەمە؟



د. سۆزان فەتحی

لەکاتێکدا ئێران لە لێواری گۆڕانکارییەکی مێژووییدایە، پرسیارێک کە پێویستە بە ڕاشکاوی بخرێتە ڕوو ئەوەیە کە کێ بڕیار لەسەر داهاتووی وڵات دەدات؟ ئەگەر ژنان لە بەشداریی پارتە سیاسییەکان، ڕۆڵە چارەنووسسازەکان، بەڕێوەبەریی و دانوستانەکان سەبارەت بە سیستەمی سیاسیی داهاتووی ئێران بێبەش بکرێن، ئەوا هەر دیموکراسییەک کە ئێستا بەڵێنی وەدیهاتنی دەدرێت، هەر لە سەرەتاوە تووشی کەمایەسی دەبێت.

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ڕابردوویەکی دوورودرێژ و تاریک لە بێبەشکردن و پەراوێزخستنی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی و ناوەندەکانی بڕیارداندا هەیە، ئێرانیش نەک هەر لەو تایبەتمەندییە بەدوور نییە، بەڵکوو بە شێوەی سیستماتیک و پلانبۆداڕێژراو ژنانی لە ناوەندەکانی دەسەڵات دوور خستووەتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ژنانی ئێران لە دیارترین و بوێرترین ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەن کە لەدژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕاوەستاونەتەوە. پەراوێزخستنیان لەو دۆخەی ئێستادا ڕێک لەو کاتەدا کە بناغەکانی سیستەمێکی نوێ تاوتوێ دەکرێت، کارێکی نادادپەروەرانە و لە ڕووی سیاسیشەوە کردەیەکی کورتبینانەیە.

ئێرانێکی ئازاد و دیموکرات بەبێ بەشداریی ژنان بەڕێوە ناچێت. ئەوە هەر تەنیا دروشمێک نییە؛ بەڵکوو ئەنجامێکە کە بە بەڵگەی زانستی پشتڕاست کراوەتەوە. بەپێی توێژینەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان (UN Women)، ئەو ڕێککەوتننامە ئاشتییانەی ژنانی تێدا بەشدارن، ئەگەری مانەوەیان بۆ ماوەی دوو ساڵ بە ڕێژەی ٢٠٪ زیاترە و ئەگەری مانەوەیان بۆ ماوەی پازدە ساڵ بە ڕێژەی ٣٥٪ زیاترە، بەراورد بەو ڕێککەوتننامانەی کە ژنانیان تێدا نییە. هەر بە پشتبەستن بەو ئامارانە ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکرێتەوە کە دەیەوێت بەشداریی ژنان تەنیا کردەیەکی سیمبۆلیک یان هەڵبژاردەیەکی پلە دوو بێت.

هەروەها توێژینەوەکانی پەیمانگای جۆرج تاون بۆ ژنان، ئاشتی و ئاسایش، کە شیکارییان بۆ زیاتر لە چل پرۆسەی ئاشتی کردووە، دەریدەخەن کە بەشداریی ژنان پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بەو ڕێککەوتننامانەی کە ڕیفۆرمی سیاسی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و میکانیزمەکانی لێپرسینەوە و چاودێریی دیموکراسی لەخۆ دەگرن. کاتێک ژنان لەسەر مێزی دانوستان ئامادەن، ڕێککەوتنەکان زیاتر ڕەنگدانەوەی خەمە گشتییەکانی کۆمەڵگەن، نەک تەنیا دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان هەڵبژاردەیەکدا بۆ ماوەیەکی کورتخایەن.

بەرپرسایەتیی بەشدارییپێکردن و دەرفەتدان بە ژنان نەک تەنیا لەسەر شانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە بەگشتی، بەڵکوو لەسەر شانی هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد و بە تایبەتیش لەسەر شانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە (حدکا). ژنانی کورد لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا دەیان ساڵە شانبەشانی پیاوان خەبات دەکەن، ئەوان بەشدارییان لە خەباتی بەرگریی چەکداری، خۆپێشاندان و ڕێکخستنە سیاسییەکان کردووە و لە ئەکتەرە دیارەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون و لە پاراستنی زمان و ناسنامە، ژینگە و ژیواری کورددا بەشداریی چالاکانەیان کردووە. ئەوانیش بۆ ئازادی نرخیان داوە و لە زۆر بواریشدا نرخی ئەو ئازادییە لەسەر ژنان گرانتر کەوتووە.

بەڵام، قوربانیدان لە مەیدانی جەنگ، زیندان و شەقام و کۆڵانەکانی وڵاتدا دەبێت لەگەڵ بەشدارییپێکردن لە بڕیاردانی سیاسیدا هاوتا بێت. هێزە کوردستانییەکان دەبێت زیاتر لە هەموو کاتێک لەو دۆخە هەستیارەدا لەو هاوکێشەیە تێبگەن و دڵنیایی بدەن کە ژنان بە شێوەیەکی کاریگەرتر لە پێکهاتەی سەرکردایەتییان، دانوستانەکان و دیالۆگی سیاسی سەبارەت بە پاشەڕۆژی ئێراندا بەشدار بن. توێژینەوەکانی پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتی لە ئۆسلۆ (PRIO) نیشانی دەدەن کە ئەو پرۆسە ئاشتییانەی بەشداریی چالاکانەی ژنانی تێدایە، ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتنیان زیاترە و کەمتر ئەگەری هەیە تووشی شکستی بنەڕەتی ببنەوە. هەروەها ژنان وەک پردێکی سیاسی ڕۆڵ دەگێڕن و توێژینەوەکان دەریدەخەن کاتێک ژنان لە حکومڕانیدا بەشدار دەبن، ژنانی دیکەش ڕادەکێشنە نێو ژیانی سیاسی، ئەمەش نوێنەرایەتی لە سەرجەم دامەزراوەکاندا زیاد دەکات و ڕەوایەتیی دیموکراسی بەهێزتر دەکات.

دواخستنی بەشدارییپێکردنی ژنان بۆ دوای سەرکەوتنی سیاسی، هەڵەیەکی مێژوویی دیارە. مێژوو دەریخستووە کاتێک بەشدارییپێکردن لەپێناو "سەقامگیری"دا دوادەخرێت زۆربەی کات بە پەراوێزخستنی هەمیشەیی کۆتایی دێت و ئێستا کە دانوستان لەسەر داهاتووی ئێران دەکرێت، ئەوا دەبێت ژنان ئەمڕۆ ئامادە بن، نەک تەنیا بەڵێنی بەشداری و کورسیی دەسەڵاتیان لە داهاتوودا پێ بدرێت.

وەرچەرخانێکی دیموکراتیک کە ژنان پەراوێز بخات، بەتایبەت ئەو ژنانەی بۆی جەنگاون، بە هیچ شێوەیەک وەرچەرخانێکی دیموکراتیک نییە. ژنانی ئێران، لەوانەش ژنانی کورد، پێشتر پابەندبوونی خۆیان بۆ ئازادی سەلماندووە. ئێستا کاتی ئەوەیە دەرفەت و دەسەڵاتیان پێ بدرێت و لە داڕشتنی داهاتووی وڵاتدا بەشدار بن.

کوردستان
• ژمارە ٩١٣
٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٤ _ ١٩ی فێبرویەی ٢٠٢٦

## پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی:

# زمانێک کە لە پەروەردەی گشتیدا دەوری سەرەکی نەگێڕێت، زۆر زەحمەتە لە درێژخایەندا بتوانێت زیندوو بمێنێتەوە

دیمانە: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە: زمان تەنیا ئامرازی ئاخاوتن نییە، بەڵکوو قەڵای پاراستنی ناسنامە و مێژووی نەتەوەیە. لەم وتووێژە تایبەتەدا پرۆفیسۆر جەعفەر شێخولئیسلامی موکری، پسپۆڕی زمانناسییە لە زانکۆی کارلتۆنی کەنەدا تیشکی خستووەتە سەر ئاڵەنگارییەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی ژیریی دەستکرد، گرنگیی خوێندن بە زمانی دایکی و ڕۆڵی سیاسەتی زمانەوانی لە پاراستنی جیاوازییە کولتوورییەکان، وەک مافێکی سەرەتایی و بنەڕەتیی مرۆڤ لە جیهانی هاوچەرخدا.**

**دوکتور زمانی دایکی تا چەند وەک تاقە بنەمای پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی دەبینرێت، و ئایا لە سەردەمی جیهانگیریدا زمان دەتوانێت بە تەنیا بەرگەی توانەوەی کولتووری بگرێت؟**

حاشا هەڵناگرە کە زمان نیشاندەرێکی سەرەکیی ناسنامەی ئیتنۆ-نەتەوەییە یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی-کولتوورییە. نەک هەر ئاماژە بە گرووپێک دەکات، بەڵکوو ڕۆڵی هەیە لە داڕشتن و دەربڕینی ئەو پێناسەیەدا. بۆ زۆرێک لە کۆمەڵگەکان، بەتایبەت ئەوانەی کراون بە کەمینە یان لە ڕووی سیاسییەوە پەراوێز خراون وەکوو کوردەکان، زمان چەند ئەرکێکی یەکجار گرنگ بەڕێوە دەبات:

یەکەم: وەک هێمایەکی جیاکەرەوە؛ واتە جیاکردنەوەی "ئێمە" لە "ئەوان"، چونکە بە هەرحاڵ ناسنامە و پێناسە لە بنەڕەتدا واتایەکی ڕێژەییە و ئێمە شتێکین لە ئاست شتێکی تردا کە نین. لەبەر ئەوە زمان لێرەدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێت لە جیاکردنەوەی ئێمە و ئەوان، کە زۆر بنەڕەتییە بۆ دیاریکردنی ناسنامە.

دووهەم: زمان پێگە و کەناڵێکی پێویستە بۆ زیندوو ڕاگرتن و پاشەکەوتکردنی بیرەوەرییەکان، ئەفسانەکان، ئوستوورەکان و جیهانبینییەکانی خەڵکێک.

سێهەم: زمان کەناڵێکە یان هێزێکە بۆ گواستنەوەی کولتوور، دابونەریت و ڕێساکانی کۆمەڵگەیەک کە لەوانەیە بەدرێژایی چەند چەرخ و هەزاران ساڵ، ئەو سامانە کولتوورییە هۆشیارییەیان وەسەر یەک نابێت ئەم خەڵکە.

چوارەم: زمان بۆ هەندێک نەتەوە یان کۆمەڵە خەڵکێک، دیسان دەڵێمەوە وەکوو کوردەکان، هێما و سیمبولی خۆبوون و خۆهەڵسوڕاندنە. چەشنێک سەربەخۆیی دەدات؛ کاتێک زمانی خۆتت هەیە، هەست بە چەشنێک سەربەخۆیی هزری و فکری دەکەیت.

لە هەمان کاتیشدا، زمانی کوردی هێمای خۆڕاگری و بەرخۆدانە، هەر وەک چۆن بۆ کاتالۆنەکان هەمان شێوەیە، بۆ باسکەکان و بۆ وێڵشەکانی ئینگلستان وایە. بەهەرحاڵ بۆ هەندێک لەو کۆمەڵگەیانە، ئەوانەی کە ناوم هێنان، بەبێ شک (زمانی خۆماڵی، زمانی خەڵکەکە) ڕۆحی ئەو خەڵکەیە؛ بەبێ زمان، لەشێکی بێ گیان و بێ ڕۆح دەمێننەوە.

**بەڵام ئاخۆ پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە بە شێوەیەکی گشتگیر یان لە بنەڕەتدا جێگیرە؟**

نا، وا نییە. واتە نابێت زۆر گشتگیری بکەین و نابێت بە چاوێکی بنەڕەتخوازانە لێی بڕوانین، چونکە شتەکە جیهانی نیە. گرینگایەتیی پەیوەندیی نێوان زمان و پێناسە بەڕاستی بەستراوەتەوە بە ژینگە و دەوروبەر. ئەمەش دوو هۆکاری سەرەکیی هەیە:

یەکەم؛ ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوە و گرووپە ئیتنییەکان بەرگەی ئەمەیان گرتووە، تەنانەت بۆ چەند سەدە کە زمانی خۆیان لەدەست بدەن، بەڵام کولتوورەکەیان ئێستاش ماوە. دەبیینین جاری وا هەیە لە جلوبەرگدا، جاری وایە لە ئاییندا، جاری وایە لە مۆسیقادا یان لە هەڵسوکەوت و دابونەریتی تردا. واتە زمان بۆ هەندێک خەڵک توانیویەتی ئەم دەورە بگێڕێت؛ ئێستا بۆ نموونە زۆرینەی هەرە زۆری ئێرلەندییەکان بە ئینگلیزی قسە دەکەن، بەڵام هێندە شێوازی تری کولتوورییان هەیە (لە مۆسیقا، سەما، لەندسکەیپەکەیانەوە و خاکەکەیانەوە) ئەمانە هەمووی وای کردوە کە پێناسەیەکی جیاواز لە ئینگلیز بۆ خۆیان بپارێزن، هەرچەند نەیانتوانیوە زمانەکەیان بپارێزن.

دووهەم هۆکاریش ئەوەیە کە ناتوانین بەڕاستی ئەمە بکەینە شتێکی جیهانی کە پەیوەندیی نێوان زمان و پێناسە بنەڕەتییە، لەبەر ئەوەیە کە لە زۆر شوێنان، بۆ نموونە لە سویسڕا، چەند زمانێکی فەرمی هەیە، بەڵام خەڵکی سویسڕا بەگشتی خۆیان بە نەتەوەیەکی جیاواز دەزانن. تەنانەت ئەڵمانی قسەکەری هەیە، بەڵام خۆی بە جیاواز دەزانێت لە نەتەوەی ئەڵمان یان نەمسا. بۆ بەشی فەرەنسییەکەش هەر وایە، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەو زمانەشی کە قسەی پێ دەکات - بۆ وێنە زمانی فەڕەنسیی سویسڕا - لە هەندێک بوارەوە جیاوازە لە فەڕەنسیی فەرانسە. ئاوا توانیویانە خۆیان جیا بکەنەوە.

بەڵام تەنانەت لەم نموونانەشدا شتێکمان لەبیر بێت؛ واتە لەو نموونانەشدا کە دەڵێین زمان و پەیوەندیی ناسنامە ئەوەندە بنەڕەتی نین، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک شتی تر جێگەی زمان دەگرنەوە، واتە هێما و نیشانەی بەهێز پێویستە بۆ ئەوەی ناسنامەیەک دیاری بکرێت. هەندێک جار ئەمانە دامەزراوەی کۆمەڵایەتین؛ بۆ نموونە کەنەدا لە ئەمریکا زۆر بە ئاسانی جیا دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی لێرە ساغڵەمی (تەندروستی) یان کاروباری سەلامەتی بەخۆڕاییە، بەڵام لە ئەمریکا بە پارەیە. بۆ وێنە ئەمە بووە بە هێمایەکی ناسنامە بۆ کەنەدا، بەتایبەتی لەچاو ئەمریکا کە دراوسێیەتی. بەڵام بۆ کوردەکان وا نییە و ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت، هەروەها بۆ کاتالۆنییەکان و باسکەکان و وێڵزەکانی ئینگلستان، بەو پێیەی کە ئەو کۆمەڵگەیانە چەندین تایبەتمەندیی کولتووریی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئەو خەڵکە باڵادەستەی کە لەگەڵیان دەژین.

زمان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت بۆ جیاکردنەوەیان لە خەڵکانی دەوروبەر، چونکە ئەم کۆمەڵگەیانە چەندین تایبەتمەندیی کولتووریی هاوبەشیان لەگەڵ ئەو خەڵکە باڵادەستەی کە لەگەڵیان دەژین هەیە (وەک ئایین یان لە ڕووی هەندێک دابونەریتەوە وەکوو ئەوان دەچن). ئەمەش زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە چەند چەرخە لەژێر دەسەڵاتی نەتەوە باڵادەستەکاندان، زۆر دابونەریت و هەڵسوکەوت و دەربڕین و شێوەی بیرکردنەوە و ئەمانەشیان تا ڕادەیەک هاتۆتە ژێر کاریگەریی نەتەوە باڵادەستەکان، بۆیە لێرەدا زمان دەبێتە دەورێکی سەرەکی بۆ جیاکردنەوەیان، کورد لە خەڵکەکانی دەوروبەری؛ ئەمە وەک وتم بۆ باسکەکان و کاتالۆنییەکانیش هەروایە.

**لە ئێستادا کە جیهان بەرەو هەژموونی ژیریی دەستکرد (AI) هەنگاو دەنێت، پێگەی زمانی کوردی لەنێو کایە دیجیتاڵییەکاندا چۆن دەبینن؟ ئایا مەترسیی "نەخوێندەواریی دیجیتاڵی" هەڕەشە لە مانەوەی زمانی کوردی دەکات لە داهاتوودا؟**

هیچ شک لەمەدا نیە کە ئەمڕۆ ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد لە پەروەردەدا، لە کاروباری ڕۆژانەدا بەڕاستی دەورێکی زۆر گرنگ دەگێڕن؛ بەڵام زۆربەی دەورە گرنگەکە لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە دەگێڕدرێت، یان لەلایەن ئەو زمانانەوە کە دەسەڵاتدار و خاوەن دەوڵەتن. ئەمە جۆرێک نابەرانبەری و نایەکسانییەکی هێناوەتە ئاراوە لەنێوان زمانەکاندا و هەر بەم پێیەش لەنێوان ئاخێوەرانی ئەم زمانانەدا.

پرسیار ئەوەیە کە لە وەها هەلومەرجێکدا زمانی کوردی چی بەسەر دێت؟ دوو شت؛ لە لایەکەوە ئەم نایەکسانییانە بەداخەوە هەر قووڵتر دەبنەوە، لەبەر ئەوەیکە ئەو داتا و زانیارییە پێدراوانەی کە ژیریی دەستکرد پشتیان پێ دەبەستێت و بەم جۆرە زیرەک دەبێت، بە زمانی کوردی کەمن، بە زمانی ئینگلیزی ئێجگار زۆرن، بە زمانی عەرەبی ئێجگار زۆرن، بە زمانی فارسی دیسان لە کوردی زۆرترە (کەمترە لە ئینگلیزی بەڵام لە کوردی زۆرترە)، بەڵام بە کوردی کەمە.

بەداخەوە لێرەدا ئەمە نایەکسانییەکی زۆر گەورەی دروست کردوە. هەر لە سەرەتای ئینتەرنێتیشەوە، کاتی خۆی کە من لە دکتۆراکەمدا ئەوەم خوێندووەتەوە کە ئینتەرنێت و زمانی کوردی، ئینتەرنێتیش ئەمەی دروست کرد، بەڵام ئێستا ئەمە هەیە. بەڵام دەتوانرێت ئەم ژیرییە دەستکردە، ئەگەر وشیار بین و ئەگەر پشتیوانیمان هەبێت، دەتوانێت بە بەرژەوەندیی زمانی کوردی و زمانە کەمینەکان تەواو ببێت. بەڵام ئەگەر لێی بگەڕێین و بڵێین بزانین چۆن دەبێت و بە تەمای خودا بێت بەڵکوو زمانی کوردی بپارێزێت، ئەوە نەک تەنیا نایپارێزێت، بەڵکوو زۆرتر دەیخاتە پەراوێزەوە.

بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین بەڕاستی کەڵکی لێ وەربگرین، پێویستە دامودەزگاکان پشتیوانیی زۆرتر بکەن؛ بۆ نموونە پرۆژەیەک لە زانکۆی کوردستان لە هەولێر ئەمە ساڵێکە بەڕێوەیە و کاری زۆر باشیان کردوە. لە هەندێک زانکۆی دیکە، هەندێک مامۆستامان هەن لە فەڕەنسە، لە ئەڵمانیا، لە سۆئید، لە ڕۆژهەڵات و لە باشوور کاری زۆر باشیان کردوە تا ئێستا. بۆ نموونە وەرگێڕی گووگڵ (Google Translate) یان ئێستا لە گووگڵدا زمانی کوردی بەتایبەت بە دوو شێوەزاری سەرەکی: کوردیی ناوەندی و کوردیی کرمانجی هەن. لە ڕاستیدا دەبێت زۆرتر ئەو هەوڵانە بدەین. هەوڵەکانیش دەبێت لە بواری پرۆگرامینگ یان کۆدنووسی و پرۆگرامنووسی بە زمانی کوردی زیاتر کار بکرێت، هەروا پێویستمان بەوەیە کە خەزێنەی زمانیی دەوڵەمەندمان هەبێت. بەکورتی، تا زۆرتر ڤیدیۆ، دەق، و دەنگ بڵاوببێتەوە بە شێوەی دیجیتاڵ لەسەر سۆشیاڵ میدیا و ئینتەرنێت، بە زمانی کوردی هێشتا کەمە. هەتا بۆمان بکرێت هەموو لایەکمان دەبێت ئەو کارە بکەین، لە حکوومەتەوە تا تاکەکەسی و دامودەزگاکان. هەموو لایەک دەبێت لە بیانوویەک بگەڕێن کە هەرچییەکیان هەیە بە نووسین، بە دەنگ، یان بە قسە بیخەنە سەر ئینتەرنێت بە زمانی کوردی. بەم جۆرە دەتوانین داهاتوویەکی گەش بۆ زمانی کوردی لە دنیای دیجیتاڵ و ژیریی دەستکرددا دابین بکەین بە بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی دیجیتاڵی و خوێندەواریی ژیریی دەستکرد.

**ئێمە باس لە خوێندن بە زمانی دایکی دەکەین، بەڵام ئایا فرەدیالێکتی (فرە شێوەزاری) لەنێو زمانی کوردیدا، ڕێگرە لەبەردەم پرۆسەی ستانداردسازیی خوێندن، یان دەکرێت وەک دەوڵەمەندییەک بۆ داڕشتنی سیستەمێکی پەروەردەیی مۆدێرن بەکار بهێنرێت؟"**

هیچ گومانێک لەوەدا نییە، ئەگەر زمان، هەر زمانێک، یەک زمانی ستانداردی هەبێت بۆ پەروەردە، دەتوانێت زۆرێک لە کارەکانی باشتر بکات. ئەمە هیچ شەکی تێدا نییە. بەڵام هەندێک جاریش هەیە کە ئێمە جیاوازیی زمانیمان هەیە، بەڵام دانی پێدا ناهێنین؛ ئەم خۆبواردنە لە دانپێدانان و ڕەوایی‌دان بە جیاوازیی زمانی، دەتوانێت دەرئەنجامی نەرێنیی زۆرتری لێ بکەوێتەوە، وەک لەوەی کە دانی پێدا بنێیت و پاشانیش بتوانیت بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ دابنێیت کە چۆن بسازێیت لەگەڵ فرەزمانی و فرەزاراوەیی.

بە بڕوای من ئەگەر دان بەم فرەچەشنییەدا بنرێت و ڕێک بخرێت، لە ڕاستیدا ئەمە دەتوانێت ببێتە سەرمایەیەک بۆ زمان و کولتووری کوردی. زۆرێک لە سیستەمەکانی پەروەردەی مۆدێرن، وەک ئەوانەی لە کاتالۆنیا، وێڵز یان نۆرویژ هەن، بە سەرکەوتوویی فۆرمێکی نووسراوی ستاندارد لەگەڵ شێوەزارە ناوچەییەکان تێکەڵ دەکەن. بۆ نموونە: لە وڵاتی نۆرویژ، هەموو قوتابییەک دەبێت دوو شێوەزاری نۆرویژی فێربێت. زمانەکە جیاواز نیە، بەڵکو دوو شێوەزاری نۆرویژییە. دیارە ئەوان دوو ڕێنووسیشیان نیە، هەر ڕێنووسێکیان هەیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتیش هەروا دەبێت؛ تا ئێستا ئەوەندەی کە دیارە هەر ڕێنووسێک دەبێت. مادام ئەوەی کە ئیتر ئەو دەم کورمانجی‌ئاخێوەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر کارتێکەریی باکووری کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان، ئەوانیش بیانهەوێت ڕێنووسی خۆیان بگۆڕن، ئەوە شتێکی ترە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەمەش ڕوو بدات، ئەمە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە نیە؛ ژاپۆنییەکان سێ ڕێنووسیان هەیە لە جیاتی یەک ڕێنووس. بە سێ ڕێنووس دەنووسن، دنیاش خراپ نەبووە و دەبینین کە وڵاتێکی ئێجگار پێشکەوتووە لە هەموو بوارێکەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بەڕاستی ئێمە پلانێکی تۆکمەمان هەبێت. پلانێک کە لەگەڵ ئەوەدا کە دەتوانێت ستانداردێکی هاوبەش بۆ خوێندەواری پێشکەش بکات، لە هەمان کاتدا ڕێگە بدات بە شێوەزارەکان کە هەم لە بواری زارەکییەوە خۆیان دەربڕن و مەیدانیان بۆ دروست بکات، و هەم ئەوەی کە بتوانن منداڵەکانی خۆیان فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بکەن. ئەمە زۆرتر دەمێنێتەوە سەر کۆمەڵگەکە کە دەیەوێت چی بکات. ئەگەر لەوە بگەڕێین کە بەڕاستی کامیان لە بواری ئابوورییەوە، لە بواری هێز و وزەوە، لە بواری کاتەوە دەتوانێت زۆرتر بەسوود بێت، دیارە یەک زمان؛ بەڵام ئەم یەک زمان هەڵبژاردنە ئەگەر لەپێناو ئەوەدا بێت کە خۆمان گێل بکەین لە ئاست ڕاستییەکان و لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی، ئەمە زۆر زۆر ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت و زۆر بەپێچەوانەوە بەرهەم دەداتەوە. ئەودەم لەوانەیە، نەک لەوانەیە، بێ‌گومان، بۆی هەیە تووشی هەمان هەڵە ببین کە حکوومەتەکانی ئێران، تورکیە، سووریە و عێراق کاتی خۆی کردوویانە. داسەپاندنی یەک شێوەزار و یەک زمان جگە لەوەی کە مافی زمانییش پێشێل دەکات، تەنیا دوژمنایەتی بەرهەم دەهێنێت.



**ئەگەر سەیری جاڕنامە نێودەوڵەتییەکان بکەین، مافی خوێندن بە زمانی دایکی وەک مافێکی سەرەتایی مرۆڤ ناسێنراوە؛ بە بڕوای ئێوە وەک پسپۆڕێک، بۆچی تا ئێستا زمانە دایکییەکان (بە تایبەت کوردی لە هەندێک پارچە) نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی 'ماف'ەوە ببەنە 'پراکتیزە' لەنێو دامەزراوە فەرمییەکاندا؟**

پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان دان بە مافەکانی زماندا دەنێن، بەڵام کەمن ئەو پەیماننامە و جاڕنامانەی کە پەروەردەی تەواو بە زمانی دایکی مسۆگەر دەکەن. ڕێکخراوەکانی وەک ڕێککەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یونێسکۆ و یەکیەتیی ئوروپا بانگەوازی ئەمە دەکەن کە هەموو منداڵێک دەستی بە زمانی زگماکیی خۆی ڕابگات، وەکوو قسەپێکردن یان فێربوونی خوێندن و نووسینەوە بە زمانی یەکەم، بەڵام ئەم پەیماننامانە، بەداخەوە، زۆرجار لە بڕگەگەلێک و دەربڕینگەلێک کەڵک وەردەگرن کە دەتوانین پێیان بڵێین، زمانی 'خۆدزینەوە' یان 'زمانی دەربازبوون لە بەرپرسیاریتی'. بۆ وێنە دەنووسن: مافی زمانی بدرێت 'لە شوێنێک کە دەکرێت' یان 'کاتێک گونجاو بێت' یان، 'ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێت'. ئەم جۆرە زمان و دەربڕینە ڕێگە بە دەوڵەتان دەدات بە ئارەزووی خۆیان پەیماننامەکە جێبەجێ بکەن، یان زۆر بە کەمی ڕەچاوی بکەن یان هەر بە ئێجگاری وەپشت گوێی بخەن. هەندێک لەو پەیماننامانە، وەکوو ئەوەی یونێسکۆ، زۆر بە ڕاشکاوی پشتیوانی دەکەن نەک هەر لە خوێندنی زمانی زگماکی لە فێرگە، بەڵکوو هەروەها لە 'خوێندن بە زمانی زگماکی'؛ بەڵام، جاڕی لەم چەشنە دڵخواز و ئەکادیمییانە چنگ و ددانیان نیە؛ واتە، هەر قسەن؛ پێشنیارن. ئەگەر وڵاتێک بە گوێیان نەکات، هیچ میکانیزمێک لە گۆڕێدا نیە کە سزا بدرێت.

جا، ئێستا پرسیار ئەمەیە کە بۆچی مافی زمانی بە ئاشکرا دەرنابڕدرێت و نایەتە مەیدانی کردەوە، نە لە جاڕنامەکاندا و نە وڵاتێکی وەکوو ئێران؟ هۆیەکەی ئەمەیە کە مافی زمانی تەنیا زمان ناگرێتەوە؛ بەڵکوو هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانیش دەگرێتەوە. واتە، بەشکردنی دەسەڵاتی زمانی و دانی مافی زمانی، هەروەها بە واتای دابەشکردنی دەسەڵاتە. مافی زمان لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە داینامیکی دەسەڵاتەوە هەیە.

وڵاتانی وەک سویس، نۆرویژ، باشووری ئەفریقا و بێلژیک بە پاراستنی چەندین زمان، هاوبەشکردنی کاریگەریی سیاسی و ئابووری لە نێوان گرووپە جۆراوجۆرەکاندا

درێژە بۆ لاپەڕەی ٧

# ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار، لە ناسنامەوە بۆ ئازادی!



هەیاس کاردۆ

چەمکی ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار لە مێژووی زۆرێک لە نەتەوەکانی جیهاندا ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە. سروشتی ئەم جۆرە لە ناسیۆنالیزم بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی زاڵ کە هێرشبەر و چەوسێنەرە، لەسەر بنەمای دیفاع لە ناسنامە، کەسایەتی و دیاریکردنی مافی چارەنووسە. بۆ تێگەیشتن لە دروستیی ئەو چەمکە، خەباتی نەتەوەی کورد باشترین نموونەیە. نەتەوەی کورد هەرچەند خاوەن وڵات و دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، کەچی ناسنامەیەکی مێژوویی، فەرهەنگی و سیاسیی سەربەخۆی هەیە. ئەم ناسیۆنالیزمەی کورد بەدرێژایی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوو کە هەستی بە ژێردەستەیی کردووە، بێ ڕاوەستان هەوڵی وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی داوە.

با لە پێشدا بزانین ئەسڵەن ناسیۆنالیزم چییە؟ لە سادەترین پێناسەی خۆیدا، ناسیۆنالیزم بە وشیاریی دەستەجەمعیی نەتەوەیەک دەگوترێ کە ئاشنا بە ناسنامەی تایبەتی خۆیەتی و هەوڵی ڕاگرتنی دەدا. دیارە هەر کەسیش وەک تاک بەو وشیارییە گەیشتبێ و لەپێناو ئازادیی نەتەوەکەیدا خەبات بکا، ناسیۆنالیستە. دیارە ئەو ناسنامەیە دەتوانێ لەسەر بناغەی زمان، کولتوور، مێژوو، خاک و یان ئەزموونی هاوبەش بنیات نرابێ. بەڵام ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی تاک جەمسەری، یان تاک ڕەهەندی نییە. لە مێژوودا دووجۆر ناسیۆنالیزم ئەزموون کراون کە هەر ئێستاش نموونەیان بەرچاو دەکەوێ:

– ناسیۆنالیزمی مەنفی، یان نەرێنی.
– ناسیۆنالیزمی مۆسبەت، یان ئەرێنی؛ ئەوەی ناوم ناوە (ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار)

یەکەم؛ ناسیۆنالیزمی نەرێنی

ناسیۆنالیزمی نەرێنی کە هەمان دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی بەسەر کۆمەڵگەدایە، زۆر کاولکار و پڕ مەترسییە. ئەوجۆرە ناسیۆنالیزمە کاتێک سەرهەڵدەدا کە نەتەوەیەک، یان دەوڵەتێک خۆی بە مەزنتر و ئەسڵتر لەوانی دیکە بزانێ و بۆ هێنانە ژێر ڕکێفی ئەوانی دیکە دەست بۆ سەرکوت و زەبروزەنگ ببا. مەزنیخوازی، نەفرەت، ڕق، توندوتیژی، دنیا بە چاویلکەی ڕەش و سپی دیتن لە تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی ئەو ناسیۆنالیزمەیە.

نموونەی مێژوویی و کاولکاریی ئەوجۆرە لە ناسیۆنالیزم، فاشیزمی ئەڵمانیی هیتلەرییە کە شەڕی دووهەمی جیهانیی خوڵقاند. جۆرێکی دیکە لەو ناسیۆنالیزمە، شۆڤینیزمی زاڵ بەسەر وڵاتانی وەک ئێران، تورکیە، عێراق و سووریەدایە. سیاسەتی ڕەسمیی هەموو ئەو وڵاتانە سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی غەیری خۆیانە کە بەداخەوە کورد خۆراکی دایمییان بووە. سیاسەتی گشتیی ئەوجۆرە لە ناسیۆنالیزم کە هەر وەک گوترا لە شکڵی فاشیزم، نازیسم، شۆڤینیزم و شتی وادا خۆی دەردەخا، هێنانە ژێر ڕکێفی هەر ڕەنگ و دەنگێکی جیاواز، برینی هەر زمانێکی جیاواز و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکدەستە کە ناوی (میللەت) یان بۆ دیاری کردووە. خودی دەستەواژەی دەوڵەت–نەتەوەش ڕاست لێرەوە سەرچاوەی گرتووە.

دووهەم؛ ناسیۆنالیزمی ئەرێنی، یان بەرهەڵستکار

ئەو ناسیۆنالیزمە کاتێک سەرهەڵدەدا کە نەتەوەیەکی ژێردەست بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریی خۆی خەباتێکی بەرابەریخوازانە دەست پێ دەکا. لێرەدا زۆربەی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە بەو ڕادەیە لە وشیاری گەیشتوون کە بزانن: یەکەم، ناسنامەی جیاوازیان هەیە؛ دووهەم، مافیان پێشێلکراوە؛ سێهەم، پێویستە بۆ ئەستاندنی ئەو مافە خەبات بکەن. لەو نموونانەی خوارەوەدا دەتوانین ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار بدۆزینەوە:

– خەباتی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە سەدەی بیستی زایینیدا.
– بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی هیندستان لە دژی بریتانیا.
– بزووتنەوەی دژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور.

لەو نموونانەدا، ناسیۆنالیزم لەسەر بناغەی ڕق و سەرەڕۆیی بنیات نەنراوە. مەبەستی لەنێوبردنی خەڵکی دیکە نیە. تەنیا هەوڵی گەیشتن بە مافی بەرابەر و کۆتاییهێنان بە نادادپەروەری دەدا.

کورد، وەک نموونەی هەرە بەرچاوی ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکار!

نەتەوەی کورد بەرچاوترین نموونەی ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکاری لە خۆی نیشان داوە. با بزانین هۆی ئەوە چییە: کورد کە خاوەن زمان، کولتوور، مێژوو، خاک و بیرەوەریی هاوبەشە، کەچی:

– بە زۆرەملێ بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە.
– لانیکەم لە یەک سەدەی ڕابردوودا بەردەوام لەگەڵ سیاسەتی ژێنۆساید، قڕکردن، تواندنەوە، کۆچپێکردن و هی دیکە ڕووبەڕوو بووەتەوە.
– لە بچووکترین مافی ژیانی مرۆڤی سەردەم بەهرەمەند نەکراوە.

بەو حاڵەش هەر وەک دەبینین ناسنامەی خۆی بە باشی پاراستووە. بەو ئاستە لە وشیاری گەیشتووە کە وەدوای کێشەی خۆی بکەوێ و خەباتی لەپێناودا بکا. یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆی بپارێزێ و هەوڵی پەرەگرتنی بدا.

ناسیۆنالیزمی کورد لە زاتی خۆیدا لەسەر ئەم خسڵەتانە بنیات نراوە:

١. بەرهەڵستکارانەیە، نەک هێرشبەرانە.
٢. بۆ مانەوە و درێژەی ژیان و کەرامەتی مرۆڤایەتی هەوڵ دەدا.
٣. خوازیاری ئازادی و بەرابەرییە، نەک هێنانە ژێر پێی مافی خەڵکی دیکە.

ئێستا پرسیارە گەورەکە ئەوەیە، کورد چۆن دەتوانێ بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی بگا؟ هەرچەند تا ئێستا ڕێگەی جۆراوجۆر بۆ گەیشتن بە ئازادی تاقی کراونەتەوە، بەڵام لەوانەیە هێشتا دەرگا ئەسڵییەکە نەدۆزرابێتەوە. بۆ وەی خەباتی هاوبەشمان بەردەوام بێ و لەگەڵ ڕۆحی سەردەمی ئێستا بگونجێ، بە باوەڕی من پێویستە وزە و مێشک و توانای نوێ وەگەڕ بخرێ. ئەم ڕێگایانەی خوارەوە دەتوانن یارمەتیدەری زیاترمان بن:

یەکەم؛ بردنەسەری وشیاری و یەکگرتوویی زیاتری نەتەوەیی:

هیچ نەتەوەیەک بەبێ بوونی وشیاریی مێژوویی و یەکگرتوویی نێوخۆیی ناتوانێ بە ئازادی بگا. ڕقەبەرایەتیی ناسالم، ململانێ، دەستە و دەستەبازی، پیلانگێڕی دژی یەکتر، ناوچەگەرایی و شتی لەو بابەتانە بەهێزترین چەکی دەستی نەیارانی کوردە بۆ سەرکوتی خۆمان.

دووهەم؛ ناسیۆنالیزمی دێموکراتیک:

ناسیۆنالیزمی کورد دەبێ لەسەر بناغەی دێموکراسی، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە نەتەوەکانی دیکە خۆی پێناسە بکا. تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەتوانێ مەقبوولییەتی جیهانی وەربگرێ و شانسی پەرەگرتنی هەبێ.

سێهەم؛ خەباتی ڕێکخراو و بەردەوام:

لە کاتی ئێستادا نەتەوەی کورد زیاتر لە هەمیشە پێویستیی بە زمانی سیاسەت، دیپلۆماسیی بەهێز، بەشداریی چالاک لە سەحنەی نێونەتەوەیی، دروستکردنی دامەزراوەی مەدەنی و ڕاگەیەنەری بەهێز هەیە. لەگەڵ ئەوانەش، خۆچەکدارکردنی زیاتر و دەستڕاگەیشتن بە چەکی مۆدێڕن و مەشقی دایمی، لە پێویستییەکانە. هێزی سیاسیی خاوەن ئەزموون و نەتەوەیی دەتوانێ داینەمۆی خەباتکارانی ڕێی ئازادی بێ بە شەرتێک لە خەت لانەدا. حیزبایەتی دەبێ تەنیا کەرەستەی گەیشتن بە ئامانج بێ نەک خودی ئامانج.






چوارەم؛ پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی:

زمان کۆڵەکەی بوونی نەتەوەیە. هەر قوتابخانەیەک سەنگەرێکی بەهێزی بەرگرییە. هەر کتێبێکی کوردی ئەزموونێکی ژیانە. لەسەرمانە لەو چەکە بە باشترین شێوە کەڵکوەربگرین. بە ونبوونی زمان، نەتەوەش دەفەوتێ.

لە یەک وشەدا، ناسیۆنالیزمی بەرهەڵستکاری کورد هەڕەشە لەسەر هیچ لایەنێک نیە. بەڵکوو هاوارێکە بۆ دادپەروەری و بەردەوامیی ژیان. کورد نایهەوێ کەس بسڕێتەوە، هەر وەک ڕێگەش نادا بیسڕنەوە. مێژوو نیشانی داوە هیچ نەتەوەیەک بۆ هەمیشە لەژێر زوڵمدا نامێنێتەوە. هەر ناسنامەیەک بناخەکەی لەسەر حەقیقەت، فەرهەنگ و بیرەوەریی هاوبەش بنیات نرابێ، درەنگ یا زوو ڕێگای خۆی بەرەو مەنزڵی ئازادی و ئاسوودەیی دەدۆزێتەوە.

قسەی کۆتایی: کاتێک ناسیۆنالیزم لە خزمەت کەرامەتی مرۆڤایەتیدا بێ، نەک مەترسیدار نیە، بگرە شانازییە. با هەموومان لەو شانازییە بەهرەمەند بین.

---

## درێژەی وتووێژ

## لەگەڵ د. جەعفەر شێخولئیسلامی

قبووڵ دەکەن. بەپێچەوانەوە، لە وڵاتانی وەک ئێران، پێدانی مافی زمانەوانیی کورد وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکیەتیی نەتەوەیی دەزانرێت. کەچی دەیان نموونە لە دنیا پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنن. بۆ وێنە، کوبەک گەرەکی بوو لە کەنەدا جیا بێتەوە، بەڵام، هەتا زۆرتر مافی سیاسی و کولتووری، لەوانە زمانی، وەردەگرێت زۆرتر حەز دەکات وەکوو بەشێک لە کەنەدا بمێنێتەوە. ئەمە سەبارەت بە باسکەکان لە ئیسپانیا، وێڵشەکان لە ئینگلستان و فلێمیشەکان لە بێلژیکیش ڕاستە.

کەواتە پرسی ڕاستەقینە خودی پەیماننامەکان نین؛ پرسە ڕاستەقینەکە ئەمەیە کە ئایا دەوڵەتەکان ئامادەن دەسەڵات هاوبەش بکەن و قبووڵ بکەن کە مەرج نیە یەک نەتەوە تەنیا یەک زمانی هەبێت؟ هەتا ئەمە پەسند نەکەن، مافی زمانی یان باسی ناکرێت یان هەر لە قسەدا دەمێنێتەوە."

**کاریگەریی دەروونی و مەعریفیی 'قەدەغەکردنی زمانی دایکی' یان 'پەراوێزخستنی' لە قۆناغی منداڵیدا چییە؟**

کاتێک زمانی دایکیی منداڵ قەدەغە دەکرێت یان دەنرێتە لاوە، کارتێکەرییەکەی لە ئاستی زمان تێدەپەڕێت؛ واتە ئەمە تەنیا زمان نیە کە پەراوێز خراوە، بەڵکوو ئاخێوەرەکە و ژیانی ئەو ئاخێوەرەیە. منداڵان یەکەم زمانی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ تێگەیشتن لە جیهان، بۆ دەربڕینی هەستەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵ خێزان. کاتێک ئەو زمانە وەک "هەڵە" یان "بڤە" یان "ناتەواو" مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، زۆرجار منداڵان هەست بە شەرمەزاری، سەرلێشێواوی، یان فشار دەکەن بۆ شاردنەوەی بەشێک لەوەی کە کێن؛ واتە یان پێناسەکەیان دەشارنەوە یان شەرمی لێ دەکەن. خۆبەکەمزانین یەکێک لە کوشەندەترینی ئەو هەستانەیە کە نابێت ڕێگای بۆ مێشکی هیچ منداڵێک هەبێت.

وەلانانی زمانی منداڵ هەروەها پەیوەندیی نێوان نەوەکان لاواز دەکات، چونکە ڕەنگە منداڵان کێشەیان هەبێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ دایک و باوک یان باپیر و داپیر؛ بەم جۆرە، گواستنەوەی چیرۆک، دیرۆک و دابونەریتی بنەماڵە و خێزان زۆر قورستر دەبێت، یان هەر ناکرێت.

پەراوێزخستنی زمانی منداڵ، هەروەها، کاریگەریی لەسەر فێربوون هەیە. توێژینەوەکان دەری دەخەن کە زۆربەی منداڵان لە خوێندنی فێرگەدا سەرکەوتوو دەبن ئەگەر پەروەردە بەو زمانە دەست پێ بکەن کە باشتر دەیزانن و بە زمانی خۆیانی دەزانن. ئەگەر ئەو زمانە لاببرێت، فێربوون قورستر دەبێت، متمانەبەخۆبوون دادەبەزێت و قوتابخانە دەتوانێت ببێت بە ژینگەیەکی ناهێمن و ناپارێزراو کە منداڵ حەزی پێ ناکات.

بە تێپەڕبوونی کات ئەمە دەتوانێت دابڕانی کولتووری دروست بکات. زۆرێک لە گەورەساڵانی گرووپە کەمینەکان دواتر دەڵێن هەست دەکەن لە ڕەگ و ڕیشەی خۆیان بڕاونەتەوە، چونکە زمانەکەیان لە گەنجیدا بەهای نەبووە. لەو چل ساڵەدا کە لە کەنەدا بووم، بە دەیان جار، ئەگەر نەڵێم سەدان جار، ئەمەم بینیوە و بیستووە.

کاتێک منداڵان ڕێگەیان پێ دەدرێت زمانی دایکیی خۆیان بپارێزن و لە هەمان کاتیشدا زمانی زاڵ فێرببن، لە ڕووی ئەکادیمییەوە باشتر دەبن، هەست بە دڵنیاییی زیاتر دەکەن لە ناسنامەکەیاندا و پەیوەندییان بە کولتوورەکەیانەوە پتەوتر دەبێت. وەپێشخستنی زمانی زگماکی لە سیستەمێکی پەروەردەی فرەزمانەدا، منداڵ و هەم کۆمەڵگە بەهێز دەکات.

**زۆرینەی زمانە زیندووەکانی جیهان لە ڕێگەی 'زمانی ئەدەب'ەوە گەشەیان کردوە؛ ئایا ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی توانیویەتی وشەسازی و ڕستەسازیی زمانی کوردی نوێ بکاتەوە، یان هێشتا لەژێر سێبەری زمانە دراوسێکان و وەرگێڕانە لاوازەکاندا گیری خواردوە؟**

خوێندن و پەروەردە بە زمانی زگماکی بە لەبەرچاوگرتنی هەموو کۆسپ و تەگەرە سیاسی و کولتوورییەکان کە خراونەتە بەر دەم زمانی کوردی، دەتوانین بڵێین کە کوردی لە ئاستی دەربڕینی سەردەمییانەوە پێشکەوتنێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە. هەر ئەوەندە بەسە کە دوو دەق پێک بگرین: کوردستانی ساڵەکانی ڕابردوو (سەردەمی کۆمار، پەنجاکان، هەشتاکان) و کوردستانی ئێستا، جا ئەو کاتە دەبینن کە لە ئاستی زمان و دەربڕینی سەردەمییانەوە پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، هەموویان زۆربەی بەرهەمە کوردییەکان شەقڵ و شوێنی زمان و گوتاری باڵادەستیشی پێوە دیارە. هۆیەکەشی ئاشکرایە: زۆربەی کوردی ڕۆژهەڵات کە فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت، بە فارسی فێر دەبێت، نەک بە کوردی. ئەگەر بە زمانی فارسی خوێندت، بیرکردنەوە و تێگەیشتنت لە دنیا و دەوروبەرت بەو زمانە ڕادێ و لە قاڵب دەدرێت. بۆیە، وشەکانت، دەربڕینەکانت، تەنانەت ڕێزمانەکەت وردە وردە خۆیان لەگەڵ فارسی ڕێک دەخەن، تەنانەت ئەگەر پێت وابێت کە بە کوردی قسە دەکەیت یان دەنووسیت.

بۆ نموونە، هەر لەسەر سۆشیال میدیا گوێ لە قسەکردنی شارەدارە کوردەکان، ئەندازیارە کوردەکان، یان دوکتورە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بگرە. زۆربەی کاتەکان فارسێک بە باشی لێیان تێ دەگات، چونکە نەک تەنیا زمانەکەیان، بەڵکوو شێوەی قسەکردنیان، ڕاوێژیان و بۆچوونەکانیشیان بە خەستی کەوتووەتە ژێر کارتێکەریی زمان و کولتووری فارسی. بۆچی؟ چونکە بەو زمانی دووهەمە پەروەردە بوون.

پییێر بۆردیۆ، کۆمەڵناسی فەرەنسی، زۆر بە دروستی گوتوویە: "داسەپاندنی زمانێکی باڵادەستی ستاندارد تەنیا بۆ ئاسانکردنەوەی پێوەندییەکان نییە، بەڵکوو بۆ یەکسانکردنی جیهانبینییەکانە"؛ لەو یەکسانکردنەشدا، زمان و کولتوورە بەکەمینەکراوەکان دەفەوتێن. جا بۆیە، خوێندن بە زمانی دایک ئێجگار گرنگە. لە سەردەمی خوێندەواریی گشتیدا، لە سەردەمی تەکنۆلۆژیا و ئەلگۆریتمدا، کە بەبێ زمان هەڵناسووڕێت، زیندوومانەوەی زمانێک بە توندی بەستراوەتەوە بە شوێن و پێگەی ئەو زمانە لە پەروەردەی گشتیدا؛ زمانێک کە لە پەروەردەی گشتیدا دەورێکی سەرەکی نەگێڕێت، زۆر زەحمەتە لە درێژخایەندا بتوانێت زیندوو بمێنێتەوە.

**بۆ پاراستنی زمانی کوردی، پێویستمان بە 'سیاسەتی زمانەوانیی' حکوومی هەیە. بە بڕوای ئێوە، گرنگترین خاڵ کە دەبێت لە ستراتیژیی نەتەوەیی بۆ پاراستنی زماندا هەبێت چییە، و ئایا ئەکادیمیاکانی زمان توانیویانە ئەو ڕۆڵە بگێڕن؟**

گرنگترین خاڵ لە ستراتیژێکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی زمانی کوردیدا بریتییە لە: پابەندبوونێکی پتەو بە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی پەروەردە، نەک تەنیا وەکوو مادەیەک، دەرسێک لە فێرگە، یان تەنیا وەکوو هێمایەکی کولتووری. کاتێک زمانێک دەبێتە بەشێک لە خوێندنی ڕۆژانە، پێگەی ڕاستەقینە و بەکارهێنانی ڕاستەقینە و قسەکەرانی ڕاستەقینەی داهاتوو بەدەست دەهێنێت. هەموو شتێکی تر، میدیا، زاراوە، ڕاهێنانی مامۆستا، بەستراوەتەوە بەم بناغە پتەوەوە.

هەروەها سیاسەتی پەروەردەی بەهێز ئاماژەیە بۆ شتێکی قووڵتر، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەت ناسنامەی کورد وەک بەشێک لە میللەت قبووڵ دەکات و ئامادەیە فەزای کولتووری و سیاسیی هاوبەش بکات. ئەو وڵاتانەی کە چەندین زمان دەپارێزن، وەک سویس یان باشووری ئەفریقا، نیشان دەدەن کە ئەمە یەکیەتیی نەتەوەیی بەهێز دەکات، نەک لاوازی دەکات. ناوچەکانی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە سیستەمی فیدراڵیدا، وەکوو کوبەک لە کەنەدا، وڵاتی باسک لە ئیسپانیا و وڵاتی وێڵز لە ئینگلستان، دەیسەلمێنن کە پەروەردە بە زمانی دایکی دەتوانێت نەک تەنیا زمانێک زیندوو بکاتەوە و پەرەی پێ بدات، بەڵکوو دەتوانێت پشتگیری لە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکات.

کەواتە کاکڵ و ناوکی هەر سیاسەتێکی زمانی سەبارەت بە زمانی کوردی لە شوێنێکی وەکوو ئێران، دەبێت ڕوون و بوێرانە بێت: زمانی کوردی بکاتە زمانێکی ئاسایی بۆ فێرکردن و فێربوون لە فێرگەکاندا، لەپاڵ زمانی فارسی، ئینگلیزی و زمانەکانی تر. سیاسەتێکی تۆکمە و دادپەروەرانەی زمانی لە چەرخی ٢١دا دەبێ لەسەر بناغەیەکی دێموکراتیک و فرەچەشنی دابمەزرێت: خوێندن و پەروەردەی فرەزمانە کە لەسەر بناغەی زمانی زگماکی، وەکوو زمانی یەکەمی پەروەردەی زارۆک، دامەزراوە.

***

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



### "من ئێستە لێواری بەڵێنم، خۆرێکی ڕووناکتر لە کەلی شانمەوە دێتە دەر"

شەهید مستەفا خاتەمی (جەوان)



برایم چووکەڵی

گەلی قارەمان و تێکۆشەری کورد بە درێژایی مێژوو بۆ ڕزگاری لەژێردەستی و چەوسانەوە خەبات و بەربەرەکانی کردوە. ڕۆڵە بەشەرەفەکانی گەلی کورد لە هیچ چەشنە فیداکارییەک و گیانبازییەک درێغییان نەکردوە، بۆیە چیا و پێدەشتەکانی نیشتمانی ئێمە بە خوێنی شەهیدە سەربەرزەکانی ڕەنگین بووە. دار و دەوەنی ئەم نیشتمانە بە خوێنی گیانبازان و فیداکارانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەرزی پاراو کراوە و کاروانی لەپسان نەهاتووی شەهیدان بێپسایەوە ڕۆژبەڕۆژ لە ڕێگادا بووە و هەروا درێژەی هەیە. ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد بە بەخشینی گیانی پاکیان، بوون و مەوجوودییەتی گەلەکەیان سەلماندووە. یەکێک لەو تێکۆشەرە هەڵکەوتووانەی نەتەوەکەمان کە گیانی پاکی خۆی لە ڕێگای دێموکراسی و ئازادیدا دانا و لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەی لە فیداکاری و قارەمانێتیی پێشمەرگە خەباتکارەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاد کرد؛ فەرماندەی قارەمان شەهید مستەفا خاتمی، ناسراو بە "مستەفا جەوان"ە

شەهید مستەفا ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە گوندی ئاڵیاوێی شێخان، سەر بە ناوچەی نەغەدە لەدایک بوو. چاوکردنەوەی مستەفا خۆشحاڵیی خستە نێو بنەماڵەوە. بەرەبەرە لە ئامێزی گەرمی دایکی دڵسۆزی و سێبەری باوکی خۆشەویستیدا گەورە بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا و تا پۆلی ٥ی سەرەتایی خوێندی و هاوینانیش یارمەتیی باوکی دەدا. ئەو هەرچەند زۆر منداڵ بوو، بەڵام شانی دایە بەر کار و کاسبی بۆ ئەوەی ژیانی بنەماڵەکەی کەمێک بەرەو باشتر بڕوات. پاشان ماڵیان بەرەو گوندی دێشەمس لە ناوچەی نەلۆسی شنۆ گوێزرایەوە و دوای چەند ساڵ مانەوە لەوێ ڕوویان لە گوندی قەڵاتان لە ناوچەی نەغەدە کرد.

مستەفا بەرەبەرە هەڵی دا و بەتەواوی دەورووبەری خۆی ناسی و هەستی بە بەشخوراوی و چەوسانەوە کرد. ئەو دەیزانی کە چۆن کۆنەپەرستان زوڵم و زۆریان لە گەلی چەوساوە و ژێردەستەی کورد کردوە، هەر بۆیەش ڕووی کرد کوردستانی گەرمێن و ماوەی ١٠ ساڵ لە باشووری کوردستان پێشمەرگایەتیی کرد و زۆر ئازایەتی و قارەمانێتیی لە خۆی نیشان دا. لە هەمان کاتیشدا پەیوەندیی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو، و ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی بە دڵ و گیان بەڕێوە دەبرد و ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات بوو. مستەفا هەمیشە هەوڵی دەدا زیاتر فێر بێت و پلەی زانیاریی خۆی بەرێتە سەر، هەر بۆیەش لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا دەرسی کوردیی خوێندبوو و زۆر شت فێر بوو.

مستەفا ساڵی ١٣٥٤ گەڕایەوە کوردستانی ئێران و ڕێژیمی پاشایەتی، مستەفا جەوانی بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک خستە زیندانەوە و ئازار و ئەزییەتی زۆر درا. بەڵام مستەفای قارەمان بەچۆکدا نەهات و ورەی بەرزی کز نەبوو، بەڵکوو بەئیمانتر و سوورتر لەسەر باوەڕی مایەوە. پاشان کە ئازاد کرا هەتا ساڵی ١٣٥٧ لە کوورەخانە دەستی بە کرێکاری کرد. بە دەستپێکردنی خۆپێشاندان دژی ڕێژیمی پاشایەتی، مستەفا شانی وەبەر نا؛ ئەو زۆر لەمێژ بوو بە ئاواتی ڕۆژێکی ئاوا بوو، هەر بۆیەش بەشداریی چالاکانەی کرد و خەڵکی بە دژی ڕێژیمی شا هان دەدا.

پاش شۆڕشی پڕشکۆی گەلانی ئێران و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی کە دەستیان بەسەر دەستکەوتەکانی خەڵکی ئێراندا گرت، حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتی ئاشکرای خۆی لە سەرتاسەری کوردستان ڕاگەیاند. بەڵام زۆری نەکێشا کە ئاخوندەکان جیهادیان دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و هێرشی بەبڵاویان هێنایە سەر خەڵکی کوردستان و دەستیان بە کوشتنی خەڵک و ئاگرتێبەردانی چەندین گوند کرد و بەبوونە قەڵاچۆکردنی خەڵک. مستەفا جەوان دەستی دایە چەک بۆ بەرگری لە خاک و نیشتمان و لە هێزی شەهید سمکۆی ئەو کاتدا سازمان درا. بە ئاکار و کردەوەی جوان زۆر زوو هەستی خۆشەویستیی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و ئەوپەڕی ئازایەتی و لەخۆبوردوویی لە خۆی نیشان دا. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی تێیدا بوو، بە فەرماندەی لکێک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ دیاری کرا.

شەهید مستەفا جەوان لە شەڕی داسەپاوی نەغەدەدا ئەوپەڕی ئازایەتی و قارەمانێتیی لە خۆی نیشان دا. لەژێر فەرماندەیی مستەفای تێکۆشەر و قارەماندا، پێشمەرگەکانی ئەو لکە زۆر زەبری گورچکبڕیان لە هێزی دوژمن دا و چەندین عەمەلیاتیان لە دژی داگیرکەران و پەلاماردەران بەڕێوە برد و لە زۆر شەڕی گەورە و بچووکی ساڵی ١٣٥٨دا بەشداریی چالاکانەی کرد.

شەهید مستەفا بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیات لە دژی خوێنمژانی کۆماری ئیسلامی، ئێوارەی ڕۆژی ١٢ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ لە نزیک پاسگای "دووئاوان" هەڵکەوتوو لەسەر ڕێگای نەغەدە بۆ پیرانشار، وێڕای پێشمەرگەکانی لکەکەی کەمینێکیان دانایەوە. لە ئەنجامدا چەند ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە چەکداری ڕێژیم کەوتنە کەمینی ڕۆڵەکانی دێموکراتەوە و ژمارەیەکی بەرچاویان لێ کوژرا و بریندار بوون و چەک و چۆڵێکی بەرچاویش بە دەستکەوت گیرا. لەو شەڕەدا بەداخەوە مستەفا جەوانی شۆڕشگێڕ و فەرماندەی لک، لەگەڵ هاوسەنگەرێکی بەناوی ڕەحمان میکایلی شەهید کران و خوێنیان تێکەڵ بە خوێنی شەهیدانی لەپسان نەهاتووی سوورخەڵاتی نەتەوەکەیان بوو.

## دوایین دەرفەتی ڕۆژاوا؛

# چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانیی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت (٣-٣)

فارین ئەفەیرز – ئالێکساندەر ستوب

و: لە ئینگلیزییەوە کەماڵ حەسەنپوور



جیهانی داهاتوو تاقمێک دامەزراوەی دوای جەنگ، یارمەتیدەری ئیدارەکردنی دنیا بەناو خێراترین سەردەمی گەشەسەندنەکەی و بەردەوامیی دەورەیەکی لەڕادەبەدەری ئاشتیی ڕێژەیی بوون. ئەمڕۆ، ئەوان مەترسیی هەرەسهێنانیان هەیە. بەڵام ئەوان دەبێ بمێننەوە، چونکە دنیایەکی دامەزراو لەسەر کێبڕکێی بەبێ هاوکاری، دەبێتە هۆی کێشە. بەڵام، بۆ زیندوومانەوە دەبێ ئەوان بگۆڕدرێن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان کاریگەریی پێویستیان لەسەر پەرگالی هەنووکەیی نییە و، بەبێ ئاڵوگۆڕ، خۆی لێ بێبەری دەکەن. ناکرێ ئەو وڵاتانە بۆ ئەو کارەیان لۆمە بکرێن؛ پەرگالە جیهانییە نوێیەکە ڕاناوەستێ.

لانیکەم سێ سیناریۆ دەکرێ لە دەیەی داهاتوودا سەر هەڵبدەن. لە یەکەمیاندا، پشێویی هەنووکەیی هەروا بەردەوام دەبێت. بەشێک لە توخمەکانی پەرگالی کۆن دەمێنن، بەڵام ڕێزگرتن لە ڕێسا و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لەگۆترە دەبێت و زۆرجار بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان دەبێت، نەوەک بایەخی خۆڕسکی ئەوان. توانایی چارەسەرکردنی ئالنگارییە مەزنەکان سنووردار دەبێت، بەڵام لانیکەم دنیا ناکەوێتە ناو پشێویی مەزنترەوە. بەڵام، کۆتاییهێنان بە کێشەکان گەلێک دژوار دەبێت، چونکە زۆربەی ڕێککەوتنەکانی ئاشتی، سەوداگەرانە دەبن و ئەو دەسەڵاتەیان نابێت کە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

شتەکان خراپتر دەبن: لە سیناریۆی دووهەمدا بنچینەکانی پەرگالی لیبراڵیی جیهان، ڕێسا و دامەزراوەکانی، بەردەوام دەسوێن و پەرگالی هەنووکەیی هەرەس دەهێنێت. بەبێ ناوەندێکی ئاشکرای خاوەن دەسەڵات، دنیا لە گێژاو نێزیک دەبێتەوە و وڵاتان ناتوانن قەیرانە تەنگەتاوەکانیان، وەک قاتی و قڕی، پەتاکان یان ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن. پیاوانی خاوەن دەسەڵات، سەرۆکشەڕەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان ئەو بۆشاییەی دەسەڵات پڕ دەکەنەوە کە لەگەڵ پاشەکشەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دروست دەبێت. مەترسیی بوونی کێشە هەرێمییەکان بە چەخماخەی شەڕی بەربەرینتر پەرە دەگرێت. لە دنیایەکی بێسەرەوبەرەدا، سەقامگیری و پێشبینیکراوی ڕیزپەڕ دەبن، نەوەک دۆخی باو. نابژیوانیی نزیکەی نامومکین دەبێت.

بەڵام پێویست ناکات بەو شێوەیە بێت. لە سیناریۆی سێهەمدا، هاوسەنگییەکی نوێی دەسەڵات لە نێوان جیهانی ڕۆژاوا و جیهانی باشوور دەتوانێت پەرگالێکی جیهانیی هاوسەنگ بەرهەم بێنێت کە لەویدا وڵاتان دەتوانن هەڵسوکەوت لەگەڵ زۆربەی ئالنگارییە تەنگەتاوەکانی جیهان بە هاوکاری و گفتوگۆ لە نێوان لایەنە یەکسانەکاندا بکەن. ئەو هاوسەنگییە دەتوانێ کێبڕکێی تێدابێت و پاڵنەری دنیا بەرەو هاوکاریی زیاتر لەبارەی پرسەکانی کەشوهەوا، ئاسایش و تەکنۆلۆژی بێت؛ واتە ئەو ئالنگارییە جیددییانەی کە هیچ وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێت چارەسەریان بکات. لەو سیناریۆیەدا، پڕەنسیپەکانی جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبن، کە دەبنە هۆی ڕێککەوتنی دادپەروەرانە و بەردەوام. بەڵام بۆ ئەوەی ئەوە ڕوو بدات، دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دەبێ چاکسازییان تێدا بکرێت.

چاکسازی لەسەرەوەڕا دەکرێت، واتە لەناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا. چاکسازی هەمیشە پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆزە، بەڵام لانیکەم سێ ئاڵوگۆڕی کردەنی هەن کە دەتوانن بە شێوەی ئۆتۆماتیک نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێز بکەن و دەسەڵات بدەنە ئەو وڵاتانەی کە هەست دەکەن دەسەڵاتی پێویستیان لە نیویۆرک، ژنێڤ، ڤییەن یان نایرۆبی نییە.

یەکەم، سەرجەم وڵاتە مەزنەکان دەبێ نوێنەریان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت، بۆ هەمیشە. چیدیکە قبووڵکراو نیە کە هیچ نوێنەرێکی ئەفریقا یان ئەمریکای لاتین لە ئەنجومەنی ئاسایشدا نەبێت و تەنیا چین نوێنەرایەتیی ئاسیا بکات. ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش دەبێ لانیکەم پێنج ئەندامیان پێوە زیاد بکرێت: دوو لە ئەفریقا، دوو لە ئاسیا و یەکێکیش لە ئەمریکای لاتین.

دووهەم، هیچ وڵاتێک نابێ مافی ڤیتۆی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا هەبێت. ڤیتۆ لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەم پێویست بوو، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا بووەتە هۆی بێ توانایی ئەنجومەنی ئاسایش. هۆی کارابوونی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەقاودەق لەبەر ئەوەیە کە هیچ ئەندامێک ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت.

سێهەم، بێتوو ئەندامێکی هەمیشەیی یان کاتیی ئەنجومەنی ئاسایش جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل بکات، دەبێ ئەندامەتییەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵپەسێردرێت. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو یەکەیە دەبوو ئەندامەتیی ڕووسیە، دوای داگیرکارییە هەمەلایەنەکەی دژی ئۆکراین، هەڵپەساردبا. بڕیارێکی هەڵپەساردنی ئەوتۆ دەتوانێت لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە پەسەند بکرێت. نابێ هیچ دەرفەتێک بۆ دووڕوویی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت.

بازرگانیی جیهانی و دامەزراوە داراییەکانیش پێویستە بەڕۆژ بکرێنەوە. ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، کە چەند ساڵە بەهۆی ناکاریگەربوونی مێکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، ئیفلیج بووە، هێشتا گرنگە. سەرەڕای چوونەسەری ڕێژەی ڕێککەوتنەکانی بازرگانیی ئازاد لە دەرەوەی چاودێریی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، هێشتا زیاتر لە ٪٧٠ی بازرگانیی جیهان لەژێر پڕەنسیپی "پەسەندکراوترین وڵات" بەڕێوە دەچێت. هۆی بوونی سیستەمێکی بازرگانیی فرەلایەن، دڵنیابوون لە هەڵسوکەوتی دادپەروەرانە و یەکسان لەگەڵ گشت ئەندامەکانییەتی. گومرگ و پێشێلکارییەکانی دیکەی ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە کۆتاییدا بە زەرەری هەموو لایەکە. پرۆسەی چاکسازیی هەنووکەیی دەبێ ببێتە هۆی شەفافبوونی زیاتر، بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ یارمەتیی دارایی دەوڵەتی (سوبسید) و خۆگونجاندنی پرۆسەی بڕیاردانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی. ئەو چاکسازییانە دەبێ خێرا جێبەجێ بکرێن؛ بێتوو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە چەقبەستوویی هەنووکەییدا بمێنێتەوە، سیستەمەکە متمانە لەکیس دەدات.

چاکسازی کارێکی دژوارە و، بەشێک لەو پێشنیارانە ڕەنگبێ کەتوارگەرانە نەیەنە بەر گوێ. بەڵام ئەوانەی ٨٠ ساڵ لەوەپێش لە سانفرانسیسکۆ نەتەوە یەکگرتووەکانیان دامەزراند، بەهەمان شێوە کاریان کرد. بڵێی سەرجەم ١٩٣ ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لەو ئاڵوگۆڕانە بکەن یان نا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بەوە بەستراوەتەوە کە ئاخۆ ئەوان لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا جەخت لەسەر بایەخەکان و بەرژەوەندییەکان دەکەن یان لەسەر دەسەڵات. دابەشینەوەی دەسەڵات بەگوێرەی بایەخ و بەرژەوەندییەکان، بناخەی ئافراندنی پەرگالی لیبراڵیی جیهانیی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم بوو. کاتی پێداچوونەوە بەو سیستەمەدا هاتووە کە نێزیکەی سەدەیەک خزمەتی باشی کردین.

جۆکەری جیهانی ڕۆژاوا لە هەموو ئەو هەوڵانەدا ئەوە دەبێت ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەیهەوێت پەرگالی فرەلایەنی جیهانی بپارێزێت کە بۆخۆی دەوری سەرەکی لە ئافراندنیدا هەبووە و سوودێکی یەکجار زۆریشی لێ بینیوە. بە لەبەرچاوگرتنی کشانەوەی واشینگتۆن لە دامەزراوە و ڕێککەوتنە سەرەکییەکانی وەک ڕێکخراوی ساخڵەمیی جیهانی و ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەشوهەوا و لەو دواییانەشدا ڕەچاوکردنی سیاسەتی نەتەوەپەرستانە لەمەڕ بازرگانیی دەرەکی، ڕەنگبێ ئەوە ڕێبازێکی ساکار نەبێت. سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیدەری پاراستنی ئاشتی لە نێوان زلهێزەکاندا بووە، هەلی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەخساندووە تا لە جوگرافیای سیاسییدا ببێتە سەرتۆپی زلهێزان. لە گەلێک لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەوری سەرەکی گرتووەتە ئەستۆ و توانیویەتی ئامانجە سیاسییەکانی زۆر بەباشی بەرێتە پێش. بازرگانیی ئازادی جیهانی یارمەتیدەری وڵاتە یەکگرتووەکان بووە تا بتوانێت خۆی وەک سەرەکیترین دەسەڵاتی ئابووری جێگیر بکات، لە کاتێکدا بەرهەمی هەرزانی بۆ کڕیارانی ئەمریکایی دەستەبەر کردوە. هاوپەیمانیی وەک ناتۆ لە دەرەوەی سنوورەکانی سوودی سەربازی و سیاسی پێگەیاندووە. ئەوە ئەرکی باقی دنیایە تا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە بایەخی دامەزراوەکانی دوای جەنگ و هەروەها دەوری کارای وڵاتە یەکگرتووەکان لەواندا، بە قەناعەت بگەیەنێت.

جۆکەری جیهانی ڕۆژهەڵات ئەوە دەبێت کە ئاخۆ چین چۆن لە شانۆی جیهانیدا کایە دەکات. ئەو دەتوانێت هەنگاوی زۆرتر بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بوارەکانی وەک بازرگانیی ئازاد، هاوکاری لە پرسی گۆڕانی کەشوهەوا و گەشەسەندندا هەڵگرێت. ئەو دەتوانێت دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، کە ئێستا جێپێیەکی فرە قایمتری تیایاندا هەیە، شکڵ بدات. ڕەنگبێ ئەو بیهەوێ دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەی خۆیدا پەرە پێ بدات. ئەو ڕەنگبێ هەڵوێستە لەمێژینەکەی «توانایی خۆت بشارەوە و چاوەڕوانی دەرفەتی لەبار بە» وەلا بنێت و بڕیار بدات کاتی هەنگاوی دەستدرێژیکارانەتر، بۆ وێنە، لە دەریای باشووری چین و گەرووی تایوان، هاتووە.

### یاڵتا یان هێلسینکی؟

پەرگالێکی نێونەتەوەیی، وەک ئەوەی لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ڕۆمدا دامەزرا، هێندێک جار دەتوانێت چەند سەدە بەردەوام بێت. بەڵام، زۆرجار، تەنیا چەند دەیە خۆ دەگرێت. جەنگی دەستدرێژیکارانەی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، سەرەتای گۆڕانێکی دیکە لە پەرگالی جیهانیدایە. بۆ لاوانی ئەمڕۆ، ئێستا چرکەساتی ١٩١٨، ١٩٤٥ و ١٩٨٩ی ئەوانە. لەو چرکەساتانەدا جیهان دەتوانێت بە لایەکی هەڵەدا وەرسووڕێت، وەکوو چۆن لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕوویدا، کاتێک یەکیەتیی نەتەوەکان نەیتوانی پێش بە کێبڕکێی زلهێزەکان بگرێت و لە ئاکامدا جەنگێکی خوێناویی جیهانیی دیکە ڕوویدا. وڵاتان دەشتوانن بڕیاری دروست بدەن، وەک ئەوەی دوای کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووهەم ڕووی دا، بە دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچۆنێک بێت، پەرگالی دوای جەنگ توانی ئاشتیی نێوان زلهێزەکانی جەنگی سارد، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکان بپارێزێت. بێگومان، ئەو سەقامگیرییە ڕێژەییە بە تێچوویەکی مەزن بۆ ئەو وڵاتانەی ناچار کران چۆک دابدەن یان لە کاتی کێشە بەوەکالەتەکاندا زەرەری زۆریان بینی، تەواو بوو. ئەگەرچی لەگەڵ کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووهەم کارە سەرەکییەکە بۆ ئەو پەرگالە کرا کە چوار دەیە درێژەی هەبوو، لە هەمان کاتدا تۆوی ناهاوسەنگیی هەنووکەییشی چاند.

لە ١٩٤٥، براوەکانی جەنگ لە یاڵتا، لە دوورگەی کەریمە، کۆ بوونەوە. لەوێ سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان فرانکلین ڕوزڤێلت، سەرۆکوەزیرانی بریتانیا وینستۆن چرچیل و، سەرۆکی سۆڤیەت جۆزێف ستالین پەرگالێکی جیهانییان دروست کرد کە لەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵات دامەزرابوو. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو گۆڕەپانە بوو کە لەوێ زلهێزەکان دەیانتوانی ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام مەودایەکی کەمی بۆ ئەوانی دیکە دەستەبەر کرد. لە یاڵتا، وڵاتە مەزنەکان مامەڵەیان لەسەر ئەوانی بچووک کرد. هەڵە مێژووییەکە دەبێ ئێستا ڕاست بکرێتەوە.

لە کۆبوونەوەی ئەمنییەت و هاوکاریی ئورووپادا لە ١٩٧٥، ڕووداوێکی بەپێچەوانەی یاڵتا ڕوویدا. سی و دوو وڵاتی ئورووپا، لەگەڵ کەنەدا، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێلسینکی کۆبوونەوە تا دامەزراوەی ئاسایشی ئورووپا دروست بکەن کە لەسەر ڕێسا و نۆرمی ئەوتۆ دامەزرا کە هەمووان بگرێتەوە. ئەوان لەسەر پڕەنسیپە بنەڕەتییەکانی زاڵ بەسەر ڕەفتاری دەوڵەتان بەرانبەر بە شارۆمەدانیان و بە یەکتر ساغ بوونەوە. ئەوە نموونەیەکی سەرسوڕهێنەری فرەلایەنی لە کاتی گرژیی فرە مەزندا بوو و، بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی سارد یەکلاکەرەوە بوو.

ئاکامی یاڵتا فرەجەمسەری بوو و، هی هێلسینکی فرەلایەنی. ئێستا دنیا بەرووڕووی دووڕێیانێک بووەتەوە و، پێموایە هێلسینکی ڕێگا دروستەکە بەرەو پێشەوەیە. ئەو هەڵبژاردنانەی گشت ئێمە لە دەیەی داهاتوودا دەیکەین، بڕیاردەری پەرگالی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێت. وڵاتانی بچووک، وەک وڵاتی من، لەو چیرۆکەدا تەماشاوان نین. پەرگالی نوێ بە بڕیاری ڕێبەرانی سیاسی لە هەردوو وڵاتانی مەزن و بچووکدا دیاری دەکرێت، جا دێموکراتیک بن، سەرەڕۆ بن یان شتێکی نێوان ئەو دووانە. لێرەدا بەرپرسیارییەکی تایبەت دەکەوێتە سەر شانی جیهانی ڕۆژاوا، وەک تەلارسازانی پەرگالی بەرەو تەواوبوون و هێشتا، لە ڕوانگەی ئابووری و سەربازییەوە بەهێزترین هاوپەیمانیی جیهانی. ئەو دەورە چۆن دەگێڕین، گرنگە. ئەوە دوایین دەرفەتمانە.

# ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگە

## (خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕەمزێک لە کوردستان)



زانیار حوسێنی



## (بەشی کۆتایی: شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و شەڕی ئێران – کوردستان)

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بووە هۆی داڕمانی ڕێژیمی پەهلەوی و دەرفەتێکی مێژوویی لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕەخساند. بەهۆی ڕابردووی مێژوویی خۆڕاگریی ناوچەیی و بوونی حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ئێران، ئەو ناوچەیە بوو بە یەکێک لەو ناوچانەی ڕۆڵی پێشمەرگەی لە هەموو کاتێک زیاتر بەرچاو بوو. لەم ماوەیەدا:

ئا. دەسەڵاتی ناوەندیی نوێ بەتەواوی سەقامگیر و جێگیر نەببوو و ناوچە کوردستانییەکان تا ڕادەیەک لەژێر کۆنترۆڵ و فشاری ناوەند ڕزگاریان بوو.

ب. بزووتنەوە نەتەوەییەکان دەرفەتی چالاکییان بۆ ڕەخسا.

ج. مەجالی دروستکردن و بەهێزترکردنی دامەزراوە نیشتمانییەکان بەتایبەت هێزی پێشمەرگە لەبار بوو.

ئەم هەلومەرجانە، بەستێنی بۆ ململانێی ڕاستەوخۆی نێوان ڕێژیمی ناوەندگەرای نوێ و پێشمەرگەی خۆش کرد.

**ڕۆڵی پێشمەرگە لە ئاسایش و نەزمی کۆمەڵایەتیدا**

بە سەرنجدان بە ئامادەبوونی کاریگەر و ئەو دەرفەتەی کە هاتەئاراوە، پێشمەرگە جگە لە چالاکییە سەربازییەکان، ڕۆڵی سەقامگیرترکردنی نەزمی کۆمەڵایەتیشی لەئەستۆ گرت. هەروەک:

– پاراستنی گوند و ڕێگای شاخ

– نێوەندگیری لە نێوان خەڵک و چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێوخۆییەکان

– پێشکەشکردنی فریاگوزاری و پاڵپشتی کۆمەڵایەتی لە ناوچە قەیراناوییەکان.

ململانێ چەکدارییەکان لەگەڵ ڕێژیمی ناوەندگەرای نوێ لە نێوان ساڵانی ١٣٥٧ بۆ ١٣٦٧ پێشمەرگە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە دوو ڕەهەندی بەرەیی و پارتیزانیدا لەگەڵ هێزە سەربازی و نیمچە سەربازییەکانی ڕێژیمی ناوەندگەرا تووشی شەڕ بوو.

ئەم شەڕانە بریتی بوون لە:

– گەمارۆدانی شار و گوندەکان لەلایەن سپای پاسداران و بەسیجەوە.

– شەڕی پەرشوبڵاو لە شاخ.

– پەرچەکرداری پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگە و بەرگریکردن لە ناوچەکانی ژێر کاریگەری.

سەرەڕای شەڕ و ڕاگەیاندنی جیهاد لەلایەن دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامییەوە، پێشمەرگە توانی تۆڕە نێوخۆییەکانی خۆی و پشتیوانی کۆمەڵایەتی خۆی بپارێزێ و وەک پارێزەری خەڵک خەریکی بەرگریی ڕەوا و پەرچەکدار بێ.

**کاریگەریی شەڕی ئێران و عێراق**

شەڕی ئێران و عێراق (١٣٥٩-١٣٦٧) کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر چالاکییەکانی پێشمەرگە هەبوو. ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بەهۆی نزیکی لە عێراقەوە بەردەوام لەژێر هەڕەشەدا بوون.

پێشمەرگە جگە لە بەرگریی نێوخۆیی، بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی قەیران و پشتیوانی لە ئاوارەکان و خەڵکی شەڕلێدراویشی لەئەستۆ گرت. ئەم قۆناغە ڕێگەی بە پێشمەرگە دا کە:

– دووپاتە شەرعییەتی کۆمەڵایەتییەکەی بەهێزتر بکا.

– ئەزموونی ئۆپەراسیۆنی فراوانتر بەدەست بهێنێ.

– ببنە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی – سیاسی بەهێز و تەنیا وەک هێزێکی سەربازیی سەیر نەکرێ.

–نیشاندانی توانای پاراستنی خەڵک و داواکارییەکانیان و بەرگریکردن لە سەرمایە سەرەکییەکانی خۆیان وەک شەرعییەتی جەماوەری.

بەرهەمهێنانەوەی ناسنامە و یادەوەریی بەکۆمەڵ لەم ماوەیەدا ڕەفتار و مامەڵەی پێشمەرگە بووە هۆی ئەوەی کە:

ئا. سەقامگیرکردنی کولتووری خۆڕاگری و بوێری.

ب. بەرهەمهێنانەوەی بەها بەکۆمەڵەکانی وەک دڵسۆزی، هاودەنگی و پابەندبوون بە کۆمەڵگە.

ج. ڕۆڵگێڕی لە پاراستنی هێما و ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان.

د. بەهێز و فراوانترکردنی ئەدەبیاتی بەرخۆدان و داواخوازی.

ناسنامەی بەکۆمەڵی پێشمەرگە لەو ماوەیەدا بە تەواوی لە یادەوەریی خەڵک و فەرهەنگی زارەکیدا دامەزرا و ڕوونکرایەوە، و دواتر بنەمای ناساندنی ٢٦ی سەرماوەزی وەک "ڕۆژی پێشمەرگە" ڕەخساند. پێشمەرگە لەم ماوەیەدا نموونەی دامەزراوەیەکی بەرخۆدانە لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی:

– سەرمایەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە کۆمەڵگە وەرگرتووە.

– شەرعییەتی ئەخلاقی و کولتوورییان هەبووە.

– تۆڕە نێوخۆییەکانیان بەهێزتر کردووە.

– ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەوان یارمەتیدەربوو لە مانەوەی ئەم دامەزراوەیە.

**قۆناغی دوای ململانێ و چەسپاندنی دامەزراوەی پێشمەرگە**

دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی سەرەکیی ململانێی بەردەوام و بەرفراوانی ئێران و کوردستان (١٣٦٧–١٣٨٠)، حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە کەوتنە قۆناغێکی سەقامگیری ڕێژەیی و خۆڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی.

ئەم قۆناغە بەم تایبەتمەندیانەی خوارەوە تایبەتمەندە:

ئا. کەمبوونەوەی گوشاری سەربازیی ڕاستەوخۆی ڕێژیم لە ناوچە سنووری و شاخاوییەکان.

ب. پێویستیی بنیاتنانەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و تۆڕەکان دوای زیانەکانی شەڕ.

ج. زیاتر گرنگیدان بە چالاکییە کۆمەڵایەتی، کولتووری و پەروەردەییەکان بۆ چەسپاندنی شەرعییەتی نێوخۆیی پێشمەرگە

د. جیا لە ئامادەبوونی مەیدانی، لەم قۆناغەدا پێشمەرگە زیاتر لە هەر قۆناغێکی تر، بوو بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی و ئەخلاقی.

**ڕێکخستنەوە و پیشەییکردنی ڕێکخراوە**

لە ساڵانی ١٣٧٠ی هەتاویدا، پێشمەرگە چەند هەنگاوێکی سەرەکی بۆ چەسپاندنی دامەزراوەکەیان ناوە:

– دروستکردنی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی پیشەیی: زنجیرەی فەرماندەیی یەکگرتووتر بوو و ڕاهێنانی سەربازی و سیاسی بەشێوەیەکی سیستەماتیکتر ئەنجام درا.

– دابەشکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتی و سەربازییەکان: پێشمەرگە بەسەر دوو لقی جیادا دابەش کرا: لقێکی سەربازی بۆ بەرگری و لقێکی سیاسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری.

– پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵگە: تۆڕە نێوخۆیی و شار و گوندەکان بە پێشمەرگەوە گرێدرابوون و ئەم پەیوەندییە شەرعییەتی کۆمەڵایەتی زیاتر کرد.

ئەو ڕێوشوێنانە پێشمەرگەیان کردە دامەزراوەیەکی سەقامگیر و خۆڕێکخراو کە توانی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە و بەردەوامی و سەقامگیریی شەرعییەتی لە کۆمەڵگەدا بپارێزێ.

**ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کولتووری پێشمەرگە**

لەم ماوەیەدا پێشمەرگە زیاتر لە ڕابردوو ڕۆڵی مەدەنی و کۆمەڵایەتیی گێڕا:

ئا. پاراستنی ئاسایشی نێوخۆیی و نەزمی کۆمەڵایەتی: پێشمەرگە بە بوونی کاریگەریی خۆی وەک بریکارێکی ڕێگریکەر، ڕێگربوو لە پانتایی و قووڵایی تاوانەکانی ڕێژیمی ناوەندگەرا و پاراستنی ناوچە سنوورییەکان و ڕێگرتن لە گرژییە نێوخۆییەکان بەشێک لە ئەرکیان بوو.

ب. چالاکی فەرهەنگی و پەروەردەیی: پێشمەرگە قوتابخانەی نێوخۆیی و چالاکییە کولتوورییە نێوخۆییەکانی دامەزراند بۆ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی کورد و گواستنەوەی بەهاکانی بەرخۆدان و ئەخلاقی بەکۆمەڵ؛ هەروەها هانی کۆمەڵگەیان دەدا و پشتگیرییان دەکرد بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە.

**بەرهەمهێنانەوەی ناسنامە و یادەوەریی بەکۆمەڵ**

هالبۆکس پێی وایە یادەوەریی بەکۆمەڵ تەنیا تۆمارکردنی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی مانا و ناسنامەی بەکۆمەڵە. لەو ماوەیەدا پێشمەرگە لە ڕێگەی چالاکییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سەربازییەکانیانەوە یادەوەریی بەکۆمەڵی کوردیان بەرهەم هێنایەوە؛ ئەم یادەوەرییە بەکۆمەڵە ئەمانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:

– چیرۆکی زارەکی و گێڕانەوەی بەرخۆدانی پێشمەرگە

– هێماکانی بوێری و ئەخلاقی بەکۆمەڵ

– بەهاکانی دڵسۆزی و هاودەنگی و پشتیوانی بۆ کۆمەڵگە

ئەم وەچەخستنەوەی شوناسە ڕێگەی بە پێشمەرگە دا تەنانەت لە نەبوونی دەسەڵاتی فەرمی و بوونی مەیدانییەکی گەورە، لە سەرتاسەری کوردستانی ئێراندا وەک سیمبولی شەرعییەت و شوناسی بەکۆمەڵ بمێنێتەوە.

ماوەی ساڵانی ١٣٦٧-١٣٨٠ نموونەی دامەزراوەیەکی بەرخۆدانی کۆمەڵگەمیحوەرە. تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە:

ئا. بەردەوامیی کۆمەڵایەتی: پێشمەرگە توانی شەرعییەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی خۆی پێناسە و بەهێزتری بکاتەوە

ب. وەچەخستنەوەی کولتووری و ناسنامە: چالاکییە پەروەردەیی و کولتوورییەکان بووە هۆی چەسپاندنی زیاتری ناسنامەی بەکۆمەڵ.

ج. تۆڕە نێوخۆییەکان: پشتیوانی کۆمەڵگە و پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان و گوندەکان، سەرمایەی کۆمەڵایەتیی پێشمەرگەی زیاتر بەهێز کرد.

**گۆڕینی نەوەیی و چەسپاندنی شوناسی کولتووری پێشمەرگە:**

دەیەی ١٣٨٠ی هەتاوی لە کوردستانی ئێران بە گۆڕانی نەوەکان، فشارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و پێویستی بە بنیاتنانەوەی کولتووری تایبەتمەندە. نەوەی نوێی پێشمەرگە کە دوای ململانێکانی حەفتاکان و سەقامگیری ڕێژەیی هەشتاکان مەشق و ڕاهێنانیان پێ کرابوو، بە ئامانجەکانی زیاتر لە شەڕی سەربازی هاتنە ناو ڕیزی تێکۆشانەوە:

ئا. پاراستن و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و ئەخلاقی بەکۆمەڵ.

ب. بەهێزکردنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی – فەرهەنگی پێشمەرگە.

ج. ئامادەکردنی بەستێن بۆ چالاکییە پەروەردەیی و مەدەنییەکان لە کۆمەڵگەی نێوخۆیی.

د. پێناسەکردنەوە و فراوانکردنی مەودای شوناسی بەرخۆدان و پەرەپێدانی فەلسەفەی بوونی پێشمەرگە.

هـ. کاریگەریی دەستەواژەی پێشمەرگە لە کایە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی دیکە وەک پێشمەرگەی ژینگەپارێز و پێشمەرگەی سپی پۆش (پرسنێلی پزیشکی لە کوردستانی ئێران) و...هتد.

و. پێناسەی بێسنووری پێشمەرگە بۆ هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردی کە بۆ قازانجی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد تێدەکۆشێ.

ز. دابەشبوونی نەریتی دەستەواژەی پێشمەرگە بۆ لایەنی سیاسی (ڕێکخراوەیی لە حیزبی دێموکرات) و لایەنی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا.

ئەم نەوە نوێیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دامەزراندنی پێگەی پێشمەرگە وەک ڕەمزی بەرخۆدان، شوناسی بەکۆمەڵ و پەرەپێدانی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی پێشمەرگە.

**چالاکی کولتووری و پەروەردەیی**

نەوەی نوێی پێشمەرگە گرنگییەکی تایبەتی بە چالاکییە کولتووری و پەروەردەییەکانی دا:

– دامەزراندنی قوتابخانە و ناوەندە پەروەردەییە نێوخۆییەکان: فێرکردنی زمانی کوردی، مێژووی کوردستان و بەها ئەخلاقییەکانی پێشمەرگە.

– ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ گەنجانی پێشمەرگە: ڕاهێنانی سەربازی تێکەڵ بە پەروەردەی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی.

– چالاکی فەرهەنگی: ئەنجامدانی ڕێوڕەسم و بۆنە نەریتییەکان، پێشخستنی مۆسیقا و ئەدەبی کوردی.

– چالاکی مەدەنی: هەوڵدان بۆ دروستکردنی سەکۆیەکی گونجاو بۆ دابینکردنی هەلومەرج بۆ...

درێژە بۆ لاپەڕەی ١١

## وێـــستگە

# شکستی ئیدئۆلۆژیک



ئاسۆ مینبەری

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و بەتاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ی هەتاویدا، دەسپێکی پرۆژەیەکی ئیدئۆلۆژیک بۆ بەچۆکداهێنانی ژنان بوو. پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، وێژمانی زاڵ ئەوە بوو کە ژنی هاوشانی پیاو لە خەبات و وەک هێمای فیداکاری و وشیاری پێناسە دەکرد. دەستوپێوەندییەکانی خومەینی بەڵێنیان دابوو کە دەسەڵاتی نوێ، پێگەی مرۆیی ژن دەپارێزێت و ژن لە "کاڵا"بوونی لە دەسەڵاتی پێشوو ڕزگار دەکات و پێگەیەکی باڵاتر، شیاوتر و کاراتری پێ ببەخشێ. ئەم ڕێژیمە لە سەرەتاوە بە دروشمگەلێکی وەک ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی، هیوایەکی بێوێنەی خستە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش ژنانەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنەسەرکار و جێگیربوونی یەکەم پەلامارەکانی بۆ سەر ئازادیی ژنان بوو.

لە پێناسەی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوودا، ئازادیی ژن نەک بژاردەیەکی تاکەکەسی بەڵکوو لە چوارچێوەی "بەها ئیسلامییەکان" دا پێناسەی بۆ دەکرا. چوارچێوەیەک کە لە سەرەتادا بەڵێنی دابوو ژن لە هەڵاواردن، توندوتیژی و نادادپەروەری بپارێزێ، بەڵام هەقیقەتەکە ئەوە بوو کە ئەم دەسەڵاتە ژنی لە هاووڵاتییەکی خاوەن مافەوە بۆ سووژەی یاسادانان، کۆنترۆڵکردن و پێناسەکردنەوەی ئیدئۆلۆژیک گۆڕی. ئەم دەسەڵاتە بە خێرایی یاساکانی پێناسە کردنەوە و لە جیاتی پێداگری لەسەر ئەو بابەتانەی کە بەڵێنی دابوو، پێداگریی لەسەر پێناسەکردنەوەی جێندەریی ڕۆڵی ژن کردەوە و بەم شێوەیە ڕۆڵی ژنی تەنیا لە چوارچێوەی بنەماڵە و پیڕەوکردنی ئیدئۆلۆژیی خۆیدا دەبینی.

زۆر زوو بنەماڵەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و یاساکانی پێوەندیدار بە پرسەکانی وەک هاوسەرگیری، جیابوونەوە و سەرپەرستیی منداڵ گۆڕدران و باڵادەستی لە یاساکاندا بە پیاوان درا. لێرەدا بوو کە بنەماڵە بوو بە یەکەکی گرینگی بەرهەمهێنەرەوەی بیرۆکەی پیاوسالار و ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات بە جۆرێک کە ژن زیاتر وەک تاکێکی ئەرکدار پێناسەی بۆ کرا و لە خاوەن ماف بوون داماڵرا. حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژندا سەپێنرا و بوو بە یەکێک لە گرینگترین هیماکانی ڕێژیمەکە و هاوکات جەستەی ژن بوو بە مەیدانێک بۆ نمایشکردنی ئۆتۆریتەی سیاسیی دەسەڵات. هاوکات لەگەڵ ئەمە بەشداریی ژن لە کۆمەڵگە کاڵ بووەوە و سەربەخۆیی ئابووریشی لێ زەوت کرا. بەم شێوەیە ڕێژیم لە سێکوچکەی بنەماڵە، حیجاب و کاردا هەوڵی دا ژنی گوێڕایەڵی دەسەڵاتەکەی بەرهەم بێنێ.

ئەگەرچی یاساکان و سیاسەتی ڕێژیم ئامانجی دیکەی هەبوو بەڵام، هەقیقەتی کۆمەڵگە ڕێبازێکی دیکەی گرتە بەر. ژنان بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ڕێژیم دەستەمۆ نەبوون و خۆڕاگریی تایبەتیان نواند. ژنان بە خوێندن هەنگاوێکی گرینگیان لە پێناسەی پێگەی خۆیاندا هەڵگرت و سەرەڕای بەرتەسککردنەوەی فەرهەنگی و جێندەری، درێژەیان بە خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خۆیان دا و ڕوانینی ڕەخنەگرانەیان بە دەسەڵات و بەربەستەکان وای کرد بە پێچەوانەی خواستی ڕێژیم کە دەیەویست ژن لە چوارچێوەیەکی ئیدئۆلۆژیکدا کۆنترۆڵ بکات، بەستێنی گەشەی نەوەیەکی وشیارتر و مافویستتری دروست کرد. ئەمە وای کرد کە ژنان سەرەڕای سیاسەتی کۆنترۆڵ، وردەوردە جێ پێی خۆیان لە کۆمەڵگەدا قایمتر کردەوە و نەک تەنیا لە کۆمەڵگە دوور نەکەوتنەوە بەڵکوو توانییان ببنە ئەکتەرێکی سەرەکی.

لە دەیەکانی ڕابردوودا و لەگەڵ دەسپێکی شەپۆلەکانی نارەزایەتییەکان، بەرخودانی ژنان لە ئاستی تاکەکەسی تێپەڕی و ئەمجارە پێداگرییان لەسەر بەشداری لە ئەکتی بەکۆمەڵ و سیاسیدا دەکردەوە. لێرەدا بوو کە ژن لە سووژەی سیاسییەوە بوو بە بکەری نارەزایەتییەکان. ئەم بوون و پێداگرییە وای کرد کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا، پرۆژەی ژنی ئیدئۆلۆژیک تووشی شکست بێت. هەر لەم قۆناغەدا هاوکات لەگەڵ توندتربوونەوەی یاساکان بۆ سنووردارکردنی ژن، ئەم توێژە زیاتر هەوڵی پەرەدان بە پەروەردە و سەلماندنی بوونی خۆیان دا و نەک تەنیا لە کۆمەڵگە دوور نەخرانەوە بەڵکوو ڕێڕەوی مێژوویی ژیانی خۆیان گۆڕی. لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا، ژن لە خۆڕاگریی پچڕپچڕ و تاکەکەسییەوە، بوو بە ئەکتەری سەرەکیی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و لە پەراوێزەوە هاتە ناوەندی خەباتەکە.

ئەگەرچی لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری ڕێژیمدا چالاکیی ژنان زۆر بەتەسک کرایەوە بەڵام ژنان کەم یان زۆر هەر لە مەیداندا بوون، دواتریش وەک لیدەر هاتنەوە مەیدان و داواکارییەکانی خۆیان خستە پاڵ داواکارییەکانی کۆمەڵگە.

لە چوارچێوەی ڕێژیمێکدا کە جەستەی ژن کەرەستەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی بە ئەژمار دەهات، ژن مانایەکی دیکەی بە جەستەی خۆی بەخشی و بوونی ژن لە گۆڕەپانی خەباتدا، مانای سیاسیی پێ بەخشرا. کەوایە سیاسەتی کۆنترۆڵی ژن، خولقانی ژنی نارازی و ئاگای بەدواوە بوو. ئەگەرچی ڕێژیم بە داتاشینی یاسا و سیاسەتی ڕەگەزتەوەر هەوڵی زۆری دا ژنان بە دڵخوازی خۆی پێناسە بکات بەڵام، ئیرادەی ژنان، ئاقاری ڕووداوەکانی گۆڕی.

ژنان بە هەنگاوهەڵگرتن لە گۆڕەپانی زانست و شکاندنی تابۆکان، وەک بکەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتن و توانییان شوناس و بوونی خۆیان پێناسە بکەنەوە. پرۆژەیەک کە بڕیار بوو ژن لە قاڵب بدات و گوێڕایەڵ و ملکەچ باری بێنێ، وای کرد کە ژنی سەرکەش، وشیار و مافخواز پەروەردە بکرێت و زیاتر لە چوار دەیە هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ دروستکردنی ژنی ئیدئۆلۆژیک شکستی هێنا.

# پێویستیی فیدراڵیزمی دێموکراتیک و دادپەروەری لە ئێرانی فرەنەتەوەدا



ڕەحیم نزهەتزادە

لە قۆناغێکی گواستنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە زۆرێک لە گەلان هەوڵ دەدەن ڕۆڵی خۆیان لە پێکهاتەکانی حکوومەتدا پێناسە بکەنەوە، گەلی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پشتبەستن بە مێژووی خەبات، وشیاری و ئیرادەی بەکۆمەڵی خۆی، بە دوای جێگەیەکی شایستە لە سیستەمێکی دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵی لە ئێرانی داهاتوودا دەگەڕێت.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە داوای بەدیهێنانی مافە سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەکات و بە ڕێبازێکی ئاشتیخوازانە و دێموکراسیانە بەدوای ئەو داخوازییانەدا دەگەڕێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە پێداگریی لەسەر بەشداریی یەکسانی گەلی کوردی، لە پێکهاتەی سیاسی ئێران و گواستنەوە لە سیستەمی ناوەندگەراییەوە بۆ سیستەمی فیدراڵی دێموکراتیک داگرتووە. گۆڕانکارییە سیاسی و فکرییەکان لە کوردستان دەبێت خزمەت بە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و نەتەوەکان بکات؛ پەیوەندییەک کە لەسەر بەڕێوەبردنی سیاسی و کولتووری و ئابووری ناوچەیی بنیات نرابێت.

**ناوەندگەرایی، بەربەستێک لەبەردەم گۆڕانی دیموکراسی**

یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ناڕازیبوون لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕبوونەوەی دەسەڵات و سەرچاوەکان لە ناوەند و پشتگوێخستنی جوغرافیا و ژینگەی نەتەوە بندەستەکانە. ئەم دۆخە خەڵکی کوردستانی لە بەشداری ڕاستەقینە لە بڕیاردانی گەورە بێبەش کردووە. تێپەڕین لە ناوەندگەرایی و بەدیهێنانی فیدرالیزمی فرە ئاست، مەرجی پێشوەختە بۆ مانەوە و بەردەوامیی مانادارە لە کوردستاندا. تەنیا بە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی ناوخۆ و بەهێزکردنی سەروەریی جەماوەری لەسەر ئاستی هەرێمە نەتەوەییەکانە دەتوانرێت متمانەی لەدەستچوو بنیات بنرێتەوە.

**فیدراڵیزم، زامنی پێکەوەژیانی دادپەروەرانە**

فیدرالیزم لە گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ئامرازێک نییە بۆ دابڕان، بەڵکوو چارەسەرێکە بۆ بەشداری چالاکانەی گەلی کورد لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا. ئەم مۆدێلە بە داننان بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران، دەتوانێ بناغەیەکی دادپەروەر و بەردەوام، بۆ پێکەوەژیانی دێموکراتیکی گەلان و ناوچە جیاوازەکان دابین بکات. سیستەمێکی فیدراڵی سێکولار و دێموکراتیک، نەک هەر زامنی ئازادیی کورد دەکات، بەڵکوو زەمینە بۆ مافی یەکسان بۆ گەلانی دیکەی وەک عەرەب، بەلوچی، تورکمان و... خۆش دەکات.

**گەشەپێدانی یەکسان و کۆتاییهاتنی بێبەشی پێکهاتەیی**

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی قووڵی ئابووریی، وەک بێکاریی بەربڵاو، کۆچی نەخوازراو و ژێرخانی گەشەنەکردوو دەبێتەوە. ئەم دۆخە دەرئەنجامی نەبوونی دادپەروەری ئابوورییە، لە دابەشکردنی سەرچاوە نیشتمانییەکان. بنیاتنانەوەی هەرێمە نەتەوەییەکان دەبێت بە پشتبەستن لەسەر بنەمای پلاندانانی ناوچەیی و پشت بە سەرچاوە مرۆیی، سروشتی و کولتوورییە نێوخۆییەکان بن. پێویستە گەلی کورد دەسەڵاتی پلاندانان و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی ناوچەکەی خۆی هەبێت؛ نەک تەنها وەرگری ئەو پلانانەی سەپێنراون لە ناوەندەوە.

**زمان و کولتوور و پەروەردە لە چوارچێوەی مافە یەکسانەکاندا**

یەکێک لە گرنگترین دەرکەوتەکانی هەڵاواردنی پێکهاتەیی، قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی دایک و سنووردارکردنەکانی کولتوورییە. فیدرالیزمی دێموکراتیک، زەمینە خۆش دەکات بۆ بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە دامەزراوە پەروەردەیی، میدیاکان و ئیدارە نێوخۆییەکان. مافی خوێندن بە زمانی دایک، بەرهەمهێنانی ئازادانەی بەرهەمی فەرهەنگی و پشتیوانی لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی، بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆژەی دیموکراتیزەکردن. بەبێ ئازادی کولتووری، دیموکراسی هیچ مانایەکی ڕاستەقینەی نابێت.

**هێزی بزوێنەر: کۆمەڵگەی مەدەنی و نەوەی نوێ**

ئەو هەنگاوەی دەتوانێت گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێویستەکان لە ئاستی بەڵێنەوە بەرەو کرداری ڕاستەقینە ببات، ڕۆڵی کارای کۆمەڵگەی مەدەنی، ژنان، گەنجان و ڕۆشنبیرانە لە کوردستاندا. ئەم هێزانە سەرمایەی ڕاستەقینەی گۆڕانکارین، کە بە وشیاری، سەقامگیری و ئومێد بۆ گۆڕان، ڕێگە خۆشدەکەن بۆ پێکهێنانی سیستمێکی نوێ. چاکسازییەکان تەنیا کاتێک سەرکەوتوو دەبن کە لە ناو کۆمەڵگەوە سەرهەڵبدەن، نەک لە سەرەوە بەبێ بەشداری گشتی بسەپێنرێن.

**شیکاری و دوا قسە:**

دووبارە ئاواکردنەوەی، پێکهاتەی دەسەڵات بۆ ئێرانی نوێ و بووژانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ بە ئاراستەی گواستنەوە بۆ سیستەمێکی فیدراڵی، دێموکرات و سێکولار دابڕێژرێت؛ سیستەمێک کە گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، مافی بەڕێوەبردنی سیاسی، فەرهەنگی و ئابووری، لە ناوچەکانی خۆیاندا هەبێت. ئەم گۆڕانکارییانە نەک تەنها دادپەروەری مێژوویی دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو ئێران دەگۆڕێت بۆ وڵاتێکی مۆدێرن، سەقامگیر و فرەنەتەوەیی، ڕێگای ڕزگاری ئێران لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییەوەیە. گۆڕانکارییەک، کە بە هاوبەشی و یەکسانیی نێوان گەلان و کۆتایی هاتنی هەژموونی ناوەندگەراییدا مومکین دەبێت.

# ئاهەنگی سەرکەوتن بە کاتی داڕمان!



ڕەزا دانشجوو



کۆماری ئیسلامی لە کاتێدا ساڵیادی شەرمەزارانەی دامەزراندنی خۆی جێژن گرتەوە کە تەنانەت بەکرێگیراوان و لایەنگرانی کەللەڕەقی ئەم ڕێژیمەش لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە ئەم بارە خوار و لارە هەرگیز بە سەلامەت ناگاتە شوێنی مەبەست! چیرۆکی ڕووخان و داڕمانی کۆماری ئیسلامی لە مێژە پێی ناوەتە قۆناغی کۆتایی خۆیەوە و بەپێی هەموو شیکارییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان مەحاڵە کۆماری ئیسلامی لەم دۆخە نالەبارە دەرباز بێت. ئێستا تەنانەت لایەنگرانی سەرسەختی کۆماری ئیسلامییش لە وتارەکانیاندا وریایی خۆیان نیشان دەدەن و هێواش هێواش و بە بەردەوامی خۆیان لە نیزامی ویلایەتی فەقیهـ دوور دەخەنەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا لە سووچی گۆڕەپانی شەڕدا، ماندوو و بێدەسەڵات و ناتوانا لە بەردەوامبوون، چاوەڕێی دوایین زەبر و لێدانی لایەنی بەرامبەرە؛ دۆڕان و کۆتاییەکی لەناکاو! ڕاستییەکە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەرگیز ئەوەندە تەنیا و بێکەس نەبووە. سەرکوتکردنی خوێناویی ناڕەزایەتییەکانی مانگی بەفرانبار نیشانی دا کۆماری ئیسلامی ئیتر هیچ هیوا و بڕوایەکی بە وتووێژ و ئاشتەوایی لەگەڵ کۆمەڵگەی ناڕازیی ئێران نەماوە و دووانەی خەڵک و دەسەڵات هێندە لە یەکتر دوور کەوتوونەتەوە هیچ شتێک ناتوانێت کەلێنی نێوانیان پڕبکاتەوە و یەکیان بخاتەوە. ئێستا خەڵکی ئێران کۆماری ئیسلامی بە گەورەترین دوژمنی خۆیان دەزانن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش خەڵکی وڵای بە گەورەترین بەربەست لە بەردەم درێژەی ژیانی سیاسیی خۆیدا دەزانێت. توندوتیژیی ڕەها و کوشتن و کۆکوژی بێسنووری حوکمڕانانی تاران لە ڕووداوەکانی مانگی ڕابردوودا دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ڕێژیم بە شێوەیەکی سەیر تووشی شۆک و بێمتمانەیی بووە و زۆر دەترسێت و پێی وایە تاکە ڕێگە بۆ مانەوەی لە دەسەڵات دروستکردنی ترس و تۆقاندن و تیرۆرە. بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهـ لە هەمان کاتدا ئەوەش باش دەزانن ئەم شێوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک کاتییە و ناتوانێت درێژخایەن بێت و ڕۆژێک ئەم کوانە چڵکاوییە لە شوێنێکی تر سەرهەڵدەداتەوە!

لە گۆڕەپانی ناوچەیی و دەرەکیدا بارودۆخی کۆماری ئیسلامی زۆر خراپترە. ساڵانێک سەرمایەگوزاری لە لایەن ڕێژیم و دروستکردنی دەیان گرووپی بە وەکالەت، ئێستا حاکمەکانی تارانی خستووەتە نێو زەلکاوێکەوە مەحاڵە بە ئاسانی لێی دەربچن. لەنێوچوونی بەشێکی زۆر لە تواناییەکانی حیزبوڵڵا و حەماس لە ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕکردن توانای کۆماری ئیسلامیی بۆ دروستکردن و گواستنەوەی قەیران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتی پێویستدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەم کردووەتەوە و دەتوانرێت بگوترێت ئێستا توانای ڕێژیم بۆ قەیرانسازی و هەناردەکردنی بۆ سنوری دەوڵەتانی نەیاری ڕێژیم نزیکەی سفرە! گوشاری ئێستای ئەمریکا بۆ سەر عێراق و هێزەکانی بەوەکالەتی ڕێژیم لەو وڵاتەش گەیشتووەتە خاڵێکی زۆر مەترسیدار بۆ مانەوەی ئەو هێزانە. هەر ئەوەش بوو بە هۆکار کە بەشێکی سەرەکی لە هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیم لە عێراق لە دوایین کاردانەوەی خۆیاندا ڕایانگەیاندووە لە ئەگەری شەڕی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا بێلایەن دەمێننەوە. ئەمە لوتکەی نائومێدی و بێدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە! کێیە نەزانێت بڕیاردەری سەرەکی بۆ حیزبوڵڵا و نیابەتییەکانی دیکەی ڕێژیم لە وڵاتی ناوچە و تەنانەت تا ڕادەیەکی زۆریش حەماس کۆماری ئیسلامیە؟ بۆیە ڕوونە کە قسەکانی سەرکردەکانی میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیم لە عێراقیش دقاودەق دووپاتەی قسەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین.

لێدوانانەکانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەلایەن عەلی لاریجانی، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ڕێژیم و عەباس عەراقچی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی کە سەرەڕای هەڕەشەکانی بەردەوامی ئەمریکا باس لە پێشکەوتن لە دانوستانەکاندا دەکەن، بەشێکی دیکەی ئەم بێدەسەڵاتییەن. بە ڕوونی دەتوانین بڵێین ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهـ بە شێوەیەکی سەیر و سەرسووڕهێنەر خەریکی پاشەکشە و پاشگەزبوونەوە لە تاقمێک درووشم و نۆرمی بێبنەمایە کە ساڵیانێکە بە ناو بەها و بایەخە گرنگەکانی شۆڕشی ئیسلامی دەرخواردی خەڵکی ئێران بە گشتی و لایەنگرانیان بە تایبەت دەدات. ئێستا بەکرێگیراوانی ڕێژیم و هێزەکانی بە وەکالەت کە جاران لە بارووددۆخی هاوشێوەدا ڕۆڵی گیانفیدا و زەربەگیریان بۆ کۆماری ئیسلامی دەگێڕا، ئێستا خۆیان خزاندۆتە گۆشەیەک و لانیکەم لە ڕواڵەتدا ناچار بوون بێلایەنی ڕابگەیەنن.

> **کارنامەی دۆناڵد ترامپ وەک سەرۆک کۆماری وەڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و شێوەی هەڵسوکەوتکردنی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەوپەڕی بێمتمانەییە. کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنامەی نێوان کۆماری ئیسلامی و پێنج کۆ یەک ناسراو بە بەرجام لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ڕێژیم لە لوتکەی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدات کە تەنانەت لە ئەگەری هەر ڕێککەوتنێکیشدا هیچ گەرەنتییەک بۆ جێبەجێکردنی و ئەوەی ئەمریکا هێرش نەکاتە سەر ئێران نییە.**

لە هەلومەرجی ئێستادا کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات سەرەتا هەڕەشەی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بە هەر نرخێک بێت لە خۆی دوور بخاتەوە و دواتر چارەسەرێک بۆ دۆخی پشێوی نێوخۆیی بدۆزێتەوە. سەرەڕای دروشمدان و پڕۆپاگەندەی بەردەوامی ڕێژیم، دڵخۆشکردن بە دانوستان و هەڵوێستی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی نیشان دەدات کە ئەوان بە نەرمی نواندن و ئیمتیازدانێکی بێوێنە بە لایەنی بەرامبەر خەریکی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لەم دۆخە و لە ڕاستییدا کات کرینن. ڕاستییەکە ئەوەیە تەنانەت خراپترین ڕێککەوتنی مومکین لە بارودۆخی ئێستادا بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ کۆماری ئیسلامیی ڕووخاو دادەنرێت. لە گۆڕەپانی نێوخۆدا کۆماری ئیسلامی لە یەک کاتدا دوو سیناریۆی جیاواز بەرەوپێش دەبات، کارتێکی دووانە کە ساڵانێکە ڕێژیم یاریی پێ دەکات؛ لە لایەک سەرکوتکردنی دڕندانە و دروستکردنی کەشێکی ترس و تیرۆر بۆ تۆقاندنی خەڵک و نەیارانی، لە هەمان کاتدا دوورخستنەوەی چینە دوودڵ و بێدەنگەکانی کۆمەڵگە و ڕێگریکردن لە پێوەستبوونیان بە نەیارانی ڕێژیم بە سەرقاڵکردنیان بە گفتوگۆی پەراوێزخراو و پشتگوێخستنی کاتی هەندێک یاسای توندی ناسیاسی وەک باسی حیجابی زۆرەملێ و هەستیارکردنی کەشوهەوای کۆمەڵایەتی بۆ بەلاڕێدابردنی ئاراستەی ڕووداوەکان!

بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە هیچ کام لەم ڕێوشوێنانە ناتوانن گەرەنتی داهاتووی نادیاری کۆماری ئیسلامی بکەن. لە گۆڕەپانی دەرەوەدا چاوخشاندنێکی کورت بە کارنامەی دۆناڵد ترامپ وەک سەرۆک کۆماری وەڵاتە یەککگرتووەکانی ئامریکا و شێوەی هەڵسوکەوتکردنی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی دەرخەری ئەوپەڕی بێمتمانەییە. کشانەوەی ترامپ لە ڕێککەوتنامەی نێوان کۆماری ئیسلامی و پێنج کۆ یەک ناسراو بە بەرجام لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ڕێژیم لە لوتکەی دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ڕابردوودا نیشان دەدات کە تەنانەت لە ئەگەری هەر ڕێککەوتنێکیشدا هیچ گەرەنتییەک بۆ جێبەجێکردنی و ئەوەی ئەمریکا هێرش نەکاتە سەر ئێران نییە. جگە لەوەش ئیسرائیل وەک یاریزانی سەرەکیی ناوچەکە لەم ڕۆژانەدا نیشانی داوە کە هەرگیز نایەوێت ئایندە و ئاسایش و سەقامگیریی وڵاتەکەی بەستراو و گرێدراوی تاقمێک ڕێکەوتنامەی ناڕوون و نادیار بێت و دەیەوێت ڕێوشوێنی پێشوەختە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی بگرێتەبەر و ئامادەی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بێت.

لە گۆڕەپانی نێوخۆییدا، چاوخشاندنێکی کورت بە پێشهاتەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بە ڕوونی دەریدەخات کە، یەکەم؛ ماوەی نێوان ناڕەزایەتییەکان بە شێوەیەکی ئاشکراو و ڕوون کورتتر و کورتتر بووەتەوە. دووەم؛ ماوەی بەردوامی ناڕەزایەتییەکان و لەسەرشەقام بوونی نەیاران ڕێژیم لە هەر قۆناغێکدا بە بەراورد بە قۆناغی پێشووتر زیادی کردووە و لە کۆتاییدا ڕادەی بەشداربووانی ناڕەزایەتییەکان و فرەچەشنیان لە هەر قۆناغێکدا بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. بەشێوەیەکی گشتی دوای هەر ناڕەزایەتییەک، ناڕەزایەتییەکی بەرفراوانتر و گەورەتر ڕوویداوە، هاوکات بەدواداچوونەوە بۆ پرۆسەی ئەو ناڕەزایەتیانە دەریدەخات کە هەرکام لە ناڕەزایەتییەکان زۆر ڕادیکاڵتر و شۆڕشگێڕانەتر بوون بەراورد بە ڕووداوی پێشووتر. ئەم پرۆسەیە کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری گرتنەبەری هەرچەشنە دەستپێشخەرییەک بۆ پێشبینیکردنی بارودۆخی داهاتوو بێبەش دەکات.

بەدواداچوون و لێکدانەوەی بۆ پێشهاتەکانی ساڵانی ڕابردوو، چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەوە دەردەخات کە قەیران و ئاژاوە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی سیاسی کۆماری ئیسلامی. قەیران و ئاژاوە ئێستا وەک خانە شێرپەنجەییەکان سەراسەر جەستەی نەزار و لاوازی ڕێژیمیان داگرتووە. ئەم شێرپەنجە کوشندە و ڕووخێنەرە هیچ هێزێکی بۆ ڕێژیمی لە حال گیانەڵڵای کۆماری ئیسلامی نەهێشتۆتەوە. ئێستا تەنانەت کوشتنی چەند هەزار کەسی و پاشەکشەکردن و پاشگەزبوونەوە لە دروشم و ئایدیالی پووچ و خەیاڵی ناتوانێت دەسەڵاتی نوقمبوو لە قەیران و ئاژاوە ڕزگار بکات. شێرپەنجە گەیشتووە قۆناغی کوتایی! ئێستا نۆرەی داڕمان و لەکارخستنی ئەندامەکانە، یەک لە دوای یەک!


بڕینەوە و دوورخستنەوەی ئەندامە تووشبووەکان تاکە چارەسەرە! مردنێکی پڕ لە ئازار چاوەڕێی کۆماری ئیسلامی دەکات!

# کاتێک جیهان گەیشتە ڕاستییەکەی کورد

## پێشمەرگە و نیو سەدە بەرەنگاربوونەوەی "تیرۆری دەوڵەتی"



ئاگری باڵەکی



بڕیاری پەرلەمانی ئورووپا بۆ ناساندنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، تەنیا بڕیارێکی سیاسیی کاتی نییە، بەڵکوو گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵە لە تێڕوانینی جیهان بۆ چەمکی "تیرۆری دەوڵەتی". ئەم بڕیارە لە کاتێکدا دێت ناوچەکە و جیهان لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدان، بەڵام بۆ گەلی کورد و بەتایبەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەمە "دانپێدانانێکی پاشوەختە" بە ڕاستییەکی مێژوویی کە کورد ٤٧ ساڵە هاواری بۆ دەکات. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەوەی چۆن پێشمەرگە وەک هێزێکی دێموکراسیخواز، بووەتە یەکەم و تەنیا هێز لە ناوچەکەدا کە بۆ ماوەی نیو سەدە بەبێ دابڕان و بەبێ چۆکدادان لە بەرانبەر گەورەترین دەزگای تیرۆر لە جیهاندا وەستاوەتەوە.

### پێشمەرگە؛ پێشەنگی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر

لە کاتێکدا جیهانی ڕۆژاوا بۆ ماوەی چەندین دەیە لەسۆنگەی "بەرژەوەندییە دیپلۆماسییەکان" و "ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکان" چاوی لە ڕەفتارەکانی سپای پاسداران دەپۆشی، پێشمەرگە کوردستان باجی قورس دەدا بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە چەسپاندنی ئەو سیستەمە سەرکوتکەرەی سپای پاسداران نوێنەرایەتیی دەکات. ئەمڕۆ کە ئورووپا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی سپای پاسداران سەرچاوەی ناسەقامگیری و تیرۆرە، پێویستە ئەو ڕاستییە مێژووییە تۆمار بکرێت: پێشمەرگە هەرگیز یاخی نەبووە، بەڵکوو قەڵغانی بەرگری بووە لە بەرانبەر تیرۆرێک کە ئێستا سنوورەکانی بڕیوە و گەیشتووەتە نێو جەرگەی ئورووپا.

شەڕی پێشمەرگە و سپای پاسداران تەنیا شەڕی دوو هێزی سەربازی نەبووە، بەڵکوو شەڕی دوو عەقڵییەت بووە. لە ساڵی ١٣٥٧دا، کاتێک خەڵکی کوردستان داوای دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی دەکرد، خومەینی لە ڕێگەی فەرمانی "جیهاد" و دامەزراندنی سپای پاسدارانەوە، وڵامی ئەو داخوازییانەی دایەوە. لەو کاتەوە، پێشمەرگەی کوردستان (بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) تێگەیشت کە ئەم سپایە نەک هەر بۆ سەرکوتکردنی کورد، بەڵکوو وەک ئامرازێک بۆ هەناردەکردنی شۆڕش و تیرۆر بۆ هەموو جیهان دامەزراوە. پێشمەرگە لەو سەردەمەدا بە تەنیا لە شاخەکاندا دەجەنگا، لە کاتێکدا جیهانی دەرەوە سپای پاسدارانی وەک "هێزێکی شۆڕشگێڕی نوێ" دەبینی. ئەمڕۆ، دوای ٤٧ ساڵ، کاتێک ئورووپا دەڵێت ئەم سپایە تیرۆریستە، لە ڕاستیدا پەسندی ئەو تێڕوانینە دەکات کە پێشمەرگە نیو سەدە لەمەوبەر هەیبوو. ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کورد پێشەنگی ناسینی تیرۆر بووە لە ناوچەکەدا.

### سپای پاسداران؛ تیرۆری بێ سنوور

یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە وای کرد ئورووپا ئەم بڕیارە بدات، تێوەگلانی سپای پاسداران بوو لە تیرۆری نێودەوڵەتیدا. بەڵام کێ قوربانیی یەکەمی ئەم تیرۆرە بوو؟ مێژوو شایەتە کە سەرکردە مەزنەکانی کورد وەک د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن و د. سادق شەرەفکەندی لە بەرلین، دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و دوو ڕێبەری گەورەی بزووتنەوەی کورد بوونە قوربانیی تیرۆری ڕاستەوخۆی ئەم دەزگایە. سپای پاسداران تیرۆری گواستەوە بۆ نێو جەرگەی ئورووپا، لە کاتێکدا پێشمەرگە لە نێوخۆی کوردستان ئەرکی گرینگی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی کەوتبووە ئەستۆ.

ئەمڕۆ کە سپای پاسداران دەچێتە نێو لیستی تیرۆرەوە، پێویستە جیهان بزانێت پێشمەرگە نەک هەر لە مەیدانی جەنگدا، بەڵکوو لە مەیدانی دیپلۆماسیشدا قوربانیی ئەم تیرۆرە بووە. ئەم بڕیارە نوێیە شەرعییەت دەداتەوە بەو خەباتەی دەیان ساڵە لەژێر ناوی "یاخیبوون" یان "شەڕی نێوخۆ" نێو دەبرا، بەڵام لە ڕاستیدا "بەرگرییەکی ڕەوا بوو لە بەرانبەر تیرۆریزم".

### پێشمەرگە وەک پارێزەری بەها دێموکراتییەکان

پێویستە لێرەدا پرسیارێک بکەین: بۆچی پێشمەرگە لە بەرانبەر ئەو هەموو گوشارەدا چۆکی دانەدا؟ سپای پاسداران لە ڕێگەی تیرۆر، لەسێدارەدان، بۆردومانی مووشەکی و درۆنی، و گوشار خستنە سەر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەوڵی داوە پێشمەرگە بێدەنگ بکات. بەڵام پێشمەرگە تەنیا وەک هێزێکی چەکدار نەمایەوە، بەڵکوو بووە سیمبۆلێکی سیاسی. لە کاتێکدا سپای پاسداران خەریکی دروستکردنی گرووپە میلیشیاکان بوو بۆ تێکدانی سەقامگیری ناوچەکە (لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن)، پێشمەرگە هەمیشە وەک هێزێکی ڕێکخراو، پابەند بە یاسا نێودەوڵەتییەکان و پارێزەری پێکەوەژیان مایەوە. ئەمە ئەو جیاوازییە گەورەیە بوو کە وای کرد ئەمڕۆ پێگەی پێشمەرگە وەک "هاوبەشی دژە تیرۆر" و پێگەی سپای پاسداران وەک "تیرۆریست" بناسرێت.

لە ئێستاشدا ئەم بڕیارەی ئورووپا ئەرکێکی قورسیش دەخاتە سەر شانی کورد. پێویستە بزووتنەوەی سیاسی کورد و هێزی پێشمەرگە ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ:

١. بەنێودەوڵەتیکردنی دۆسیە یاساییەکان: چیتر نابێت تیرۆری ڕێبەران و بۆردومانی بارەگاکانی پێشمەرگە وەک کێشەی نێوان حیزبێک و دەوڵەتێک ببینرێت، بەڵکوو دەبێت وەک تاوانێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی لە دادگاکاندا بجوڵێنرێت.

٢. داوای پشتگیریی لۆجستیک: کاتێک پێشمەرگە دژی "ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی ناسراو" شەڕ دەکات، مافی خۆیەتی داوای پاراستنی نێودەوڵەتی و سیستەمی بەرگری بکات بۆ بنکە و بارەگاکانی.

٣. یەکخستنی گوتاری سیاسی: پێویستە کورد بە جیهان بڵێت کە تەنیا هێزێک کە توانای هەیە لەسەر زەوی هاوسەنگیی هێز لە بەرانبەر تیرۆری سپای پاسداران ڕابگرێت، پێشمەرگەیە.

### دەرەنجامی ستراتیژی و بەرەو ئاسۆیەکی نوێ

ئەو ٤٧ ساڵەی پێشمەرگە لە بەرانبەر سپای پاسداران وەستایەوە، مێژوویەکی پڕە لە داستان و قوربانیدان. ئەمڕۆ کە سپای پاسداران دەخرێتە گۆشەگیرییەکی نێودەوڵەتییەوە، دەردەکەوێت کە ڕوانگەی سیاسیی کورد بۆ ناوچەکە ڕاستتر بووە لە ڕوانگەی زۆرێک لە دەوڵەتە زلهێزەکان.

پێشمەرگە نیشانی دا هەڕەشەی تیرۆر تەنیا لە گرووپێکی بچووکی وەک "ئەلقاعیدە" یان "داعش"دا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو مەترسیدارترین جۆری تیرۆر ئەوەیە دەوڵەتێک و سپایەکی فەرمی لە پشتی بێت. خۆڕاگریی پێشمەرگە لە بەرانبەر ئەم دەزگا گەورەیە، نەک هەر جێگەی شانازییە بۆ کورد، بەڵکوو وانەیەکە بۆ هەموو ئەو گەلانەی کە دەیانەوێت لەپێناو ئازادی و دێموکراسیدا بجەنگن.

بڕیاری ئورووپا سەرەتای کۆتاییە بۆ ئەو شەرعییەتە ساختەیەی سپای پاسداران هەیبوو. لە بەرانبەردا، ئەمە سەرەتای سەردەمێکی نوێیە بۆ ناساندنی پێشمەرگە وەک "قەڵغانی ئاشتی و دێموکراسی". ٤٧ ساڵ خۆڕاگری بێ چۆکدادان، ئەمڕۆ بەرهەمەکەی دەبینرێت؛ جیهان گەیشتە ئەو شوێنەی کورد نیو سەدە پێش ئێستا لێی بوو. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەک تەنیا بە بڕیاری سەر کاغەز، بەڵکوو بە کردەیی پشتیوانی لەو هێزە (پێشمەرگە) بکات کە ٤٧ ساڵە بە تەنیا و بەبێ چۆکدادان، بەرگری لە شکۆ و ئازادی کردووە؛ پێشمەرگە کە لە تاریکترین ڕۆژەکاندا مەشخەڵی دژایەتی تیرۆری بە بەرزی ڕاگرت. پێشمەرگە سەلماندی کە "حەق و ڕەوایی" لە کۆتاییدا بەسەر "زەبر و زەنگ"دا سەردەکەوێت.

درێژەی لاپەڕەی ٩

... چالاکییە کۆمەڵایەتی و مەدەنییە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئاستێکی فراوانتر.

– دەرکەوتن وەک ڕەمزێکی نیشتمانی: بە مۆدێلکردنی کۆمەڵایەتی – ئەخلاقی پێشمەرگە و دەرکەوتنی پێشمەرگە وەک ڕەمز و براندێکی نیشتمانی لە شێوازە ڕەفتارییەکانی نەوەی نوێ و گەنجاندا.

#### ڕاگەیاندنی ڕەمزیی ٢٦ی سەرماوەز

لەو ماوەیەدا ٢٦ی سەرماوەز بە فەرمی وەک "ڕۆژی پێشمەرگە" دامەزرا. گرنگی ئەم ڕۆژە ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێ:

ئا. یادکردنەوەی مێژووی بەرخۆدانی پێشمەرگە.

ب. ڕێزگرتن لە ئازایەتی و قوربانیدانی نەوەکانی ڕابردوو.

ج. بەرهەمهێنانەوەی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

#### ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و شەرعییەت

جگە لە ڕۆڵی کولتووری، نەوەی نوێی پێشمەرگە (لە هەردوو پێناسەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا) ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیان بەهێزتر کرد:

– نێوەندگیری نێوخۆیی: چارەسەرکردنی ناکۆکی و بەڕێوەبردنی قەیرانە نێوخۆییەکان.

– پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی: یارمەتیدانی خێزانە زیان لێکەوتووەکان و ئاوارەکان.

– دروستکردنی تۆڕی مەدەنی: هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە نێوخۆییەکان و پەرەپێدانی چالاکییە مەدەنییەکان.

– بەهێزکردنی کولتووری بەشداریکردنی گشتی: هاوکاریی ژینگەیی، مرۆڤدۆستانە و کۆمەڵایەتی ئاراستەکراو.

– مارکەی نیشتمانی: پێناسەیەکی نوێ بۆ پێشمەرگە وەک مۆدێلێکی فراوانتر لە هێزێکی ڕێکخراوەیی و ڕەمزی نەتەوەیی، بە ڕوونکردنەوەی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لەناو بازنەی ئەم وشە و زاراوەیەدا.

ئەمڕۆ وشەی پێشمەرگە لە پێناسەی کلاسیکی و ڕێکخراوەییەکان تێپەڕیوە و زیاتر لە حەوت دەیە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئایدیالی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مێژوویی نەتەوەی کورد، دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناچار بە دووپاتە پێناسەکردنەوەی ئەو چەمکە کردوە؛ چونکی لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی جێی سەرنج، ڕوون و حاشا هەڵنەگرە کە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە کە هەنگاو دەنێتە سەر ڕێبازی چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری – هونەرییەکان، بە نائاگایی یان بە ئاگاییەوە، بەشێوەیەکی دەرەکی، چ لە گوتاری ڕۆژانەدا، چ لە جلوبەرگ و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەدا، بەرەو خۆگونجاندن لەگەڵ ئێلێمێنتەکانی پێشمەرگەدا دەجوڵێتەوە؛ بە زاراوەیەکی سادەتر، چاکسازیخوازانی کۆمەڵایەتی، چالاکانی مەدەنی، چالاکانی فەرهەنگی و ئەوانەی لە پیشەیەکدان کە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکاندا پەیوەندییان بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، خۆیان بە پێشمەرگە، پێشەنگ و پەرستراوی ئەم میللەتە دەزانن؛ چونکە وشەی پێشمەرگە بە جوانترین جلوبەرگی مێژووی نەتەوەی کورد دەزانن. و لە ئێستادا پرسیار ئەوەیە کە کێ لەم کۆمەڵگەیەدا دەتوانێ بە قەڵەم یان کردەوە حەقی خۆی بە وشە و مانای پێشمەرگە بدا؟

دارسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# پرۆژە یاسایەک بۆ سەرەوبنکردنەوەی لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتی و تۆزێک بە وردی لەو تیۆرییە "داروینیۆ" و "مارویینی"یانە ڕابمێنین کە باس لە ڕەچەڵەکی ئێمە دەکەن، دەگەینە دەرەنجامێکی سەرنجڕاکێش. زانست پێمان دەڵێت باپیرە گەورەکانمان، جا چ ئەوانەی لە ئەشکەوتی شانەدەر ئێسک و پروسکیان دۆزراوەتەوە و چ ئەوانەی لە شوێنانی دیکە بوون، بەو ڕێک و پێکییەی ئێستا نەبوون. وادیارە مرۆڤ میلیۆنان ساڵی ویستووە تا فێر بێت لەسەر "چوارپێ" نەڕوات و وردە وردە، بە ئازار و مەینەتییەکی زۆرەوە، پشتی ڕاست کردووەتەوە و لەسەر "دوو پێ" وەستاوە. ئەم ڕاستبوونەوەیە تەنیا بۆ ئەوە نەبووە بالای بەرزتر دەربکەوێت، بەڵکوو حیکمەتێکی فسیۆلۆژی و ئەخلاقیی تێدا بووە: جیاکردنەوەی "سەر" لە "ژێر"؛ واتە بەرزکردنەوەی ئاستی دەم و چاو بۆ ئاسۆیەکی بەرزتر و دوورخستنەوەی لەو بەشەی خوارەوە کە ئەرکەکەی دیارە.

با ئەم پێشەکییە زانستییە لێرەدا ڕاگرین و باز بدەین بۆ سەر تێڕامانێک لە ئامێرەکان؛ بۆ نموونە سەماوەر، ترمۆس، یان تەنانەت تەنکیی ئاو. خوێنەری زیرەک ڕەنگە بپرسێت: "ئەرێ کاکە، پەیوەندیی نێوان داروین و سەماوەر چییە؟" وەک دراوسێ فارسەکانمان دەڵێن: داروین و "کوجا مەرحەبا؟". بەڵام پەلە مەکەن، پەیوەندییەکە زۆر لەوە بەهێزترە بیری لێ دەکەنەوە. هەموو ئەم ئامێرانە، هاوشێوەی مرۆڤ، خاوەنی ورودی و خرووجین؛ یانی سەرێک بۆ تێکردن و ژێرێک بۆ دەرچوون. لە ئەندازیاریی دروستکردنی سەماوەر و مرۆڤیشدا، ئەم یاسایە پارێزراوە: ئەوەی پاکە و دەچێتە ژوورەوە لە سەرەوەیە، ئەوەشی پاشەڕۆیە و دەبێت فڕێ بدرێت، دەکەوێتە خوارەوە.

لای مرۆڤ، "دەم" تەنیا دەرچەیەک نییە بۆ خواردن، بەڵکوو سیمبولی جوانی و پێگەیشتنە. مرۆڤەکان، بەتایبەت خانمان، پارەیەکی خەیاڵی دەدەن بە "فیلەر" و بۆیە (ڕەنگ) و جوانکاری بۆ ئەوەی ئەم ئەندامەی سەرەوەیان (دەم) جوانترین دیمەنی هەبێت. دەم شوێنی دەرچوونی وشەی جوان، گۆرانی، شیعری ناسک، ماچ و دەربڕینی خۆشەویستییە. لە بەرانبەردا، ئەو شوێنەی دیکە کە دەکەوێتە خوارەوەی پشتێن، هەمیشە داپۆشراوە و مرۆڤ بە شەرمەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات و تەنیا بۆ "فڕێدان" بەکاری دەهێنێت. تا ئێرە هەموو شتێک سروشتییە و ئەو میلیۆنان ساڵەی پێگەیشتن واتە تکامول بەفیڕۆ نەچووە.

بەڵام، کارەساتەکە کاتێک ڕوو دەدات کە کۆمەڵێک مرۆڤ بڕیار دەدەن پێچەوانەی ڕەوتی مێژوو و ئەندازیاریی جەستە بجوڵێنەوە. لەم دواییانەدا، جۆرە گۆڕانکارییەکی مەترسیدار لە جەستە و دەروونی بەشێک لە "لایەنگرانی دەسەڵاتی پاشایەتی و دیکتاتۆریی" ئێرانییەکان بەدی دەکرێت. وادیارە لای ئەم بەڕێزانە، سیستەمی لوولەکێشیی جەستە تووشی هەڵە بووە و "دەم" و "کونی خوارەوە" ئەرکەکانیان ئاڵوگۆڕ کردووە!

ئەم توێژە، کاتێک دەم دەکەنەوە بۆ بەرگریکردن لە "شازادە" و "پاشا"کانیان، ئەوەی لێی دێتە دەرەوە وشە و ڕستە و قسەی مەنتیقی نییە، بەڵکوو ڕێک ئەو ماددانەیە کە دەبێت لە ئاودەستدا فڕێ بدرێن. جوێن، سووکایەتی، بێڕێزی و قسەی وا مرۆڤ شەرم دەکات گوێی لێ بێت، وەک لافاو لە دەمی ئەم بەڕێزانەوە دەڕژێتە دەرەوە. مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێت: ئەرێ بەڕاست ئەمە دەمە یان زێراب؟ چۆن دەکرێت ئەو ئەندامەی بۆ ماچ و شێعر دروست کراوە، بکرێتە پێشانگای نمایشکردنی پیسی؟

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەتە بە لایەنگرانی دیکتاتۆرییەت لەم ئێرانە. ئەگەر سەیرێکی لایەنگرانی پاشایەتی لە وڵاتانی وەک بەریتانیا، نۆرویژ، سوید، ئیسپانیا یان ژاپۆن بکەیت، دەبینیت ئەوان هێشتا بە یاساکانی بایۆلۆژییەوە پابەندن. لای ئەوان "دەم" هەر دەمە و "خوارەوە"ش هەر خوارەوەیە. کاتێک باس لە پاشاکەیان دەکەن، بە زمانی گوڵ قسە دەکەن، نەک بە زمانی زێراب. کەچی لای برادەرانی ئێمە، خۆشەویستی بۆ دەسەڵات واتە کردنەوەی دەم بە ڕووی خەڵکدا و پژاندنی پاشەڕۆ. جا بۆ ئەوەی ئەم پەتایە تەشەنە نەسێنێت و ڕەنجی ملیۆنان ساڵەی باپیرە "نیاندرتاڵ"ەکانمان بە هەدەر نەچێت، پێشنیارێکی زانستی و پراکتیکیمان هەیە. مادام ئەم بەڕێزانە وک لایەنگرانی کوێری دەسەڵات بڕیاریان داوە ئەرکی دەمیان بگۆڕن بۆ ئەرکی خوارەوە، باشترە لە ڕووی جەستەییشەوە لەگەڵ ئەو واقعەدا بگونجێن.

پێشنیار دەکەین ئەم گروپە لەمەودوا "سەرەوبن" ببنەوە؛ واتە لەسەر دەست بڕۆن و قاچەکانیان بەرز کەنەوە بۆ ئاسمان. بەم شێوەیە، دەمیان کە ئێستا بووەتە سەرچاوەی دەرکردنی پاشەڕۆ و پیسی، دەکەوێتە نزیک زەوی و وەک ئاوەڕۆیەک کاری خۆی دەکات، و بەشەکەی دیکەشیان کە ڕەنگە لە دەمیان پاکتر بێت، بەرز دەبێتەوە بۆ سەرەوە. بەمەش هاوسەنگیی ژینگەیی دەگەڕێتەوە جێگەی خۆی و لەمەودوا کەس بەهەڵەدا ناچێت ئاخۆ ئەوەی دەردەچێت قسەیە یان شتێکی دیکە!

ئەوەی مرۆڤانە بیر دەکاتەوە پێی باشە دەم بۆ نانخواردن و ماچکردن و گۆرانی و هونەر و خۆشەویستی بێت و ئەوەی دەیەوێت پیسی بکات، با بفەرمووێت بەرەو سەروبن بوون.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 913 19 February 2026

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500 FEc : 3/4

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ڕزگاری یان ئازادی؟



ئارام کەیخوسرەوی

**پێشەکی**

مێژووی هاوچەرخی جوگرافیای سیاسی لە ئێران، مێژووی دووبارەبوونەوەی ستەمکاری بووە. دیالێکتیکی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە هەمیشە لەناو بازنەیەکی داخراودا خولاوەتەوە؛ بازنەیەک کە تێیدا کۆمەڵگە لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو ڕاپەڕین و لە ڕاپەڕینەوە بەرەو دیکتاتۆرییەکی نوێ هەنگاو دەنێت. ئەم خولانەوە بێهوودەیە لە شۆڕشی مەشرووتەوە دەست پێ دەکات و دەگاتە دیکتاتۆریی پەهلەوی، لە ڕاپەڕینی دژی پەهلەویشەوە دەگاتە دەسەڵاتی ئایینیی (تیۆکراسی) خومەینی.

ئەو جەمسەربەندییەی ئەمڕۆ لە شەقامی ئێرانیدا دەبینرێت، کە تێیدا بەشێک لە کۆمەڵگە دوای ئەزموونی تاڵی دەسەڵاتی ئایینی، دووبارە تووشی خەونی گەڕانەوە بۆ سیستەمی پاشایەتی بوونەتەوە، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم کۆمەڵگەیە هێشتا نەیتوانیوە لەم بازنەیە دەرباز بێت. لەم نێوەدا، پرسی کوردستان وەک نەتەوەیەکی پەراوێزخراو لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا وەستاوە. پێویستە کوردستان بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە، خۆی لەو بازنە داخراوەی ئێران داببڕێت.

گریمانەی ئەم وتارە ئەوەیە کە لە قۆناغی گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکاندا، دەبێت جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان چەمکی "ڕزگاری" و "ئازادی"دا بکرێت. لەم سۆنگەیەوە، ئازادی بریتییە لە بونیادنانی دامەزراوە و سیستمێکی سیاسیی فرەخواز (پلۆڕاڵ)، بەڵام ڕزگاری کردەیەکی سیاسی و مەیدانییە بۆ کۆنترۆڵکردنی خاک لە چرکەساتی بۆشایی دەسەڵاتدا. بە واتایەکی تر، ئازادی لەناو جوگرافیای سیاسیی ئێراندا وەک پرۆژەیەکی درێژخایەن مانا دەگرێت، بەڵام ڕزگاری لە بەستێنی کوردستاندا وەک ستراتیژییەکی هەنووکەیی پێناسە دەکرێت. کوردستان پێویستە لە ساتەوەختی بۆشایی دەسەڵاتدا، "ڕزگاریی نەتەوەیی" بخاتە پێش هەموو جۆرە هاوپەیمانییەکی وەهمی لەگەڵ هێزە ئێرانییەکاندا.

**ڕاکردن لە ئازادی**

ئێریک فرۆم باس لەوە دەکات کە ئازادی، وێڕای ئەوەی مافێکی سروشتییە، هاوکات بارێکی قورسی "بەرپرسیارێتی" دەخاتە سەر شانی تاک. دابڕانی مرۆڤ لە پەیوەندییە نەریتییەکان و سیستەمە کۆنەکان، ئەگەرچی مەودای ئازادییەکانی زیاتر دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا مرۆڤ تووشی جۆرێک لە "تەنیایی" و دڵەڕاوکێ دەکات. لە چرکەساتی ڕزگاربوون لە سیستەمێکی دیکتاتۆری، کۆمەڵگە خۆی لەبەردەم بۆشاییەکی گەورەی ناسنامە و دەسەڵاتدا دەبینێتەوە.

لێرەدا کۆمەڵگە لە نێوان دوو ڕێگەدایە: یان بە تێکۆشان "ئازادیی ئەرێنی" (بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتیک) پیادە بکات، یان بۆ هەڵهاتن لەم تەنیایی و بەرپرسیارێتییە، پەنا بباتەوە بەر دیکتاتۆرێکی نوێ و بە شێوەیەکی خۆبەخشانە "کۆیلایەتییەکی نوێ" هەڵبژێرێت. مێژووی سیاسیی ئێران وێنەیەکی ڕوونی ئەو ململانێیە نیشان دەدات کە تێیدا ئێرانییەکان بەردەوام لە نێوان "ئاسایش" و "ئازادی"دا، ئاسایشی ژێر سێبەری دیکتاتۆرییان هەڵبژاردووە.

ئەم ترسە لە بەرپرسیارێتیی ئازادی، لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا ئەوانی بەرەو "کۆیلایەتییەکی خۆبەخشانە" بردووە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، کۆمەڵگە بۆ ڕزگاربوون لە سیستەمی پاشایەتی (ئازادیی نەرێنی)، وێنەی خومەینی لە مانگدا بینی و خۆی ڕادەستی "باوکێکی ئایینی" کرد. ئەمڕۆش بەشێک لەو کۆمەڵگەیە، بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئایینی، دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ هەمان ئەو سیستەمەی کە جارێک لێی ڕاپەڕیبوون؛ تەنانەت ڕەزا پەهلەوی بە ڕاشکاوی مۆدێلی "باوکسالاری" دەخاتە ڕوو کاتێک دەڵێت: "من باوکم". ئەمە نیشانەی شکستە لە بونیادنانی "ئازادیی ئەرێنی" و ڕاکردنە بەرەو ئاسایشی وەهمی لەژێر سایەی "باوکێکی مێژوویی".

ئەم تێڕوانینە دەروونییە لای هۆمایۆن کاتوزیان ڕەهەندێکی مێژوویی وەردەگرێت. کاتوزیان ئێران وەک "جڤاکێکی کورتخایەن" یان "کۆمەڵگەی کلنگی" پێناسە دەکات. لەبەر ئەوەی یاسا و دامەزراوەکان جێگیر نین، هەر سیستمێک دێت هەموو دەستکەوتەکانی پێش خۆی ڕادەماڵێت و لە خاڵی سفرەوە دەست پێ دەکاتەوە. بە بڕوای کاتوزیان، مێژووی ئەم وڵاتە بازنەیەکی بێهوودەیە لە نێوان: دیکتاتۆری، ڕاپەڕین و سەرلەنوێ بونیادنانی دیکتاتۆرییەکی دیکە.

بەڵام خاڵە هەرە جەوهەرییەکە لێرەدایە: ئەم جڤاکە ئەگەرچی "کورتخایەن"ە، بەڵام لەسەر یەک بنەما زۆر "درێژخایەن" و پێداگرە، ئەویش: نکۆڵیکردن لە فرەنەتەوەییبوونی ئەم جوگرافیایەیە. لێرەدا کۆدەنگییەکی تەواو لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندا هەیە. پرسیاری جەوهەری ئەوەیە، کورد لەم بوارەدا دەبێت چ سیاسەت و ستراتیژێک بگرێتە بەر؟

**ڕزگاری یان ئازادی؟**

کوردستان لە مێژووی سیاسیی خۆیدا، هەمیشە ناسنامەی بزاڤەکەی وەک "بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی" پێناسە کردووە. ئەم پێداگرییە لەسەر چەمکی ڕزگاری (Liberation)، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ ئامانجی ڕزگارکردنی خاکی کوردستان لە ژێردەستەیی. لەم چوارچێوەیەدا، هێزی پێشمەرگە وەک هێما و بکەری سەرەکیی پرۆسەی "ڕزگاری" دەردەکەوێت. ئەرکی مێژوویی پێشمەرگە لە ساتەوەختی وەرچەرخانەکاندا پیادەکردنی کردەیی ڕزگارییە لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی فیزیکیی خاک و پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی.

ئەزموونی مێژوویی پێمان دەڵێت کە بەبێ ڕزگاریی مەیدانیی خاک، هەر جۆرە باسێک لە "ئازادی" لە ناوەندەوە، تەنیا دروشمێکی بێ ناوەڕۆکە. تەنانەت ئەگەر بمانەوێت باس لە بونیادنانی جوگرافیایەکی فرەنەتەوە لە ئێران بکەین لەسەر بنەمای "دیموکراسیی جیاوازیخواز" (Agonistic Democracy) کە تێیدا ململانێ و جیاوازییەکان وەک ناسنامەی سیاسی قبووڵ دەکرێن نەک وەک دوژمنایەتی؛ ئەمە تەنیا کاتێک دەبێتە ڕاستی کە کوردستان وەک ئەمری واقیعێکی (De facto) سیاسی و سەربازی خۆی بسەپێنێت.

دیموکراسیی ڕاستەقینە لەگەڵ ناوەندێک کە هەمیشە لە ئازادی ڕادەکات، لە ڕێگەی "وتوویژ و پاڕانەوە" بەدی نایەت، بەڵکو لە ڕێگەی "هێز و سەپاندنی ئەمری واقیع"ەوە دروست دەبێت. بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە لایەنێکی کاریگەر لە هەر پرۆژەیەکی گریمانەیی دیموکراتیکدا، دەبێت سەرەتا خاکی خۆی بەدەستەوە بێت.

ڕزگاریی خاک لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، تەنیا هەنگاوێکی سەربازی نییە، بەڵکو مەرجی پێشوەختەی هەر جۆرە ئازادییەکی سیاسییە. بەبێ سەپاندنی کوردستان وەک قەوارەیەکی ڕزگاربوو و خاوەن خاک، هیچ جۆرە دیموکراسییەک لە ناوەندا ناتوانێت ناسنامەی نەتەوەیی کورد گەرەنتی بکات. ڕزگاریی خاک بوارێکی فراوان دەداتە بزاڤی سیاسیی کوردستان کە لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتوودا، لە خۆبەڕێوەبەرییەوە تا سەربەخۆیی، بتوانێت سیاسەت بکات.

بە کورتی؛ کوردستان لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدایە؛ بۆ ئەوەی نەبێتە قوربانیی دووبارەبوونەوەی بازنەی دیکتاتۆری لە ئێراندا، دەبێت ستراتیژیی خۆی لە "چاوەڕوانی بۆ دیموکراسیی ناوەند"ەوە بگۆڕێت بۆ "سەپاندنی ئەمری واقیعی ڕزگاری". ڕزگاریی خاک وەک دەستکەوتێکی فیزیکی و مەیدانی، تەنیا زامنێکی ڕاستەقینەیە کە ڕێگە نادات ئازادییەکانی داهاتووی کوردستان جارێکی دیکە لەژێر پێی "دەسەڵاتێکی نوێ" یان ناوەندگەراییەکی نوێدا پێشێل بکرێن. بە کورتی، بەبێ ڕزگاریی پێشوەختە، ئازادی لەگەڵ ناوەند تەنیا وەهمێکی سیاسییە.

[ئەم وتارە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان-تیشک بڵاو بۆتەوە]

بەر لە ماڵاوایی

# زمانی دایک، قەڵای ئازادی: بەرخۆدانێکی کولتووری بۆ مافی چارەنووس



ئەسکەندەر جەعفەری

لە ساڵنامەی جیهانیدا ڕۆژی زمانی دایک تەنیا بۆنەیەکی کولتووری نییە. ئەم ڕۆژە وەبیرهێنەرەوەی پەیوەندیی قووڵی نێوان زمان و شوناس و کەرامەتی مرۆڤە. وەک یونسکۆ جەختی لەسەر دەکاتەوە، فرەچەشنیی زمانەوانیی کۆمەڵگە، میراتی هاوبەشی مرۆڤایەتییە و پاراستنیشی بەشێک لە پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە. بەڵام بۆ هەندێک نەتەوە وەک کورد ئەم ڕۆژە تەنیا دروشمێکی کولتووری نییە. ڕۆژی زمانی دایک ڕۆژی خۆڕاگری لە دژی نکۆڵیکردن و ئاسمیلەبوون و سیاسەتە کۆلۆنیالیستییە دێرینەکانە کە زمانی کوردییان لە پێناو بێدەنگکردنی نەتەوەی کورد کردووەتە ئامانج.

لە جوغرافیای کوردستاندا زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو قەڵای یەکەمی پاراستنی بوونی نەتەوەیە. لە سەدەکانی ڕابردوودا حکوومەتەکان لە ڕێگەی سیاسەتی ئاسمیلەکردن و قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و گۆڕینی ناوی شار و گوند و شەقام و شاخ و هەر شتێک کە ناسنامەی کوردیی پێوە بوو، هەوڵی شکاندنی ئەو قەڵایەیان داوە. ئەزموونی مێژوویی کورد ئەوە دەردەخات کە هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی زمانی دایکی پێشمەرجێک بۆ بێبەشکردن لە بواری سیاسی و ئابوورییدایە. چونکە زمانێک کە لە پەروەردە و ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەریی وڵاتدا بێبەش کراوە، وردە وردە لە یادەوەریی فەرمی و دواتر لە مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆی دوور دەخرێتەوە.

تێڕوانینی دژە فاشیستیی کورد بە وردی لەو ئەزموونە مێژووییەوە سەرهەڵدەدات. فاشیزم، بە هەموو شێوەکانیەوە، لەسەر حاڵاکردنی فرەچەشنی و سەپاندنی شوناسێکی باڵاتر بنیات نراوە. کاتێک دەوڵەت یان ئایدۆلۆژیای باڵادەست تەنیا یەک زمان و چیرۆکی پێ ڕەوایە، مافی ژیانی شوناسەکانی دیکە ڕەتدەکاتەوە. لە بەرامبەر ئەم لۆژیکە، پاراستنی زمانی دایک، کارێکی دێمۆکراتیک و دژە فاشیستییە. چونکە جەخت لەسەر بنەمای یەکسانیی کولتووری و مافی فرەچەشنیی کۆمەڵگا دەکات.

لە لایەکی دیکەوە پرسی زمانی کوردی لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شیکاری دەکرێت. دابەشبوونی خاکی کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا لەدوای ڕووخانی ئیمپراتووریی عوسمانی، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی نەتەوەی کورد، دەسەڵاتێکی داگیرکەری دروست کرد کە تیایدا کورد خرایە نێو دۆخێکی «دوورخراو»دا. لەم جۆرە هەلومەرجەدا زمان بووەتە هۆکاری سەرەکیی ململانێ. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە ئایا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە زمانەکەی لە کایەی گشتی و فەرمیدا بە کار بهێنێت؟ زۆر جار وەڵامی داگیرکەران نەرێنی بووە. ئەگەریش هەندێک جار وەڵامەکە بە ڕواڵەت ئەرێنی بووبێ، بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی جێبەجێ کراوە.

لێرەدا گرینگیی بیرۆکەکانی فرانتس فانۆن دەردەکەوێت. فانۆن لە شیکارییەکانیدا بۆ کۆلۆنیالیزم دەنووسێت کۆلۆنیالیست نەک هەر خاک داگیر دەکات، بەڵکو عەقڵ و زمانی نەتەوەی کۆلۆنیکراویش داگیر دەکات. بە بڕوای فانۆن، کۆلۆنیالیزم بە بێڕێزیکردن بە زمانی خەڵکی ناوچەی کۆلۆنیکراو و سەپاندنی زمانی داگیرکەر، جۆرێک لە خۆنامۆبوون لای نەتەوەی داگیرکراو دروست دەکات. فانۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕزگاریی نەتەوەیی، تەنیا پرۆسەیەکی سیاسی نییە بەڵکو گەڕانەوەی کەرامەتی کولتووری و زمانەوانیش لەخۆدەگرێت. ئەگەر ئەم شیکارییە لەسەر بارودۆخی کورد جێبەجێ بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە خەبات بۆ پەروەردە و دانپێدانانی زمانی کوردی بەشێک لە خەباتی ڕزگاریی نەتەوەییە.

ڕۆژی زمانی دایک دەرفەتێکە بۆ ئەوەی دووبارە ئەم پەیوەندییە ڕوون بکەینەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا کورد بە دامەزراندنی قوتابخانەی نافەرمی و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی و پەرەپێدانی ئەدەب و هونەری هاوچەرخ نیشانی دا کە زمانەکەی زیندووە. بەڵام ژیانی کولتووری، بەبێ گەرەنتیی مافە سیاسییەکان، هەمیشە لەژێر هەڕەشەدایە. تا ئەو کاتەی مافی چارەی خۆنووسین بە فەرمی نەناسرێت، هەر دەستکەوتێکی کولتووری دەتوانرێت بە فەرمانی سیاسی سنووردار بکرێت یان قەدەغە بکرێت.

بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، پرەنسیپی مافی چارەی خۆنووسینی گەلانیش پرەنسیپێکە کە لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دانپێدانراوە. ئەگەر نەتەوەیەک زمان و کولتوور و مێژوو و خاکێکی هاوبەشی هەبێت، ناتوانرێت لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش بکرێت. خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لەم چوارچێوەیەدا، خۆخافڵاندنێکی سیاسی نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ دەستەبەرکردنی هەمیشەیی مافە نەتەوەییەکان. ئەو مافانەی کە بریتین لە پەروەردە و بەڕێوەبردنی کوردستان و گەشەپێدانی ئابووری و پاراستنی ناسنامەی کولتووری.

ڕەخنەگرانی سەربەخۆیی، هەندێک جار ئەم هەوڵە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر سەقامگیریی ناوچەکە دەبینن، بەڵام ئەزموونەکان دەریانخستووە کە سەرکوتکردنی شوناسەکان و نکۆڵیکردن لە مافە نەتەوەییەکان هۆکاری سەرەکیی ناکۆکین. ئاشتیی ڕاستەقینە تەنیا کاتێک بەدی دێت کە پەیوەندی نێوان گەلان لە سەر بنەمای یەکسانی و ڕەزامەندیی یەکتر بن نەک بە زەبری هێز و ئینکار. لە ڕوانگەی زۆرێک لە چالاکانی کوردەوە، سەربەخۆیی، ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون و خۆپاراستن لە بەردەوامیی زوڵم و چەوساندنەوەیە. زوڵمێک کە تێچووی قورسی مرۆیی و ئابووریی بەسەر هەموو دانیشتوانی ناوچەکەدا سەپاندووە.

هاوکات زمانی دایک ڕۆڵی بڕبڕەی پشتی ئەم پرۆژە ڕزگارکەرە دەگێڕێت. ئەو زمانەی هەڵبەستی پێ دەنووسرێت و مێژوو دەگێڕێتەوە و خەونی ئازادی دەردەبڕێت، تەنیا ئامرازی پەیوەندیگرتن نییە، بەڵکو ئەوماڵەیە کە نەتەوەیەک خۆی تێدا دەناسێنێت. کاتێک منداڵ بتوانێت بە زمانی دایکی فێر بێت و بیر بکاتەوە و وەبەرهێنان بکات، هەستی گەشەکردن و متمانە بەخۆبوونی بەهێزتر دەبێت. بە پێچەوانەوە ئینکاری ئەم مافە کەلێنێکی قووڵ لە نێوان شوناسی تاک و بەکۆمەڵدا دروست دەکات. بۆیە بۆ کورد ڕۆژی زمانی دایکی بیرهێنانەوەیەکە کە ململانێی کولتووری و سیاسی لە یەک جیا ناکرێتەوە. مافی پەروەردە بە زمانی کوردی، دروستکردن و پاراستنی ڕاگەیاندنی سەربەخۆی کوردی و هەوڵدان بۆ ناساندنی ئەم زمانە لە هەموو ئاستەکانی دەستهەڵاتدا هەنگاوگەلێکن بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی. وەک فانۆن گوتی ڕزگاری بەبێ بنیاتنانەوەی کولتووری بەدی نایەت و کەموکورتیی خۆی هەیە. کولتووریش بەبێ دەسەڵاتی سیاسی بە لاوازی دەمێنێتەوە.

ئەمڕۆ لە جیهانێکدا کە زیاتر لە هەموو کاتێک باس لە فرەچەشنی و فرەکولتوری دەکرێت، تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی فرەچەشنی لە قبوڵکردنی گەلانی وەک کورددایە. ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەیە بنەماکانی یەکسانی و مافی چارەی خۆنووسین بپارێزێ؟ یان بەرژەوەندیی ژیۆپۆلیتیک، مافی گەلان پێشێل دەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئایندەی زمانی کوردی و چارەنووسی سیاسیی کوردستان دیاری دەکات. بەڵام ئەوەی نکۆڵیی لێ ناکرێ، ئەمەیە کە تا ئەو کاتەی کە زمان لە ناو نەچێ، خەونی ئازادی بەردەوام دەبێت. ڕۆژی زمانی دایکی بیرهێنانەوەی ئەم پەیوەندییە نەشکاوەی نێوان وشە و ئازادییە. پەیوەندییەک کە هیچ سیاسەتێکی ئینکارکەر ناتوانێت بیشکێنێت.